# نەوشەفەق 57

خاوەن ئیمتیاز:
**بەدران ئەحمەد حەبیب**

حوزەیران 2008

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری


دەشنووسم بۆ ئەوەی شت بۆخۆم بڵێمەوە، من خوێنەری خۆیشمم و لەگەڵ هەموو ڕۆمانێکی نوێدا چاوەڕێی خۆم دەکەم. ئەم ڕاستگۆییەشە هۆکاری زۆربوونی خوێنەرانمە لە هەموو تەمەنەکاندا، دەشتوانیت بڵێیت من بۆیە دەنووسم بۆ ئەوەی ئەو منداڵەش بدوێنم کە لە ناخی هەموویاندایە.

پاولۆ کۆیلۆ

لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم ئەدەبیات شێوە ڕەشبینی و دژایەتیکردنی واقیعی بە خۆیەوە بینی.. ئەمە جگە لەو هەموو ڕێبازە ئەدەبییەی کە پێویستییەکانی چاخ درووستی کردوون.

زانا خەلیل

خاڵی جێگیرکردنی ڕەگەزی کتوپڕی و دیاریکردنی سنوورەکانی و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی دیار لە شیعری تازەی کوردیدا تایبەتە بە ئەزموونی من و بەهرەزادە و دەستمایە و ڕووبەری بیندراوی منە.

سەباح ڕەنجدەر


**سەرپەرشتیاری ئەنجوومەنی کارگێڕی**
**ئەحمەد تاقانە**

**سەرنووسیار:**
**یوسف لەتیف**
youseeflatif@yahoo.com
Mobail :07504675056

**بەڕێوەبەری نووسیاری:**
**محەمەد سەعید زەنگنە**
Hamatal_z@yahoo.com

**دەستەی نووسیاران:**
**سەباح ئیسماعیل**
**چنوور نامیق**
**بەکر دەروێش**

**بەڕێوەبەری هونەری**
**ئاراس ئەکرەم**

**پیت لێدان**
**ڕۆشنا ڕەشاد**

نەوشەفەق لەم سایتە بخوێنەوە
www.dangakan.com



دەزگای شەفەق
کوردستان - کەرکوک
ڕەحیماوا - نزیک خولگەی ئەحمەدی خانی



هەواڵنامەی کتێب

## پێڕست


ریتمی چاخ. **سەروتار**. زانا خەلیل ........ 3

گەڕان بە دوای یەقیندا . **روانین**. کەریم دەشتی ........ 6

کاری ئاراستەدار و کاری ئامرازدار لە ڕێزمانی کوردیدا . **زمانەوانی**. د. شێرکۆ بابان ........ 14

مەولەوی شاعیرێکی پایەبەرزی کوردە. **لێکۆڵینەوە**. هەردەوێڵ کاکەیی ........ 24

شیعر لە نێوان "ناواقیعی دیار" و "نادیاریی واقیع"دا . **لێکۆڵینەوە**. عەبدولخالق یەعقووبی ........ 33

ئێزرا پاوند. **باس**. ئا. و لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح ........ 40

لە ئاهەنگی بیست ساڵەی زێواندا . **ئەزموون**. سەباح ڕەنجدەر ........ 54

عەلاء ئەلئەسوانی: لەهیچ ڕۆمانێکدا ڕووداوی ڕاستەقینە نییە. **دیدار**. و: شلێر محەمەد ........ 62

پرسەکانی سێکس.. جەستە.. ڕۆح.. **دیدار**. و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە ........ 68

کۆمەیەک هۆنراوەی تاکدێڕی. **شیعر**. عەباس عەبدوڵڵا یووسف ........ 81

٢٠٠٧ یش لەمن سەرەڕۆتر بوو، دەبێ، بووە. **شیعر**. نیگار نادر ........ 84

دژە دیمەن. **شیعر**. ئیسماعیل بەرزنجی ........ 90

لێرە مێیەک بە ویساڵی شیعرم نادا . **شیعر**. ئیسماعیل خورماڵی ........ 92

دوو شیعر. **شیعر**. محەمەد کوردۆ ........ 98

رامان. **شیعر**. ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان ........ 100

سارا تیسدەیل ژنە شاعیری ئەمریکی. **شیعری وەرگێردراو**. و: ناڵە حەسەن ........ 102

تکایە گڵێنەکە مەشکێنە. **چیرۆک**. نەجیبە ئەحمەد ........ 107

گۆرانییە خنکاوەکانم. **چیرۆک**. بەکر دەروێش ........ 111

لەگەڵ خۆمدا . **چیرۆکی وەرگێردراو**. عەزیز نەسین. و: عەبدولستار جەباری ........ 117

شکستی ئارتۆ لە شانۆدا . **شانۆ**. کۆسرەت عەبدولڕەحمان ........ 121

نامەکانی عەشق یان تریە عاشقانەکانی دڵی فروغی فەروخزاد. **باس**. نیهاد جامی ........ 125

گوڵبژێرێک لە چیرۆکی محەمەد ئەمین ئەحمەد. **شاکارەکانی دوێنێمان** ........ 129

سەروتار



زانا خەلیل

# ریتمی چاخ

هەواڵنامەی کتێب

یەکێ لە هۆکارەکانی
مانەوەی شیعر بە
زیندوویەتی بریتییە لە
خۆنوێکردنەوە و
خۆگونجاندنی بەردەوام
لەگەڵ ریتم و موزیکی
چاخەکان



چونکە مرۆڤەکان لە یەکتری جیان ئەوا هەرگیز ناتوانرێ پێناسەی رەها بدرێتە هەموو ئەو وشە و زاراوانەی کە سەر بە یەکێ لە پۆلی زانستە مرۆڤایەتییەکانن.

ئەگەر لە روانگەی کەسانێکەوە (داهێنان) تەماشاکردنی شتگەلێکی مەئلوف بێت بە شێوەیەکی نامەئلوف، ئەوا لای کەسانی دی پێناسەی دی بۆ کراوەو بۆشی دەکرێ.

شیعر لای پۆل ڤالیری: ( زمانێکە لە نێو زمان).. ئەدۆنیس شیعری نوێ بە روئیا پێناسە دەکا، روئیاش بەوە دیاری دەکا کە قەفزەیەکە لە دەرەوەی چەمکە جێگیرەکان.

بە درێژایی مێژوو تا ئێستا هەزاران و هەزاران پێناسەی جیا جیا بۆ شیعر کراوە، کەچی کۆکییەکی جێگیر و گشتگیر نییە بۆ پێناسەکردنی شیعر، هەر ئەوەشە کە وادەکات شیعر بە زیندوویەتی بمێنێتەوە.

یەکێ لە هۆکارەکانی مانەوەی شیعر بە زیندوویەتی بریتییە لە خۆنوێکردنەوە و خۆگونجاندنی بەردەوام لەگەڵ ریتم و موزیکی چاخەکان، دەشێ هاووێنەییێک هەبێ لە نێوانی مار و شیعر، دوای خەوتنێکی دوورودرێژی مار، کاتێ لە مەوسیمێکی نوێ دەردەکەوێ لە پێستە کۆنەکەی خۆی دێتە دەرەوەو بە پێستێکی نوێ خۆی نیشاندەدا.. شیعریش رێک ئاوایە.

هەندێجار بۆ ماوەیەکی درێژ بە ریتمی لە یەک نزیک و بە هەناسەی لێکچوو شیعرەکان دەخوێنینەوە، کەچی لەگەڵ هەر گۆڕانێکی نوێ کە رووبەڕووی جیهان دەبێتەوە ئیقاعی شیعریش دەگۆڕێ، بە نمونە: لە پاش هەموو جەنگە گەورەکان خاسیەت و سیماکانی شیعر گۆڕاوە.

بە شێوەیەکی گشتی لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە، پەخشانی ئەوروپی بە ریتمی سیمفۆنیا دەنووسرا، هەناسەی درێژ و کتێبی قەبارە گەورە و وردبینی و درێژدادڕی لە گێڕانەوە.

لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم ئەدەبیات شێوە رەشبینی و دژایەتیکردنی واقیعی بە خۆیەوە بینی.. ئەمە جگە لەو هەموو رێبازە ئەدەبییەی کە پێویستییەکانی چاخ دروستی کردوون.

ئەو ١٠–٢٠ ساڵەی ئەخیری گۆڕانێکی گەورەی تەکنەلۆژی هەموو دنیای داگیرکردووە، هەر بۆیە شیعری ئێستای ئەوروپی بە ئیقاعی (هاوز موزیک و پۆپ) دەنووسرێ، ریتمی ژیان خێرایە، تێکقژقژانێک لە واقیعی ژیانی مرۆڤەکاندا هەیە، مرۆڤەکان هەڵپە هەڵپی

ژیانیانە، شتگەلێکی زۆر و بێسنوور لە سەدەکانی رابردوو بوونیان نەبوو، بە درووستبوونو داهێنانیـان سـەرقاڵیی مرۆڤـەکان زیاتربووە، زۆر لەو پێداویستیانەی کە لە چاخەکانی زووتردا گرنگیان پێ نەدراوە ئێستا لە پێشینەی حەز و خواستەکانی مرۆڤی چاخن، ئەوە جگە لە راکـردن بەدوای ژیان: (لە پاسـەوە بۆ ئۆبان و لە ئۆبانەوە بۆ شـەمـەندەفـەر و لەوێشـەوە بۆ فرۆکـەخانـەو بۆ کارگـە و ئینتـەرنێت و سـینەمـا و مـەلەوانگەو تەلەڤـزیۆن و دیسکۆ و خوێندن و بازرگـانی و گـەشت و.......تاد) هەمـوو ئەو هۆکـارانە وا لـە زۆرینەی تاکەکان دەکەن کە کاتی خوێندنەوەی تۆلستۆیان نەمێنێ..

بە پێچەوانەوە تێکستی کورت و چڕ شوێنی ئەو بەرهەمە درێژانەی گرتۆتەوە، کە ئیدی هی ئەو چاخە نین، راستە تێکستی ئیبداعی شوێنزەمەن ناناسێ و هەموو هەڵبەز و دابەز و ئاستەنگەکان دەبڕێ، بەڵام مرۆڤی هاوچەرخی ئێمە لە قەیرانی بێکاتیدا دەناڵێنێ.

ئەدەبیات دیاردەیەکی سەد دەر سەد ئیندیڤدوێلی نییە، بەو واتایەی دەبێ پردێک هەبێ لەنێوانی نێرەر و وەرگر، هەمـوو ئەو نووسـەرانەیش کە ئەدەبیاتی جددی بەرهەمدەهێنن چاوەڕوانی فـراوانتـرکردنی ئەو پردە دەکەن کـە لەنێـوانی خۆیان و وەرگردا هەیە، پاولۆ کـۆیلۆ یا فـێرمین یا گـاردەر تەنیـا بۆ کـەسـانێکی جددی و گـۆشـەگـیر نانووسن، ئەو پێشوازییەی کە لە بەرهەمەکانی ئەوان دەکرێ بەڵگەی تەواوە بۆ ئەو دەربڕینەی ئێمە.

ئەگەر بێت و مەرامی قسەکانی خۆم لێرەدا چڕبکەمـەوە دەبێ بڵێم: ئەو چاخەی ئێستا ئێمە تێیدا دەژین چاخێکە خاوەن ریتم و ئیقاعێکی تایبەت بە خۆیەتی کە جیاترە لە هەموو چاخەکانی رابردوو، ئەگەر تێکستی جددی مولکی هەموو چاخەکانیش بێ، ئەوا هێشتایش هەندێ سیما و خاسییەت و تایبەتمەندی هەن کە ئەدەبیاتی قۆناغێک لەگەڵ قۆناغێکی تری مێژوو لە یەکتری جیادەکەنەوە.

ئەوە بۆچوونی من نییە کە بڵێم باوی تێکستی درێژ و ئاڵۆز و بە پلـپلە و سلـسلـە نەماوە لە دونیا، چونکە هەموو شتەکان گۆڕانیـان بەسـەر هاتووە، ئەگەر لە هونـەری بیناسازی سـەردەمی مـۆدێرن بڕوانین و بە ئێسـتـای بەراورد بکەین، ئەوا جـۆرێک خـوێندنەوەی درووستمان بۆ ئەدەبیاتیش دەبێ..

چونکە ئەدەبیات هەرگیز و بۆ هەمیشەیش لە ژیان و هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە ژیانەوە هەیە دابڕاو نییە، بەڵکو ئەدەبیات خودی ژیانە.



کەریم دەشتی



# گەڕان بە دوای یەقیندا

## تێگەیشتنی ئەقڵانی بۆ مەعریفە

ئەسڵی چەمکە ئاڵۆزەکانی مەزهەبە فەلسەفییەکان دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێک لە هاندەرەکانی دەرەوەی مەودای لۆژێک کە دەچێتە ناو پرۆسێسی بیرکردنەوە لە ڕێگەی زمانی مەجازییەوە، فەیلەسوف ڕازیبوونێکی وەهمی دەبەخشێتە هەوڵەکانی خۆی بۆ پێشکەشکردنی تەفسیرێک خەسڵەتی گشتگیری (العمومیە)ی تیا بێ، ئەوەش وا دەکات کە شیعر بئاخزێتە مەودای مەعریفە، واتە بوونی مەیلێک بۆ دروستکردنی دونیایەکی خەیاڵی لە وێنە، ئەوەشیان مەیلیکە دەکری ببێتە بەهێزتر بەهێزتر یاخود بێ لە مەودای هەوڵدان بۆ

حەقیقەت، ئەو مەیلەش بۆ بیرکردنەوەی مەجازی شایستە ئەوەیە پێی بڵێن پاڵنەرێکی دەرەکی لە مەودای لۆژێکدا، چونکە نوێنەرایەتی جۆرێک لە شیکردنەوەی لۆژیکی ناکات، بەڵکو ئەسڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستییەکی زەینی کە ناچێتە ڕیزی لۆژیکەوە، پاڵنەرێکی دیکە هەیە لە دەرەوەی مەودای لۆژیکدا کە زۆر جاران دەچێتە نێو پرۆسێسی شیکردنەوە، سەرەڕای ئەوەی کە مەعریفەی وەرگیراو بە تێبینی حیسی کە بە گشتی سەرکەوتووە لە ژیانی ڕۆژانەدا. بەڵام لە تواناماندا هەر زوو دەرک بەوە بکەین کە ئێمە ناتوانین زیاد لە پێویست پشتی پێ ببەستین، لێرەدا هەندێ یاسای فیزیکی سادە هەیە، وا بەدیار دەکەوێ با بە جیاوازی کردنی شتێک لێیەوە وەکو ئەو یاسایەی کە دەڵێ ئاگر گەرمە، ڕاست بێت، یاخود، مرۆڤ یاسایە (یاخود ئەو تەنانەی لەسەر شتێک نین بەردەبنەوە، بەڵام چەند دەستوورێکی دیکە هەن کە شتیان لێ دەگێڕێتەوە وەک ئەو دەستوورەی دەڵێ: ئەو تۆوەی کە لە زەویدا دادچێنرێ شین دەبێ، یاخود دەستوورەکانی کەش هەوا یا دەستوورەکانی چاکبوونەوەی نەخۆشیی مرۆیی، زۆر جاران تێبینی کردنی گشتی وا دەکات ئەو دابڕ کردنانە هەتا لەو یاسایانەی کە زۆر وردیشن کەشف بکەین.

نموونەیەک بۆ ئەمە: ئاگری مێشوولە (مێشوولەی ئاگر) گەرم نییە لانی کەم بە مانای باوی وشەکە، هەروەها گڵۆپەکانی سابوون بۆ سەرەوە هەڵدەگەڕێ (هەرچەندە بەسەر هیچەوە نییە) لە کاتێکا لەوانەیە ئەو دابڕکردنانە (استثناءات)بە وەزعێکی وردتری یاسا تەفسیر بکەین، کە دەستنیشانی مەرجەکانی دارِژانی مانای لەفزەکان بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە گومانەوە دەمێنێتەوە سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ ئەم داڕشتە تازەیە خاڵی لەو دابڕکردنانە یاخود کەشفی تازە بە دیار بکەوێ کە جۆری کەمی لە داڕشتە چاکراوەکەدا بەدیار بخات، گومانی تیا نییە کە ئەو گومانە هەنجەتی بەهێزی خۆی هەبووە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتانەی پێشکەوتنی زانستی هێنایە ئاراوە لە ڕووی بەدوورخستنەوەی تیۆرە کۆنەکان و گۆڕینیان بە تیۆری تازە.

سەرچاوەیەکی دیکەش هەیە بۆ ئەو گومانە ئەویش ئەوەیە کە تاقیکردنەوە و ئەزموونەکانی ناوەوەمان دابەش بۆتە سەر

دونیای واقیع و دونیای خەون، زەرورەتی دابەشکردنی ئەمە لەڕووی مێژوویییەوە کەشفێ بوو لەماوەی درەنگ وەختی پەرەسەندنێ مرۆڤ، ئێمە دەزانین کە گەلاکانی بەرایی لەسەردەمی ئێمەدا، سنوورێک دانانی کە ڕوون ئاشکرا بێت لەمیانی ئەم دوو دنیایە. مرۆڤی بەرایی کە خەونی بەوە دەبینی کەسێک هێرش دەکاتە سەر ئەو، خەونەکەی دەبووە هەقیقەت پیاوەکەی دیکە دەکوژێت، یاخود خەونی بەوەوە دەبینی ژنەکەی فێڵی لێ دەکات لەگەڵ پیاوێکی دیکە، ئەویش هەڵدەستایە ئەنجامدانی هەمان کار وەک تۆڵە، یاخود هەوڵی دەدا تۆڵەی لێ بکاتەوە، جا شیکەرەوەی سایکلۆژی ئامادە بوو داوای عوزر بکات بۆ ئەم پیاوە تا ڕادەیەک بەوەی کە ئاماژە بەوە بکات کە ئەم جۆرە خەونانە بەبێ هۆ نەبوون، لای کەم ئەو گومانانە هەنجەتبار دەکات، ئەگەر سزاکە هەنجەتبار نەکاتن، بەڵام مرۆی بەرایی بە پێی ئەو شتانەی شیکردنەوەی سایکلۆژی کاری نەدەکرد بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە جیاوازی میانی خەون واقیعی نەدەکرد.

هەرچەندە مرۆی ئێستاکە جیاوازی ڕوونی ئاشکرای ئەم دوو دنیایە دەکات تێکەڵیان ناکات، بەڵام شیکردنەوەیەکی کەم بۆمان دەردەخات کە بڕوای ئەم مرۆیەی ئێستاش ناگاتە پلەی یەقین. جا، چونکە ئێمە کە خەون دەبینین نازانین کە خەون دەبینین بەڵکو دوایی دەزانین کە خەونەکەمان خەونەو واتا کە لە خەو هەستاینەوە ئەوی چۆن دەڵێین ئەزموونەکانی ئێستاکەمان دەتوانین زیاتر لە خەون پشتیان پێ ببەستین؟ لەبەر ئەوەی ئەو ئەزموونانە بە شعوری واقیعەوە پەیوەستن وای لێ نایەت کە زیاتر پشتییان پێ ببەستین. چونکە ئەو شعورە خۆی لە خەونەوە بۆمان دروست دەبێ، هەروەها ناشتوانین ئەو ئیحتیماله دوور بخەینەوە کە ئەزموونەکانی داهاتوو دەیسەلمێنێ کە ئێمە ئێستاکە خەون دەبینن مەبەستیش لەمەدا ئەوە نییە کە باوەڕی مرۆڤی ئاسایی لەق بکەین سەبارەت بە ئەزموونەکانی ، بەڵکو ئەو حوجەتە ئەوە بەدیار دەخات کە ئێمە ناتوانین باوەڕی موتڵەقمان هەبێ سەبارەت بەو لێ دڵنیانەبوونە (ثیقەیە).

فەیلەسوف هەمیشە هەستی بە دڵەڕاوکێ دەکرد، چونکە نەدەکرا پشت بە دەرک پێکردنی هەستی پێ بکرێت. هەمیشە بەم جۆرە بیرکردنەوانەوە ئەم دڵەڕاوکێیەی

دەردەبڕی کە پێشکەشمان کردن، هەروەها باسی فێڵی حەواسەکانیان دەکرد لە کاتی بە ئاگاییدا، وەک خواربوونی دارێک کە لە ئاو دەنرێت. یاخود وەک سەراب لە بیاباندا بۆیە کە هەستی بە شادی دەکرد کاتێ کە لانی کەم مەودایەکی دەدۆزییەوە لە مەوداکانی مەعریفەت پێی وابوو دوورە لەو فێڵە ئەویش مەودای مەعریفی ماتماتیکی بوو.

ئەفلاتوون وای سەیری ماتماتیک دەکرد کە بەرزترین وێنەی مەعریفەیە، کاریگەریەتی ئەفلاتوون بەشدارییەکی زۆری کرد لەو بیروڕا بەربڵاوەی کە دەڵێ مەعریفەت نابێتە مەعریفە ئەگەر وێنەی ماتماتیک وەرنەگرێ، بەڵام دونیای تازە هەرچەندە ماتماتیک بە ئامێریکی سەرەکی دادەنرێ بۆ لێکۆڵینەوە. ئەم حوکمە بێ قەیدو شەرت قبوڵ ناکات. بەڵکو تەئکیدی ئەوە دەکات کە ناکرێ لە دونیای ئەزمونگەریدا تێبینی فەرامۆش بکەین، بەڵکو ئەوە بۆ ماتماتیک بەجێدێڵین ئەویش گرنگی سەلماندنی پەیوەندییەکانە لە میانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەزمونگەری و بەس. ماتماتیکیش ئامادەیی خۆی بە تەواوی دەردەخات بۆ بەکارهێنانی ئەو پەیوەندییە ماتماتیکیانە وەک ڕابەرێک بۆ دۆزینەوەی تازە کە پشت بە تێبینی دەبەستێ.

زانستی ئەزمونگەری بە مانای تازەی ئەم دەستەواژەیە لە میانی میتۆدی ماتماتیکی میتۆدی تێبینی خۆی دەگونجێ، ئەنجامەکەشی یەقینێکی موتڵەق نییە، بەڵکو پلەیەکی بەرزی (لە وانەبازی) تیایە دەکرێ بۆ هەموو مەبەستێکی زانستی بە ڕادەیێکی باش پشتی پێ ببەستین.

بەڵام بیرۆکە مەعریفەی ئەزمونگەری لای ئەفلاتون شایانی ئەوەیە وەک ڕێگرێک بەدیار کەوێ، کاتێ کە مەعریفەو مەعریفەی ماتماتیکی یەکخست ویستی بڵێ تێبینی نابێ دەوری مەعریفی هەبێ یەکێ لە قوتابیانی سوکرات لە محاوەرەی فیدون گوتی: ئەو هەنجەتانەی پشت لەوانەبازی (احتمالات) دەبەستێ قووڵاییە ساختەیە (زائف) چونکە ئەفلاتون داوای یەقینی دەکرد نەک چاک بە زانینی شکاندنەوەی لێگەڕانەکی (ئیستقرائی) کە فیزیکی نوێ وای دەبینێ کە تاکە ئامانجە دەتوانین بیگەینێ.

یۆنانییەکان زانستی فیزیکیان نەبووە کە بەراوردی بکەین بە زانستی خۆمان، ئەفلاتونیش نەیدەزانی چەندە ئەوەی کە

دەتوانین بەدیبهێنین لە ڕێگەی کۆکردنەوە لە میانی میتۆدی ماتماتیکی و تاقیکردنەوەدا لەگەڵ ئەوەشدا زانستێکی سروشتی هەبوو هەتا سەردەمی ئەفلاتونیش سەرکەوتنێکی زۆری بەهۆی ئەو کۆکردنەوەیە بە دەست هێنا، ئەویش زانستی فەلەک بوو، چونکە یاسای ماتماتیکی سوڕانەوەی ئەستێرەکان بە پلەیەکی گەورە لە حوکمەکان دۆزرایەوە بەهۆی تێبینی وردی ئەنجامگری (ئیستدلال)ی ئەندازەیی. بەڵام ئەفلاتون ئامادە نەبوو دان بە ڕۆڵی تێبینیدا بنێت لە فەلەکدا، بەڵکو تەئکیدی ئەوەی دەکرد کە فەلەک زانست نییە، تەنیا بە قەدەر ئەو بزاوتەی کە ئەستێرەکان هەیانەو لە ڕێگەی ئەقڵ و زەین تێیان دەگەین، ئەفلاتون دەیگوت: (ئەرکی ئەستێرەناسە ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە وەلانێ و بچێتە ناو بابەتەکەی خۆی لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەشە ئاقڵەکەی خودی خمان).

ئەوەشیان چەند وتەیەکن کە تەعبیر لە ڕەتکردنەوەی زانستی ئەزمونگەری دەکەن.

ئەو فەلسەفەیەی کە پێی وایە ئەقڵ سەرچاوەی ناسینی دونیای فیزیکی بەناوی مەزهەبی ئەقڵ بە (Rationalsim) دەبێ بە وردی جیاوازی بکەین لەمیانی ئەو وشەیەو ئەو سیفەتەی لەم وشەیە هەڵچنراوە ئەویش ئەقڵانیە، (Rational لەمیانی Rationaltic) پێی دەگەین چونکە وا دەخوازێ کە ئەقڵ بەکاربهێنین و پیادەی سەر تێبینی بکەین. بەڵام ئەقڵانییەت نییە چونکە ئەو سیفەتە پیادە نابێتە سەر میتۆدی زانستی، بەڵکو پیادە دەبێتە سەر میتۆدی فەلسەفی کە ئەقڵ وەک سەرچاوەیەک بۆ مەعریفەی تەرکیبی پێویست بە زانست وەردەگرێ و تێبینیش مەرج بەند ناکات بۆ ئەوەی مەعریفەت بێتە کایەوە.

ئەفلاتون یەکەم فەیلەسوفی ئەقڵی نەبوو، بەڵکو فەیلەسوفی ماتماتیک (ڤیساگۆرس) (٥٤٠ پ. ز)، بەڵام بەر لەو هەبوو، کە زانست زانیارییەکانی زۆری کاریگەریێتی هەبوو بەسەر ئەفلاتون ئەو فەیلەسوفەی کە واز لە تێبینی ئەزمونگەری دەهێنێ بەو وەسفەی کە سەرچاوەی حەقیقەت لەمیانی خۆی و لەمیانی سونیگەریەتی هێندەیان نێوان نییە، تەنیا هەنگاوێک نەبێ جا ئەگەر ئەقڵ توانای هەبێ مەعریفە خەڵق بکات ئەوا ئەنجامەکانی دیکە کە زەینی مرۆیی دروستی دەکات، لەوانەیە شایانی ئەوە بێ پێی بگوترێ مەعریفە هەر لەو چەمکەوە

ئاوێنەیەکی غەریبی نێوان بۆچوونی سۆفیگەریەتی و بۆچوونی ماتماتیکی دێتە ئاراوە.

لەبەر ئەوەی (ڤیساگۆرس) ئەوەندە بایەخی بە ژمارەی لۆژیک دەدا لەڕووی ئایینییەوە تاوای لێهات بڵێ هەموو شتەکان ژمارەن کە ئەوەش بیرۆکەیەکە ناتوانرێ وەربگێردرێ بۆ چەند دەستەواژەیەکی مانادار تیۆری دۆنای دۆن یاخود (کۆپاندنی ڕۆح) لە شتە سەرەکیەکانی ڤیساگۆرس بوو لەوا گریمان دەگرێ، لە ئەقیدەی ڕۆژهەلاتی وەریگرتبێ، ئەفلاتونیش بەم تیۆرەی زانیوە لە ئەنجامی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ڤیساگۆرسیەکان، هەروەها ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت تیژبینی لۆژێکی دەتوانێ خەسڵەتەکانی دونیای ماددی کەشف بکات کە بیرۆکەیەکە بە دەوری خۆی بۆ ئەسڵی ڤیساگۆرسی دەگەڕێتەوە. ڤیساگۆرسیەکان جۆرێک لە پەرستنی ئایینیان ئەنجام دەدا. کە شێوازێ سۆفیگەرێتیان پێوە دیار بوو، دەڵێن مامۆستایان بەسەریاندا فەرزی کردبوو لەوانە فێر بووبوون کە جێی مەترسییە مرۆ بۆچوونی هەبێ سەبارەت بە جەستەی خۆی لەسەر بالینگاندا، لەسەریان بوو کە نوێنی خانەوادەیان ڕێک بخەن کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستن.

سۆفیگەریەتی چەند شێوەیەکی دیکەی هەیە، پەیوەست نییە بە ماتماتیک، سۆفیەکان هەمیشە ڕقیان لە ئەقڵ و لۆژیکە، هەمیشە قینی خۆی بۆ بەهێزی ئەقڵ پیشان دەدا، سۆفیەکان دەڵێن ئێمە ئەزمونێکمان هەیە لەسەرووی سروشتەوە، کە حەقیقەتێکی بێ گرێ و گۆڵیان بە دیدگایەکی ڕاستەوخۆ پێ دەبەخشی، سۆفیە ئاینیەکان سەرچاوەی ئەم بۆچوونانەن.

مەزهەبی ئەقڵی لای دیکارتی فەرەنسی (١٥٩٦– ١٦٥٠) هەمیشە ئەو هەنجەتانەی پێشکەش دەکرد، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە مەعریفەی بونیات نراوە، لەسەر ئیدراکی حیسی یەقینی نییە، بۆیە دیکارت هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا بوو، سەبارەت بەوەی کە مەعریفە یەقینی نییە، دیکارت سەلماندنەکانی خۆی لەسەر یەقینی ڕەها و لە ڕێگەی فێڵی لۆژیکی بونیات دەنا، دەیگوت: (من دەتوانم گومان لە هەموو شتێ بکەم، جگە لە یەک شت ئەویش ئەوەیە کە من گومان دەکەم، بەڵام کە گومان دەکەم بیر دەکەمەوە کە بیریش دەکەمەوە دەبێ

هەواڵنامەی کتێب

هەبم، تا بەم جۆرە بوونی –من–ی سەلماند لە ڕێگەی ئیستدلالی لۆژیکی، بەم جۆرە ئەو دارِشتە سیحرییەی بریتییە لە ((من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم)).

زاناکانی سایکۆ ئەو هەوڵانەی کە بۆ یەقین ئەنجام دەدرێ وا تەفسیر کردووە کە ئارەزوویەکە بۆ گەڕانەوە سەر قۆناغی منداڵێتی، کە قۆناغێکە گومان لێلی نەکردووەو حیکمەتی دایک باوک ڕابەریەتی دەکرد ئەم ئارەزووەش هەمیشە بەهۆی ئەو پەروەردەوە بەهێز کراوە کە منداڵ لەسەر ئەوە ڕادێنێ کە گومان بە گوناه بێنێ، سیقەو گومان نەکردنیش ئایین پشتی دەگرێ.

– ئیمانوێل کانت ((Immanuel kant 1724-1804)) بوو کە دەرکی بەوە کرد

یەقینی خودان سروشتی پێکهاتەیی لە پێشەکیەکانی شیکردنەوە وەرناگرێت بەڵکو پێوەرێتی بە پێشەکی پێکهاتە هەیە کە هیچ ڕێگایەک بۆ ڕاستی شەک نییە، یاخود بۆ شەک لە ڕاستی خۆیدا، کانت پێی دەگوت مەسەلەی پێکهاتەیی هەیە کە هیچ ڕێگایەک بۆ ڕاستی شەک نییە یاخود بۆ شەک لەڕاستی خۆیدا، کاتێ پێی دەگووت مەسەلەی پێکهاتەیی پێشینە (synthe ti- capyioyi وشەی پێشینە مانای ئەوەیە کە لە هیچ ئەزموونێک وەرنەگیراوە یاخود لەهیچ ئەقلێک کەڕاستی موتلەقی هەیە وەرنەگیراوە، فەلسەفەی کانت هەوڵی گەورە بوو بۆ سەلماندنی بوونی ڕاستییە پێکهاتەییەکانی پێشینە کە لە گۆشە نیگای مێژوویدا نوێنەرێتی دوا بونیاتی گەورە دەکات بۆ فەلسەفەی ئەقڵی، کانت بەسەر ئەفلاتون و دیکارت کەوت چونکە خۆی لەهەڵەی ئەوان بوارد، کە ئەوانیش بۆ هەمان ئاقار دەچوون، چونکە کانت پابەندی ئەو قسەیە نەبوو کە دەڵێ نموونەی ئەفلاتونی هەیە هەروەها ئەو فێڵەی دیکارتیشی نەکرد، بەڵکو ئەو وەک ئەفلاتون بە مەعریفەی ماتماتیکی دەستی پێکرد بە تەئویل کردنێکی زیرەکانە بۆ مەعریفەی ئەزموونگەری. کانت هەمیشە پرسیاری ئەوەی دەکرد ئاخۆ مەعریفەی پێکهاتەیی پێشینە چۆن دەبێ؟ هەر خۆشی وەڵامی دەدایەوە بەوەی کە دەلیلی هەبوونی لە ماتماتیک و فیزیکی ماتماتیکی وەرگیراوە.

کانت دەرکی بەوە کردبوو کە ئەندازەی _ ئەقلێدس – چەقێکی دەگمەنی هەیە چونکە ئەو کەشفی پەیوەندی پێویستی کرد کەبەسەر بابەتە ئەزموونگەرییەکانەوە

دادەهات، هەروەها دەرکی بەوە کرد کە وردی سەلماندنی ماتماتیکی ناکرێ بۆ باشی ئەزموونگەری تەفسیر بکرێ لەتێورەکانی ئەندازە.

بەم جۆرە کانت مەعریفەی پێکهاتەیی پێشینە بەوە دەسبەلمێنێ کە بگەڕێتەوە سەر ڕێگە ڕۆیشتنی زانست واتە بناغەی فەلسەفی کانت بریتییە لەوەی کەبلێ زانست مەعریفەی پێکهاتەیی پێشینە گریمان دەکات هەوڵەکانی کانت بۆ گەیشتن بە یەقین جۆری سۆفیگەریەتی نەبوو کە دونیای ئایدیا ببینێ، هەروەهاواش نەبوو کە بەرەو فێڵی لۆجیکی بچێ تا یەقین بدۆزێتەوە وەک دیکارت بەڵکو پشتی بە زانست دەبەست بۆ ئەوەی بگاتە یەقین.

کانت دەیگوت کە قۆناغی کۆتایی مەعریفەی زانستی فیزیکی (نیوتن)ە کە بۆ مەرتەبەی فەلسەفی بەرزی کردەوە، بەم جۆرە بە دۆزینەوەی پرینسیپەکانی نیوتن لە ئەقڵی پالاوتەدا گەیشتە ئەوەی کە تەبریرێکی ئەقڵی تەواوی مەعریفە بدۆزێتەوە، ئیدی گەیشتە ئەوەی کە پێشوو نەیدەگەیشتنێ ناونیشانی کتێبەکەی – ڕەخنە لە ئەقڵی پالاوتە – بەرنامەی فیکری ئەو دەست نیشان دەکات، کە ئەقڵی کرد بە سەرچاوەی مەعریفەی پێکهاتەیی پێشینە بەمجۆرە لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی سەلماندی کە ماتماتیک و فیزیکی باو لە ڕۆژگاری ئەودا حەقیقەتێکی زەروریان هەبووە دەبێ دانی پیابنێین کە تەفسیری کانت بۆ مەعریفەی پێکهاتەیی پێشینە بەرزتربوو لەهی ئەفلاتون بۆ ئەم بابەتە، چونکە ئەفلاتون گریمانەی ئەوەی دەکرد کە بۆ تەفسیری قودرەتی ئەقڵ بەسەر مەعریفەی سروشتی دەبێ دونیایەک لە شتە نموونەیەکاندا هەبا کە ئەقڵ دەرکی پێ بکات بەڵام کانت ئەم بۆچوونە سۆفیانەی نەبوو بەڵکو دەیگوت ئەقڵ مەعریفەی هەیە، سەبارەت بە دونیای فیزیکی چونکە ئەو وێنەیە دروست دەکات کە بۆ دونیای فیزیکی بونیاتی دەنێین، مەعریفەی پێکهاتەیی بەرایی دەگەڕێتەوە بۆ زاتی خۆی، ئەوە مەرجێکە زەینی مرۆیی بەسەر مەعریفەی مرۆیی لە سەرەوەڕا فەرزی دەکات، نموونەیەک لەم بارەیەوە:

ئەگەر یەکێک چاویلکەیەکی شینی لە چاو بێت دونیا شین دەبینێ، بەڵام ئەگەر ئەو خۆی و ئەو چاویلکەیە وا لە دایک بوایە ئەوا بەوە سەیری ئەو شینەی دەکرد کە سیفەتێکی زەروری بێ لەهەموو شتەکان، بەڵام دەبێ کاتێک بەسەر بچێ تا کەشفی دەکات کە ئەوە ئەوەیە لانی کەم چاویلکەکەیەتی.

**سەرچاوە: کتێبی، جذور الفلسفة التاملية، هانس ریشنتباخ**



د. شێرکۆ بابان

# کاری ئاراستەدار و کاری ئامرازدار لە ڕێزمانی کوردیدا

هەواڵنامەی کتێب

## ١- دەستپێک:

لە زمانەکەدا چەند کارێک هەیە دیوێکی دیکەیان هەیە و لە ئەو دیوەدا ئامرازی پەیوەندی هەڵ دەگرن. بۆ نموونە کارەکانی (گەیشتن، دان، ناردن...هتد) دەتوانن ببن بە (گەیشتن بە...، دان بە ...، ناردن بۆ ... هتد). لە ڕاستیدا ئەم دیاردەیە زۆر زۆر بەرفراوانە لە زمانی کوردیدا و ئارێشەیەکی گەورەی ناوەتەوە و زۆر جار بە نارەوایی لێک دەدرێتەوە. هەر لەبەر ئەوە دەبێت ئەم جۆرە کارە بە تایبەتی جودا بکرێنەوە و توێژینەوەیان لەسەر بکرێت. بەداخەوە، لە زمانەکەدا هێشتا ئاژاوەی ئامرازی پەیوەندی بە جوانی خزمەت نەکراوەو هێشتا ڕێزماننووسان ئەو بایەخەیان نەداوە بە ئامرازی پەیوەندی کە پێویستە پێی بدرێت. ئەمە و لە زمانی ئینگلیزیدا ئەگەر شەش هەزار کار تۆمار کرابێت ئەو کارانە ژمارەیان دەبێت بە سیازدە هەزار کار بە برِشتی ئەو ئامرازانە کە هەڵیان دەگرن. ئەو جۆرەکارەیش، لە زمانی ئینگلیزیدا بە (Phrasal verbs) ناسراوە. واتە بە (کاری دارِێژراو بە ئامراز) ناوبراون. لە زمانی کوردیدا نە ئامارێک هەیە و نەزانراوە کە ژمارە ئەو جۆرە کارە چەندە. ئێمە لە ئەو باوەڕداین کە ئەم دیاردەیە لە زمانەکەی ئێمەدا زۆر چڕو پڕو ئاڵۆزترە. لە ڕاستیدا، ئەم کێشەیە پڕە لە ئاژاوە و هەرایەکی گەورە بەرپا دەکات، چونکە زمانەکە وەک پێویست خزمەت نەکراوە، بە تایبەتی لە گۆشەنیگای ئامرازی پەیوەندییەوە. لەگەڵ

ئەوەشدا، ئێمە لە ئەو باوەڕەداین کە جۆرە بابەتی ئاوها بنچینەیی خزمەتێکی گەورە پێشکەش دەکات بە زمانەکە و ئەو دەرگایانە دەکاتەوە کە بە ئاسانی بەرێزمانی زمانانی دیکە ناکرێنەوە.

بە هیوایین، بتوانین نەختێک تروسکایی بخەینە سەر بابەتەکە و بتوانین دەرگایەک بکەینەوە بۆ گفت و گۆ و بۆ ڕەخنەی بەجێ.

**٢- خشتەی ئامرازی پەیوەندی**

لەسەر خشتەی دا هاتوو، ئامرازەکانی پەیوەندی ڕیز دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لە بابەتەکانی داهاتوودا کەڵکیان لێ وەربگرین، خشتەی (١).

| ئامرازی جودا | ئامرازی لکاو<br>جۆری یەکەم | ئامرازی لکاو<br>جۆری دووەم |
|---|---|---|
| بۆ | بۆ | ........ |
| بە | پێ | ........ |
| بە ........ دا | پێ ........ دا | ........ |
| بە ........ وە | پێ ........ وە | ........ |
| لە | لێ | تێ |
| لە ........ دا | ........... | تێ ...... دا |
| لە ........ وە | لێ ........ وە | تێ ........ وە |

هەواڵنامەی کتێب

خشتەی (١)

لە ئەو خشتەیەدا چەند راستییەک هەن، وەک:

**یەکەم:** سێ ئامرازی بنەڕەتی دیاری کراون، وەک (بۆ، بە، لە).

**دووەم:** ئامرازەکانی (بە) و (لە) دەتوانن دووپاشپرتی وەک (دا) و (وە) وەربگرن بۆ ئەوەی سێ دیویان هەبێت بۆ سێ بەکارهێنانی جیاواز.

**سێیەم:** ئامرازەکانی (بە) و (لە) ڕوخساری لکاویان هەیە وەک (پێ) و (لێ) و ئەو ئامرازانەش دەتوانن هەردوو پاشپرتەکە وەربگرن.

**چوارەم:** ئامرازی (لە) دوو ڕوخساری هەیە وەک (لێ) و (تێ).

**پێنجەم:** ئامرازی (بۆ) نەپاشپرت وەردەگرێت و نە شێوەی لکاوی هەیە.

**٣- دابەشبوونی ئامراز:**

ئامرازی پەیوەندی بە دوو ڕێگا دادەبەزێتە نێو ڕێزمانی ڕستە وەک:

**ڕێگای یەکەم:** دابەزینی ئامرازی پەیوەندی بۆ نێو پێکهاتەی سەرەکی لە ڕستەدا، کە بریتییە لە (ڕووداوی کار). لە ئەم دیاردەیەدا ئامرازی پەیوەندی بارگەیەک لە چەشنی (کۆمەڵەی ناو) هەڵدەگرێت و ئەو بارگەیە دەبەستێت بە (بکەر) یان (بەرکار)ی ڕستەکەوە بۆ نموونە کە دەگوترێت:

شیلان [گەیشت بە (هەولێر)]

پەیوەندییەک پەیدا دەبێت لە نێوان بکەری ڕستەکە (شیلان) و بارگەی ئامرازی پەیوەندی (هەولێر).

یان، لە نموونەیەکی دیکەدا، وەک:

من نامەکەم [برد بۆ (ئەو)]،

پەیوەندییەک پەیدا دەبێت لە نێوان بەرکاری ڕستەکە (نامەکە) و بارگەی ئامرازەکە (ئەو).

ئەمەو ڕەنگە ئەم دیارەیە بایەخی نەبێت بەڵام دوو دیوی دیکە ڕیز دەکات بۆ چاوگە بنچیەکان وەک:

| کاری بێ ئامراز | کاری ئامراز دار |
|---|---|
| دیوی (گەیشتن)<br>دیوی (بردن) | دیوی (گەیشتن بە ....)<br>دیوی (بردن بۆ ....) |

**ڕێگای دووەم:** لە ئەم ڕێگایەدا ئامرازەکە ڕوودەکات لە ئاوەڵگوزارەیەکی پەتی و ئەو ئاوەڵگوزارەیە دەبێت بە ڕایەخێک بۆ ئەوەی ڕستەکەی لەسەر ڕابخرێت وەک:

| |
|---|
| لە لای ئێوە [نامەکە دەنووسین] |

لە ئەم دەستەواژەیەدا ئاوەڵگوزارەکە هیچ دەستدرێژییەک ناکات لە پێکهاتەکانی ڕستە وەک لە ڕێگای یەکەمدا ڕوودەدات، بەڵکو ڕستەکە لە ئامێز دەگرێت و دەیخاتە جێیەکی دی، یان، دەتوانین بڵێین هیچ لە پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی ڕستە ناگۆڕێت، بەڵام هەر هەموویان بە بۆیەی ئاوەڵگوزارە ڕەنگ دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

بێ گومان ئەم جۆرەی کە لە ڕێگای دووەمدا باس کرا، جێی مەبەست نییە لە ئەم نووسینەدا. واتە، تەنها ئەو ئامرازانە باس دەکەین کە دەچنە نێو پێکهاتەکانی ڕستەوە (ڕێگای یەکەم).

**٤- لیستی کاری ئامرازدار:**

لەسەر خشتەکانی (٢) و (٣) دوو لیستە لە کاری ئامرازدار پێشکەش دەکەین. لیستەی یەکەم هەندێک لە کارە تێ نەپەڕەکان پیشان دەدات و لیستەی دووەم هەندێک لە کارە تێ نەپەڕەکان. لە ئەو خشتانەدا باری تایبەتی دەردەکەوێت و هەر کارێک وا بە ئاسانی ناتوانێت هەر ئامرازێک وەربگرێت. بۆ نموونە کاری (گەیشتن) دەبێت بە (گەیشتن بە....) بەڵام نابێت بە (گەیشتن بۆ) یان کاری (هاوێشتن) دەبێت بە (هاویشتن بۆ ...) بەس نابێت بە (هاویشتن بە ...). لە ئەم هەڵوێستەدا، ئەگەر کاری (هاوێشتن بە ...) بە دەستەواژەی (هاویشتن بە دەست) بناسین ئەوا لەبەردەم کاری (هاوێشتن) و ئاوەڵگوزارەی (بە دەست) دەوەستین. لەلایەکی دییەوە ئەگەر سەرنج بدەین لە دوو کاری دژواتا وەک (فرۆشتن) و (کڕین) دەبینین کە دەبن بە (فرۆشتن بە...) و (کڕین لە...)، بەڵام ئەگەر زۆر لە ئامرازەکان بکەین و بڵێین (فرۆشتن لە ...) و (کڕین بە...)، ئەوا دەست درێژییەکی گەورە دەکەین لە ئەو دووکارە دژواتایە و لە ئەو دوو ئامرازە تایبەتییە.

لە ڕاستیدا، لە پێکهاتەی هەر کارێکدا باری تایبەتی هەیە وەک:

**یەکەم**: کاری وا هەیە بە هیچ جۆرێک ئامراز پەیوەندی پەسەند ناکات لە پێکهاتنی قەوارەکەیدا.

**دووەم**: کاری وا هەیە یەک ئامراز پەیوەندی پەسەند دەکات لە قەوارەکەیدا.

**سێیەم**: کاری وا هەیە پتر لەیەک ئامرازی پەیوەندی پەسەند دەکات لە قەوارەکەیدا.

**چوارەم**: ئەگەر بەپێی خاڵی سێیەم پتر لە دوو ئامراز پەسەند کرا لە قەوارەی کارێکدا، ئەوا تەنها و تەنها هەر یەکێکیان بۆی هەیە کە دەربکەوێت لەیەک ڕستەدا.

**پێنجەم**: بەپێی خاڵەکانی پێشوو، لەیەک ڕستەیەکدا هەریەک ئامراز پەسەندە و لە بەرانبەردا، هەموو کارێک ئامرازی پەیوەندی پەسەند دەکات لە ئەو ئاوەڵگوزارەیەدا کە دەبێت بە رایەخ و زەمینە بۆ ڕستەکەی.

| کار | کاری ناسادە | نموونە بۆ (ئامراز و بارگەی) |
|---|---|---|
| ئالان | لێ ئالان | دەزووەکە ئالا (لە دەستم) |
| ترازان | لێ ترازان | تۆپەکە ترازا (لە دەستم) |
| ترسان | لێ ترسان | منداڵەکە ترسا (لە پشیلەکە) |
| خشان | لێ خشان | کراسەکەم خشا (لە دیوارەکە) |
| ڕۆیشتن | بۆ ڕۆیشتن | منداڵەکە ڕۆیشت (بۆ سەربان) |
| کەوتن | لێ کەوتن | دەستی کەوت (لە دەستم) |
| گەیشتن | پێ گەیشتن | دەستی گەیشت (بە دەستم) |
| نیشتن | لێ نیشتن | تۆزەکە نیشت (لە دیوارەکە) |
| هاتن | بۆ هاتن | شیلان هات (بۆ هەولێر) |
| چوون | بۆ چوون | شیلان چوو (بۆ هەولێر) |
| پەڕین | لێ پەڕین | بەردەکە پەڕی (لە دەستم) |
| چەقین | لێ چەقین | دەرزییەکە چەقی (لە دەستم) |
| خزین | لێ خزین | کتێبەکە خزی (لە دەستم) |
| فڕین | بۆ فڕین | چۆلەکەکە فڕی (بۆ ئاسمان) |

خشتەی (٢): کاری تێنەپەڕی ئامرازدار

هەواڵنامەی کتێب

| کار | کاری ناسادە | نموونە بۆ (ئامراز و بارگەکەی) |
|---|---|---|
| پێچان | لێ پێچان | پەڕۆکەم پێچا (لە دەستم) |
| دان | پێ دان | نامەکەم دا (بەدەستی) |
| دان | لێ دان | نامەکەم دا (لە دیوارەکە) |
| نان | لێ نان | بارەکەی نا (لە وڵاخەکە) |
| هێنان | بۆ هێنان | نامەکەم هێنا (بۆ ئەوان) |
| پاراستن | لێ پاراستن | ماڵەکەم پاراست (لە دزی) |
| خواستن | لێ خواستن | کتێبەکەم خواست (لە شیلان) |
| ژنە وتن | لێ ژن وتن | وتەکەم ژن وت (لە ئەو) |
| بیستن | لێ بیستن | وتەکەم بیست (لە ئەو) |

| | | |
|---|---|---|
| فرۆشتن | پێ فرۆشتن | تۆیەکەی فرۆشتن (بە شیلان) |
| هاویشتن | بۆ هاویشتن | تۆپەکەی هاویشت (بۆ ئاسمان) |
| گوتن | پێ گوتن | نهێنییەکەم گوت (بە شیلان) |
| بردن | بۆ بردن | نامەکەم برد (بۆ شیلان) |
| سەندن | لێ سەندن | نامەکەم سەند (لە شیلان) |
| سپاردن | پێ سپاردن | نامەکەم سپارد (بە شیلان) |
| بەخشین | لێ بەخشین | پارەکەم بەخشی (بە هەژارەکە) |
| بڕین | لێ بڕین | پارچەکەم بڕی (لە کوتاڵەکە) |
| بچڕین | لێ بچڕین | پارچەکەم بچڕی (لە کوتاڵەکە) |
| پرسین | لێ پرسین | پرسیارەکەی پرسی (لە شیلان) |
| کڕین | لێ کڕین | تۆیەکەم کڕی (لە شیلان) |
| ناردن | بۆ ناردن | تۆیەکەم نارد (بۆ شیلان) |

خشتەی (٣): کاری تێپەڕی ئامرازدار

**٥- پەسەندکردنی ئامرازی پەیوەندی:**

وەک لە کۆپلەی پێشوودا باس کرا، پەسەندکردنی ئامرازی پەیوەندی، لە قەوارەی کاردا، بریتییە لە دیاردەیەکی زۆر زۆر هورد و ئاڵوز. لە ئەوێدا، چەند خاڵێک پێشکەش کرا دەربارەی ئەو خزمایەتییەی کە لە نێوان (ئامراز) و (کار)دا هەیە. لە ئەم کۆپلەیەدا، هەموو ئەو خاڵانە روون دەکەینەوە بە نموونە، وەک:

**یەکەم:** دەگوترێت کار هەیە کە ئامراز پەسەند ناکات لە قەوارەکەیدا. بۆ نموونە کاری (سووتان) هیچ ئامرازێک پەسەند ناکات و هەر ئامرازێک لەپەڕێزیدا دەربکەوێت لە ئاوەڵگوزارەدایە، نەک لە قەوارەکەیدا وەک:

دارەکە دەسووتێت | بەئاگر

قەوارەی ڕستە ← دارەکە دەسووتێت

ڕایەخی ئاوەڵگوزارە ← بەئاگر

بەراوردێکی ژیرانە دەبینین کە ئەم ڕستەیە جیاوازە لە ڕستەی:

| |
|---|
| دارەکە   دەگات بە ئاگر |

↑

قەوارەی ڕستە

خـوێنەری زرنگ و ڕێزمـاننووسی ڕاسـتـەقـینە دەتوانێت دەزووی ڕەش و سـپی جـودا بکاتەوە لە نێوان ئامرازی (بە) لە هەردوو نموونەکەدا.

**دووەم:** کاری وا هـەیە هـەریەک ئامراز پـەسـەند دەکات. بۆ نموونە کارەکانی نێو ئەو دوو خشـتـەیەی کە لە پێشـەوە پێشکەش کـران، هـەر یەک ئامراز وەردەگرن. بۆ نـوومـە کـاری (گەیشتن) دەبێت بە (گەیشتن بە) و (ناردن) دەبێت بە (ناردن بۆ) وەک:

| |
|---|
| تۆپەکە گەیشت (بە) شیلان |
| تۆپەکەم نارد (بۆ) شیلان |

لە ئەم دوو نموونەیەدا، نەدەتوانین هەر ئامـرازێک بەسـەربەخـۆیی دابنێین و نـەدەتوانین جێی ئەو دوو ئامـرازە بگۆڕین. کـەواتـە، ئەگـەر هـەر کـارێک یەک ئامرازی وەرگرت ئەوا ئەو ئامرازە هـەڕەمـەکی نییـە و . بە واتایەکی دی هـەر کـارێک ئامـرازی تایبـەتی خـۆی هـەیە. بۆ نموونە ناتوانین بڵێین:

هەواڵنامەی کتێب

| |
|---|
| تۆپەکە گەیشت (بۆ) شیلان (x) |
| تۆپەکەم نارد (لە) شیلان (x) |

لە ڕاسـتیدا جـۆرە ڕسـتـەی ئاوها لە ڕسـتـەی کـەسێک دەچێت کە زمـانـی کوردی وەک (زمانی دووەم) فێر بووبێت.

**سێیەم:** دەگوترێت هەندێک کار هەیە کە پتر لەیەک ئامراز وەردەگرن. بۆ نموونە کـاری (دان) دەتوانێت هەر دوو ئامرازی (بە) و (لە ) وەربگرێت وەک:

تۆپەکە دەدەم بە تۆ تۆپەکە دەدەم لە دیوارەکە

لە ڕاستیدا، هەر دوو ئامرازەکە دوو دیوی تازە دروست دەکەن بۆ کـاری (دان) کە بریتین لە (دان بە ـ) و (دان لە –). ئەم دوو کـارە لـە باری لکاودا دەبن بە (پێـدان) و (لێـدان) کـە ڕۆژانە لە چالاکی ئاخـاوتندا هـەڵ دەسـووڕێن. لەلایەکی دییـەوە لە ئەو دوو کـارەدا ناتوانین جـێی ئامـرازەکـان بگۆڕین لە نموونـەکاندا. لە جـۆرە کـرداری ئاوهـادا دوو نموونـەی (هـەڵ

بزرکاو) پەیدا دەبن.

**چوارەم:** دەگوترێت، لە هەر رستەیەکدا هەریەک ئامراز پەسەندە. بۆ نموونە، لە کاری (دان)دا دوو ئامراز پیشان دران، بەلاَم بۆ دوو دیوی جیاواز. لە ئەم هەلوێستەدا، هۆی دەرکەوتنی (یەک ئامرازێک)، لە قەوارەی کاری یەک رستەیەکدا، دەگەرێتەوە بۆ ئەو راستییەی کە ئامرازی پەیوەندی بەیەک رەگەزی رێزمانی ژمێردراوە لە ئەو قەوارەیەدا. هەر لەبەر ئەوە، هەریەک ئامراز دەردەکەوێت.

**پێنجەم:** لە هەر رستەیەکدا چەند ئامرازێک بۆی هەیە ریز ببێت بەلاَم تەنها هەر (ئامراز)ێک لە ئەو ئامرازانە دەبێتە پێکهاتەی کارەکە بۆ نموونە، لە رستەی داهاتوودا پێنج ئامراز ریزبوون بەلاَم بە تەنها ئامرازی (بە)ی کۆتایی لە قەوارەی کاری (دان) دایە و ئەوانی دی لە قەوارەی ئاوەڵگوزارەدان، وەک:

(لە) بەر تۆ (لە) هەولێر (لە) ئێوارەدا (بە) دەست نامەکە دەدەم (بە) شیلان ئێستا ئەگەر رووبەری ئاوەڵگوزارەکان رابخەین دەبینین کە چۆن هەر یەکێکیان لە ئاستێکدا ریز دەبن




هەواڵنامەی کتێب

بە سەرنجێکی هورد دەبینین کە چوار زەمینە ئاوەڵگوزارەیی راخراوە لە ژێر رستەی (نامەکە دەدەم بە شیلان). کەواتە، دەتوانین هەر زەمینەیەک لابەین بەلاَم ناتوانین دەست بدەین لە ئامرازی (بە) لە کاری (پێدان)دا چونکە دەگۆرێت بۆ کاری (دان).

**٦- ئاراستە لە رێزمانی کاردا:**

هەندێک لە کاری زمانەکە بێ بەرییە لە (ئاراستە) وەک (خەوتن، نووسین، گرتن.... هتد). لە بەرانبەردا، لە هەندێک کاردا (ئاراستە) هەیە وەک (رۆیشتن، هاتن، بردن، ناردن.... هتد).

لە ئەم هەلوێستەدا دەتوانین روو بکەین لە چەند سەرنجێکی هورد کە لە ئاستی ئاراستەی کاردا تۆمار کراون، وەک:

**یەکەم:** هەندێک کار هەیە کە هەر بە رووتی و بەبێ هیچ ڕەگەزێکی سەربار ئاگاری ئاراستەداری دەبەخشێت. بۆ نموونە کاری (کەوتن) و ( نیشتن) واتای ئاراستەیەک دەبەخشن لە چەشنی شاوڵی وەک:

کاری (کەوتن ↓ ): کاری (نیشتن ↓ )

یان هەندێک کار هەیە واتای ئاراستەی شاوڵی پێچەوانە دەبەخشن وەک:

کاری (فڕین ↑ ): کاری (هەڵستان ↑ )

سروشتی ئاراستەکە لە ئەم جۆرە کارانەدا هەر چەندە ستوونی نەبێت بە تەواوی، بەڵام پێکهاتەیەکی ستوونی تێدا هەیە (Vertical Compounent) بە تایبەتی لە سەرەتای ڕووداوەکەدا.

**دووەم:** هەندێک کار هەیە کە جێگای ئا خێوەرەکە ئاراستەکەیان دیاری دەکات. بۆ نموونە، ئەگەر ئاخێوەرەکە بێ بایەخ بکەین، ئەوا واتای کاری (ڕۆیشتن) و (هاتن) دەبن بەیەک (ڕووداو) هەر چەندە کە ئاراستەیان پێچەوانەیە. هەر لەبەر ئەوە لەبەردەم هەر کارێکدا دەتوانین دوو تیری دژ ئاراستە دابنێین وەک:

کاری (کەوتن ⇄ ): کاری (نیشتن ⇄ )

لە ئەم هەلویستەدا ئەگەر ئاخێوەرەکە لەلای (ڕاست) یان لەلای (چەپ) دیاری بکەین ئەوسا دەتوانین ئاراستەی تیرەکان دیاری بکەین و ئەو ئاراستە دوولایەنە یەکلایی بکەینەوە. بۆ نموونە ئەگەر ئاخێوەرەکە لەلای (ڕاست) ڕاوەستا ئەم نەخشەیە پەیدا دەبێت:

| ئاخێوەر | (→ هاتن): (ڕۆیشتن ←)

بە هەمان شێواز ئەگەر ئاخێوەرەکە چووە لای (چەپ) ئەوا ئاراستەی تیرەکان دەگۆڕێت و هەر کارێک لە ئەو دووانە ئاراستەی پێچەوانە پەسەند دەکات وەک:

(→ ڕۆیشتن): (هاتن ← ) | ئاخێوەر |

**سێیەم:** لە هەندێک کاردا ئاکاری (گواستنەوە) لە واتای کارەکەدا هەیە، بەڵام ئاراستەکەی دیاری نەکراوە. بۆ نموونە، لە کاری (گەیشتن)دا ئاراستە هەیە بەڵام دەرنەخراوە کە ڕووکارەکەی لە کوێیە. لە ئەم جۆرە کارەدا تەنها ئامرازی پەیوەندی و

بارگەی ئامرازەکە دەتوانن ئاراستەکە دیاری بکەن. کەواتە ئەگەر گوترا (نامەکە گەیشت) دەبێت ئامرازی (بە...) بەکاربهێنین بۆ گەیاندنی ئاراستەی کارەکە بە ناوی(شیلان)، وەک:
نامەکە گەیشت (بە شیلان).

**٦- پوختەکاری:**

* لە رووداوی هەندێک کاردا بزووتن و ڕاگوێزی هەیە و ئەو (بزوتن) و (ڕاگوێزی)یەیش ئاراستەی فیزیاوی تێدا هەیە.
* ئاراستەداری لە ڕووداوی کاردا بە دوو ڕێگا دەچەسپێت. یەکەمیان بە ئامرازەکانی پەیوەندی وەک (دەچم بۆ زانکۆ) و دووەمیان بە جێگەی ئاخێوەری ڕستەکە وەک هەر دووکاری دژ ئاراستە (هاتن) و (ڕۆیشتن).
* لە ئاستی ئەو کارانەدا کە ئامرازی پەیوەندی وەردەگرن زاراوەی (کاری ئامرازدار) سەنگی خۆی هەیە چونکە ئەو ئامرازانە باڵێکی تازە پەیدا دەکەن لە ڕووداوی کارەکەدا.
* زاراوەی (کاری ئامرازدار) دەبێت بە سەنگی مەحەک بۆ جوداکردنەوەی لە زاراوەی (ئاوەڵگوزارە). واتە بەزەبری ئەو زاراوەیە دەتوانین ئەو هێڵە دیاری بکەین کە چەمکی (ئاوەڵگوزارە) جودا دەکاتەوە لە چەمکی (کاری ئامرازدار).
* لە هەر ڕستەیەکدا هەر کارێکی ئامرازدار بۆی هەیە یەک (ئامراز) وەربگرێت، بەڵام بۆی هەیە چەند ئامرازێک وەربگرێت لە ئاوەڵرستە و ئاوەڵگوزارەدا.
* ئامرازی ئاوەڵگوزارە بریتیە لە (ڕایەخ) یان (زەمینە) بۆ قەوارەی هەر ڕستەیەک، بەڵام ئامرازی کاری (ئامرازدار) بریتیە لە باڵێک لە قەوارەی کارەکەدا.
* ئەو ئامرازانەی کە لە لای (کاری ئامرازدار) پەسەندن بە هیچ جۆرێک (ئاڵ و گۆڕ) و (خستنەبری) ناچەسپێت بەسەریاندا، چونکە لە قەوارەی (کار)دان.
* لە ڕێزمانی کوردیدا، زۆرجار ئامرازەکانی (کاری ئامرازدار)، نەک (ئاوەڵگوزارە)، بە ئامرازی پەیوەندی (ـە) نابووت دەکرێن و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئەو ئامرازە دەخرێتە جێی ئامرازەکانی تر. لە هەل و مەرجی ئاوهادا، دەشێت و دەبێت هێڵێکی سوور بکێشرێت لە نێوان ڕێزمانی (کاری ئامرازدار) و ڕێزمانی ئامرازی ڕاگوێزی (ـە)دا.

**سەرچاوە:**


- د. شێرکۆ بابان، هەندێک بابەتی ڕێزمانی کە هێشتا بڵاونەکراونەتەوە.
- عەبدوڵڵا شاڵی، ڕابەری قوتابیان بۆ چاوگ و بۆ فەرمان) بەغدا ١٩٧٦.
- نووری عەلی ئەمین، گرتنی کە لێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردیدا بەغدا ١٩٥٨.
- G.Quenelle D. Hourquin 6000 Verbes anglais, Bescherelle, HATIER, Paris 1995.



هەردەوێڵ کاکەیی

# مەولەوی شاعیرێکی پایەبەرزی کوردە
## ١٨٠٠ - ١٨٨٢ ی ز



مەولەوی ناوی تەواوی (سەید عەبدولڕەحیم کوڕی مەلا سەعید) ە، لە نەوەی مەلا یوسف جانییە کوڕی مەلا ئەبو بەکر (موسەنف) ی چۆڕییە کە ئەگەڕێتەوە سەر خواناسی بەناوبانگ (سەید محەمەد زاهید) کە بە پیر خدری شاهۆ ناوبانگی دەرکردووە. لە ساڵی (١٨٠٠ ی ز) دا لە ئاوایی (سەرشاتە) لە دەڤەری (تاوەگۆزی) بەشی ئێراق لە خێزانێکی ئاین پەروەر هاتۆتە جیهان، هێشتا منداڵ بووە ماڵی باوکی گوێزاویانەتەوە بۆ ئاوایی (بیژاوە) لە نزیکی شارۆچکەی هەڵەبجەی شەهید لەوێ لای باوکی قورئانی خەتم کردووە، لە پاشاندا بەدوای خوێندن و زانیاریدا گەلێ شوێن و جێگای کردووە، لەوانە: پاوە، چوور، سنە، بانە، سلێمانی، هەڵەبجە، قەڵای جوانڕۆ و....

مەولەوی نەمر ئەو کەڵە شاعیرە کوردە بەناوبانگە مەزنەیە کە هەمیشە **لە کۆڕی ڕۆشنبیران و نێو دیوەخانەکاندا ناوی یاد دەکرێ و زۆربەی هەرە زۆری مەقامبێژانی شاری کەرکووک و سەرجەم دەڤەری گەرمیان شیعرەکانی لەگەڵ مەقامدا دەخوێنن** بەتایبەتی مەقامی ئەڵڵاوەیسی، قەتار، خاوکەر، خورشیدی، ئایی ئایی، بەرهەمە پرشنگدارەکانی کە بە شێوەزاری (گۆران) ە بوونەتە ویردی سەرزمانی هەموو ڕۆشنبیر و ئەدەب دۆستێکی کورد، چونکە مەولەوی مرۆڤێکی هەست ناسک و شاعیرێکی بە توانا و بلیمەت و سۆفی بووە، بەرهەمەکانی گەلێ بەرز و بە نرخن بۆیە دەتوانین بڵێین تا دنیا دنیایە و کورد ماوە شیعرەکانی بە لاوی و پرشنگداری دەمێننەوە و هەرگیزاو هەرگیز پیری و کەم هێزی بە خۆوە نابینن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بەلای خوێنەرەوە تامو چێژیان زیاتر دەبێ، جگە لە کوردی شیعری بە فارسی و عەرەبیش وتووە.

شاعیرمان لە ساڵی (١٨٨٢ ی ز) کۆچی دوایی دەکا و لە گۆڕستانی (ئەسحابە) لە نزیکی دێی (سەرشاتە) بە خاک دەسپێردرێت.

ئەمەش شەش پارچە شیعرە لە بەرهەمەکانی کە لە کەشکۆڵێکی[١] کۆندا تۆمار کراون و لەگەڵ دیوانەکەیدا[٢] هەندێ جوداییان تێدا دەبینرێ، بۆیە لە پاش بەراورد کردنیان ئەوەمان بە چاک زانی بە ئامانەتەوە بڵاویان بکەینەوە، تا شەیدایانی شیعری مەولەوی لە داهاتوودا کەڵکی لێ وەرگرن بەتایبەتی ئەوانەی دەیانەوێ لەسەر بەرهەمەکانی توێژینەوە ئەنجام بدەن.

**ئازیز دیارەن**

**ئازیز دیارەن، وادەی لوامەن**
**ئەلوەدای ئاخر ئەوەنامامەن**
**دەوڵەتەکەی وەسڵ پا نە زەواڵەن**
**جاریۆتەر دیدەن باڵات مەحاڵەن**
**سا دڵم وەشکەر بە ئیلتیفاتێ**
**بدیە وە لاوە، بوینۆت ساتێ**
**با بەیۆ وەشوەش شنۆی رازەکەت[٣]**
**گۆش دەرۆ لادێ مەینەت گازەکت**
**ئاخر سەفەرەن، ڕا خەیلێ دوورەن**
**مەنزڵ بێ پایان تۆشە زەروورەن**
**دینت تۆشەی چەم، مەیلت تۆشەی دڵ**
**رازت تۆشەی گۆش، مەنزڵ وە مەنزڵ**
**کێ زانۆ چۆن بۆ ئەی دنیای بادی**
**با ببۆ نە بەین گەردن ئازادی**
**من شەوێ ناڵەم جۆش ئاوردە بۆ**
**سەگی ئاستانەت[٤] بێدار کەردە بۆ**
**یا ناستە بۆ سەیل دیدەم نەفسێ**
**نەسیم گەرد ڕات بەرۆ پەی کەسێ**
**جەمینت زەحمەت نیگام کێشا بۆ**
**کەف پات وە خار مژەم[٥] ئێشا بۆ**

یا کەردە بۆ دڵ دێوانەی دڵ تەنگ
وەخت نیشانەی دڵان پەی خەدەنگ
پەل پەل پەی زەوق زامێ وە تیرت
ئازار دابۆ تای زوڵف زنجیرت
یاخۆ تۆ دابۆت وە دڵ مەزەی مەرگ
تیر(٦) خەدەنگت دابۆ نە تۆی جەرگ
یا مەڕدەبۆت دڵ دێوانەی دڵگیر
چە تیر ئەندازی کەردەبۆت تەقسیر
یا نەدابۆت تۆز گەرد باڵاکەت
پەرێ سورمەی چەم سفتەی باڵاکەت
تۆ بویەر جە من، من زوو ویەردم
هیممەت بۆ، ها ژار مەحروومیت وەردم
چەبگەرد پەی دووریت شانا مۆرەی(٧) نەرد
وە زاهیر (بانە)(٨) ش وە بەهانە کەرد
تا فەلەک پەیمان نە بەهانە بۆ
ئەر سەد بانە بۆ باز شوکرانە بۆ
ئەر فرسەتش دا پەی دڵ خەمینت
عومر(٩) دووبارەت جارێوتەر دینت
وەرناستش ئازیز! تۆ وە(١٠) سەلامەت
کەفتەن ئەو دیوان سەحرای قیامەت(١١)

***

قیبلەم نەونەمام
قیبلەم نەونەمام نەو توول ساوا
نامەت پەی خەرجی ماهانت یاوا(١٢)
ئەمرت دڵگیرەن فەرموودەت خاسەن
بێشک ماهەنی ماهانەت راسەن
بەڵام جە دووریت هۆشم رەم کەردەن
ئاگاهیم نیەن چەند رۆ ویەردەن
هەر ئێد مەزانۆن ئازیز گیان تۆ
نە دیەنم وە چەم هەڵای(١٣) مانگ(١٤) نۆ
شرین رایەتم حاسەی سەرکارم
بێ وادە زوڵمەن بدی ئازارم
هەرگا دیم هیلال ئەو ئەبرۆی سیۆەنگ
یە سیم ئەسرین، یە ئەشرەفی رەنگ

***

جیلوەی جەلای جام(١٥)
جیلوەی جەلای جام دڵەی پڕ جەگەرد
فەرمات پەی تەسبیح(١٦) ها رەوانەم کەرد
پەرێ تۆ خاسەن هەر شام هەر(١٧) سەحەر
هەر شومارەی(١٨) وەسڵ باڵای دڵبەر کەر
نەک چون من وزوو وە هوناو وەستە(١٩)
خەم سیواک، نماز(٢٠) مەینەتان بەستە
نیشتەی گۆشەی تار نمازخانەی دەرد
روو نە پای میحراو هەناسان سەرد
وەی وزوو و نماو وەی سیواکەوە
نەی(٢١) گۆشەی میحراو مزگی پاکەوە
دانەی مەرجانی هەرس مەهجووری
هۆنیای تای دەرۆ(٢٢) رشتەکەی دووری
پەی شومارەی وەکز(٢٣) کزەی ئێش نێش
کافیەن دیدەم تەسبیحم پەی چێش؟

***

هەواڵنامەی کتێب

چون چیهرەی خەیاڵ
چون چیهرەی خەیاڵ روخسارەکەی وێش
نەتۆی پەردەی دڵ مەعدوومی دڵڕێش
نمانا جەمین شای سۆسەن خاڵان
کەم کەم نەگۆشەی لای سیامالان
زەمین مننەتبار پامنیاو مەویەرد
جار جار روو وە ناز باوەشێن مەکەرد[٢٤]
غەریو[٢٥] بیم چەنیم کەرەم نمانا
وەسوقات پەرێم خەدەنگێ شانا
ئەرسەد چون یاران گیان تەسلیم کەردم
خاس بی پەی یادگار خەدەنگێ بەردم.

***

بەرزان هیلال تار
بەرزان هیلال تار وە روان قەراردا
غوررەی شارشۆر[٢٦] دلان دیاردا
نەسیم وە بۆی چین چنوور رووی هەرد
سوب سەباحەلخەیر دەماخ دڵ کەرد
نە[٢٧] پرشەی شەونم[٢٨] نە تۆی پەردەوە
نەرگس مەس مەس چەم وەلاو کەردەوە
سەوزە وەستەن فەرش ئەو چەمەن دەسدەس
گوڵان جام وە دەس بولبولان سەرمەس
مەنام[٢٩] مەکەردێ[٣٠] گرانەن دەردم
ئەر شێویا بۆ قافیەی فەردم
فەریاد جە شۆرەی ئەرز چارەی من
هەر سەوزەی مراد من نادیارەن

داد جە هەوای بەد[٣١]، بەد ستارەی من
هەر نەو گوڵاڵەی من نە پێوارەن
یا وەلوەلەی دەف شا دەروێش جۆشێ
وەو[٣٢] سەدای ریشەی دڵ ئاشناوە
یا جۆش سەمتوور موتریب خرۆشێ
چەنی ئەی دوو فەرد حەسرەت مەعناوە
بەڵ سەوز بۆ تۆمەی[٣٣] ئارەزووەکەی دڵ
هەی[٣٤] چەمە دەخیل شەوێ شەونمێ
بەڵ روو بنمانۆ ئەو نازک نەوگوڵ
ئاه[٣٥] نەسیمێ وادەی سوب دەمێ

***

جەرگت لەتلەت بۆ
تکایە ناونیشانە با پیتی گەورەتر بێ
جەرگت لەتلەت بۆ چەواشەی چەپگەرد[٣٦]
خاڵت جیا کەرد، یە کار بی تۆ کەرد
دیدە وادەی سەیل هۆنەی[٣٧] هووناوەن
دڵە وادەی بەزم نۆشای زوخاوەن
وەش رەنگی بازەم سادەی بێ رەنگی
شادی با وەس بۆ وەختەن دڵ تەنگی
وەشی وادەت شی وەش ئامای وەخەیر
شەوقە وە تەوق بای تا کەی هەوای سەیر؟
مانیای مەینەت سەرەو[٣٨] کۆی ستەم
مەعدوومەی بەر کۆی سەرەو[٣٩] چێرەی خەم
چەن وەختەن دڵەت جە شادی کەیلەن
دەک لێلاویت بۆ یە وەفاو مەیلەن

ئەو چەم وە سـورمـەی خـەمناکی ڕەشـتـە
چەنی گەشت دەشت پای خـەم[٤٠] سـەر گەشتە[٤١]
ئەو سـەبوون سـفـتـەی پڕداخ پەی پەرداخ
تۆ بۆی شنۆی باد[٤٢] ئێـلاخ[٤٣] نە دەمـاخ
ئەو تەشنەی ڕای چۆڵ سـای گەردەن پڕ کـەرد
تۆ سـێـراو[٤٤] نە پـای وەفـراوان سـەرد
تۆ ئـالوودەی بـەزم جـەرگـەی هام دەردان
کەیفی مـەی سوحبەت کـەردێ هام فەردان[٤٥]
چێـشـەن ئارایش هەردەو کـۆسـاران[٤٦]
مـەر خـاڵۆم وەعـەزم سـەیرتـان ئامـان
مـەشـەنیـە چین چین چنوور نەکـاوان
توخـوا مـاتـەم بەر[٤٧] هاژەی وەفـراوان
شنۆی وەرکـاوان[٤٨] ئەو نـەبۆ پەی چێش
هـاژەی وفـــراوان ئـەو نـەبۆ پـەی چێش
نـەسـیم وەس بـویـەر وە کـۆسـاراندا
وەسـەن شـانـای وەڵک وە دیـاراندا
شـنۆی ئـەو بـەرزە ئـەو نـەبۆ پـەی چێش
لـەرزەی سـەد تەرزە ئـەو نـەبۆ پـەی چێش
وە سەدای سـەروەش[٤٩] دڵ وەش مەزاقـان
هـەنـی نـەلـەرزۆ کـەڵڕەم نـە تـاقـان[٥٠]
خـاڵ خـاسـان پەی ئـان هەر بار وەلێـو بان
هێـلانەی دڵان بـا هـەر پـەشـێـو بـان
ئـەوانـە پـەی دڵ ئـەو نـەبـۆ پـەی چێـش
ئـەولانـە پـەی دڵ ئـەو نـەبـۆ پـەی چێـش
دەخیل هـای[٥١] دەخیل خـاڵۆکـەی گـیـانی
وێت نەی سـەفـەردا تەنیـا[٥٢] نەزانی[٥٣]
گـیـان، دۆست[٥٤] گـیـانی ڕەفـیـق ڕاتەن
سـورمـەی بینایـیم[٥٥] تۆزەکـەی پـاتەن
هـەی ڕۆ نـەواچی خـوا نـە کـەردە
خـەم وەفـاو بـەینـەت نـە ویرم بـەردە[٥٦]
بـادەی بـێ وادەی فـەنـام وەردە بـۆ
شـەرت بۆ کـامین شـەرت یاران کـەردە بۆ
تـا دڵ جـە لەززەت دینت بـەرکـام[٥٧] بۆ
ئـەو زەوقـە تـۆ دیت وەمـن حـەرام بۆ[٥٨]

***

سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. ئەم کەشکۆڵە قەوارەکەی (١١ط٧سم)ە، بریتیە لە (١٤٤) لاپەڕە، هەر لاپەڕەی (٦) خشتی تێدا تۆمار کراوە، بە مەرکەبی ڕەش نووسراوە، (٦) پارچە شیعری مەولەوی و کۆمەڵێ بەرهەمی شاعیرانی گەرمیان و شیعری فارسی لە ئامێز گرتووە، مخابن سەرەتا و کۆتاییەکەی فەوتاوە و لەگەڵیدا نێوی بنووسەکەی و مێژووەکەشی نەماوە.

٢. دیوانی مەولەوی– مەلا عەبولکەریمی مودەڕڕیس– چاپخانەی نەجاح بەغدا/ ١٩٦١.

٣. ئەم نیو خشتە لە دیوانەکەیدا بەم جۆرە هاتووە: با بەیۆ شنۆی شیرین ڕازەکەت.

٤. ئاستانەت: دەرگات، لە دیوانەکەیدا نووسراوە: ئاسانەت.

٥. مژە: برژانگ، لە دیوانەکەیدا نووسراوە (مووژە)، من پێم وایە یەکەمیان ڕاستتربێ.

٦. تیر: لە دەستنووسەکەدا نووسراوە: یشە.

٧. مۆرە: زار، لە بەیازەکەدا نووسراوە: موهرە.

٨. بانە: شارۆچکەیەکە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

هەواڵنامەی کتێب

٩. عومر: تەمەن، لە دیوانەکەیدا نووسراوە: عومرێ.

١٠. وە: لە دیوانەکەیدا نووسراوە (بای) واتە: ببی.

١١. ئەم نیـو باڵە لە دیوانەکـەیدا بەم شێـوازە هاتووە: (دیدەن دیدار کـەوت ئەو قـیـامــەت)، بەم جـۆرە شـیـعـرەکـە لـەنگ دەبێ، هـەروەها لە پەراوێزی دیوانەکـەدا ئاماژە کراوە کە نیـو خـشـتـەکـە بەم جـۆرەش هاتووە: (کـەوتەن ئەو دیوان ســارای قیامەت).

١٢. ئەم خشتە لە دیوانەکەیدا بەم جۆرە هاتووە:

دیدەم نەونەمام نەوتوول ساوا
نامەت پەی خەرجی وە لامن یاوا

١٣. هەڵای: هێشتا، لە دەستخەتەکەدا نووسراوە: هالای.

١٤. مانگ: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (ماه) کە هەمان مانا دەبەخشێت.

١٥. جارێکیان شێخ عوسمان سەرڕاجەدین تەویڵە داوای تەزبیحێک لە مەولەوی دەکا، ئەویش ئەم شیعرەی بۆ دەنووسێ و لەگەڵ تەزبیحەکەدا بۆی دەنێرێ.

١٦. تەسبیح: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: تەزبیح.

١٧. هەر: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (تا).

١٨. شومارەی: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (ژمارەی).

١٩. وەستە: سەندووە، لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (ئەستە) کە هەمان واتا دەبەخشێت.

٢٠. نماز: نوێژ، لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (نما) ی کە هەمان مانا دەبەخشێت.

٢١. نەی: لەی، لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (جە) ی کە هەمان واتای هەیە.

٢٢. دەرۆ: لە دیوانەکەیدا: (کرژ) هاتووە.

٢٣. وەکز: لە دیوانەکەیدا (زیکر) نووسراوە.

٢٤. لێرە بە دواوە ئەم دوو خشتە کە لە دیوانەکەیدا هەیە لە دەستنووسەکەدا تۆمار نەکراوە:

(باوەشێن مەکەرد ئەو سەفحەی بێگەرد
نازکێش جەباد ئیحتیات مەکەرد
(نەتۆی تاریکی تای شەدەی بێگەرد
لەتافەت چون ئاوحەیات مەوج مەوەرد

٢٥. غەریو: نامۆ، لە دیوانەکەیدا (غەریب) هاتووە.

٢٦. شار: لە دەستنووسەکەدا (شەهر) نووسراوە.

٢٧. نە: لە دیوانەکەیدا (جە) هاتووە.

٢٨. شەونم: لە بەیازەکەدا نووسراوە: (شەبنم).

٢٩. مەنام: مەنع، قەدەغە، لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (مەنعم).

٣٠. مەکەردێ: مەکەن، لە دەستخەتەکەدا نووسراوە: مەکەردین کە واتای دەکردین دەگەیەنێ، ئەمە هەڵەیە چونکە واتای شیعرەکە لێڵ دەکا.

٣١. بەد: خراپ، لە دیوانەکەیدا (شووم) نووسراوە.

٣٢. وەو: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (بەو).

٣٣. بۆ تۆمەی: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (ببۆتۆم).

٣٤. هەی: وشەی سەر سوڕمانە، لە دیوانەکەی (های) هاتووە کە هەمان مەبەست دەبەخشێت.

٣٥. ئاه: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (دەمە).

٣٦. ئەم نیوباڵە لە بەیازەکەدا بەم جۆرە داڕێژراوە: (خۆ هوونیت نیم چەواشەی چەپگەرد).

٣٧. هۆنەی: لە دەستنووسەکەدا نوووسراوە: (هوون).

٣٨، ٣٩. سەرەو: لە دەستخەتەکەدا نووسراوە: (سەراو).

٤٠. خەم: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (ڕەشت).

٤١. لێرەوە لە بەیازەکەی لای ئێمەدا ئەم دوو خشتە تۆمار نەکراوە کە لە دیوانەکەیدا هەیە:

(هامراز ئاخ و داخ، ناڵە نەوای نەی
دڵ کەباب، چەم جام، خەم ساقی، هوون مەی
(تۆ ئالوودەی بەزم جەرگەی هام فەردان
کەیف مەی، سوحبەت گرۆی هام دەردان

٤٢. باد: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: : (بای) کە بە

شێوەزاری کرمانجی خوارووە، بە فارسی (باد) و
بە گۆران (وا) ی پێدەڵێن.

٤٣. ئێلاخ: هاوینەهەوار، لە دستنووسەکەدا نووسراوە: (لێلاخ).

٤٤. سێراو: لە هەمان بەیاز نووسراوە: (بەرئاو).

٤٥. لەجیاتی ئەم خشتە لە دیوانەکەیدا بەم جۆرە هاتووە:

(مەلان سەر بەرزان، کۆساران، هەردان
بێ شەرتان، جەداخ وەفاتان مەردان

٤٦. لەجیاتی ئەم نیو باڵەش لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (چێشەن ئارایش سەر تا وە دامان).

٤٧. بەر: بە، لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (بە).

٤٨. شنۆی وەرکاوان: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (چنوور نەکاوان).

٤٩. سەروەش: بە دەنگی سەرمەست، لە دەستختەتەکەدا نووسراوە: (جە سەدای سەرخۆش).

٥٠. لە دوای ئەم خشتە لە دیوانەکەیدا ئەم خشتەش هەیە بەڵام لە بەیازەکەدا نییە:

(سەدای ماردومان ئەو نەبۆ پەی چێش
سەفای کەڵڕەمان ئەو نەبۆ پەی چێش

٥١. های: لە دیوانەکەیدا (هەی) تۆمار کراوە.

٥٢. تەنیا: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (تەنها).

٥٣. لێرەوە ئەم خشتە لە بەیازەکەدا نییە:

مەرگ تۆم هەرچەند تەشریف بەردەنی
تەرک خەڵتەو خاک جەستەم کەردنی

٥٤. دۆست: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (دۆس).

٥٥. بینابیم: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (بینابیش).

٥٦. ئەم نیو باڵە لە دەستختەتەکەدا بەم شێوازە هاتووە: (خەم وەفاو بەنێش بووەردە بەردە).

٥٧. بەرکام: لە دیوانەکەیدا نووسراوە: (ناکام).

٥٨. لێرە بە دواوە ئەم خشتانە لە بەیازەکەدا تۆمار نەکراوە:

(جەستەی خەستەی خار سەودایی خەجڵ
با بەس بۆ، تاکەی، ئەی دڵ وەشی دڵ
(چەپگەرد بێ فرسەت شانا مۆرەی نەرد
عومرێ بی ئاما، ویەرد گوزەر کەرد
(زەحمەتەن خەڵاس جە دووری وەردە
بە هووناو بەیۆ عومر ویردە

***

**فەرهەنگۆک**

ئامان: هاتووە

ئالوودە: تێکەڵاو

ئەشرەفی: سککە زێڕێکی بچووکە بۆ خشڵ بەکار دێ

ئەلوەدا: ماڵئاوایی

ئەوە نامامەن: نەگەڕانە دواوە

ئێد: ئەمە

ئیلتیفات: لالێکردنەوە

بابۆ: بابێ

باد: با

بازەم: لێمگەڕێ

بان: بن

با وەس بۆ: با بەس بێ

بدیە وەلاوە: بڕوانە بەلادا

بنمانۆ: بنوێنێ

بوینۆت: بتبینم

بویەر: تێپەڕە

بەرزان: شوێنە بەرزاییەکان

بەرکۆ: ئەوەی لە پێشەوە سوار ئەبێ

بەڵ: بەڵکو

بەهانە: بیانوو

بەیۆ: بێت

بێ ئان: هەمیشە

پا: پێ

هەواڵنامەی کتێب

پالاً: پێڵاو

پەرێ: بۆ

پێوار: خاک

تا: تاڵ، تای شەوە، تاڵی پووشین

تار: شێوە

تۆشە: توێشوو

تەشنە: تینوو

جەلا: ڕووناکی

جیلوە: خۆ دەرخستن

چنوور: ڕووەکێکی بۆنخۆشی کوێستانییە

چەم: چاو

چەنی: لەگەڵ، لەتەک

چەنیم: لەگەڵم

چەواشە: سەر لێ شێواو

چیهرە: ڕوو

خار: دڕک، چقڵ

خەدەنگ: تیر

خەیلێ: زۆر

دابۆ: دابێ

دڵۆش مەزاقان: ئەوانەی لە ئاهەنگ و ڕابواردندان

دیاران: وڵاتان

دینت: دیتنت، بینینت

ڕا: ڕێگە

ڕەشت: شارێکە دەکەوێتە ژووروی ئێران، لەنزیک دەریای خەزەرەوەیە

ڕەشتە: ڕەشتوو

ڕەم: ڕاکردن

زەواڵ: لە ناوچوون

سا: سێبەر، سایک

ستارە: ئەستێرە

سفتە: سووتاو

سوب: بەیانی

سورمە: کل، کڵە

سەبوون: بای بەرەبەیانی فێنک لە هاویندا

سەرگەشتە: سەر لێ شێواو

سەرەو چێرە: سەرەو ژێر

سەرەو کۆ: سەرەو ژوورە

سەوزە: سەوزایی، وردەگیای دەشت

سێراو: تێراو

سێوەنگ: سێوەنگی، ڕەشی زۆر جوان و بروسکەدار

شانا: وەشاندی

شۆرە: زەوییەک لەدار بێ و بۆ کشتوکاڵ نەگونجێ

شووم: نەگبەت: بەدبەخت

شی: ڕۆیشت، تێپەڕبوو

فەرمات: فەرمووت

کامین: کام

کاوان: چیاکان

کەردەبۆ: کردبێ

کێ زانۆ: کێ دەزانێ

گوێ دەر: گوێ بدە

لارێ: تاوێ

لوامەت: ڕۆیشتمە

ماردم: ماردەم: جۆرە تفەنگێکی ڕاوی کۆنە

مانیا: ماندوو

ماه: مانگ

مزگی: مزگەوت

ملان: سەرملەی چیا

مەر: مەگەر

مەرجان: بەردێکی بە نرخی ڕەنگ سوورە، بە زۆری بۆ تەزنی و ملوانکە بەکار دێ

مەردان: مەردم، خەڵکی

مەرِدەبۆت: شکاندبێتت

مەرگ تۆم: قەستەم بە مەرگت

مەشینە: شنەشن مەکە

مەنیا: دایدەنا
مەوج مەوەرد: شەپۆلی دەدا
میحراو: میحرابی مزگەوت، بەرنوێژ
ناستەبۆ: نەیهێشتبێ
نمانا: پیشاییدا
نۆشا: نۆشکردن
نەرد: یارییەکە لە شێوەی تاوڵە
نەسیم: شنەبای فێنکی بەرەبەیان
نەلەرزۆ: نەلەرزێ، نەترسێ
نەواچی: نەڵێی
نەوتوول: نەونەمام، نەمام
نێش: ئازار
وەڵگ: گەڵا
وەلوەلە: هەراو هوریا، دەنگە دەنگ
وە تەوق بای: بە تەوقەوە بی
وەرناستش: ئەگەر نەیهێشت
وەردە: خواردن
وەردە بۆ: خواردبێتیەوە

وەس: بەس
وەستەن: رایخستووە
وەسڵ: گەیشتن
وەش ئامای: خۆش هاتی
وەش ڕەنگی: ڕەنگی خۆش
وەشکەر: خۆشکە
وەشی: خۆشی
وەنەم: لێم
ویرم: بیرم
ویەردەن: تێپریوە
هۆنە: دارژان
هەرگا: هەرجارەی
هەنی: ئیتر
هیلال: مانگی یەک شەوە
هێلانەی دڵان: مەبەست یارانی نازدارە.
یاوا: گەیشت
یە: ئەمە



هەواڵنامەی کتێب



عەبدولخالق یەعقووبی

# شیعر لە نێوان "ناواقیعی دیار" و "نادیاریی واقیع"دا



شیعر ئەو کاتەی وێدەچێ دەروستی هیچ شتێک نییە زۆر شتمان پێ دەڵێ. دەنگی شیعر ئەو کاتە دیار و ئاشکرایە کە لە شتێکی دیار و ئاشکرا نەدوێت. ئەو شیعرانەی هەر لە سەرەتاوە سنووری وڵاتی خۆیان دەستنیشان دەکەن لە کۆتاییدا تەنیا کۆمەڵێک شتی سنووردار و بەرتەسکمان دەخەنە بەردەست.

ماهییەت و سریشتی شیعر پتر لە تەمومژ و گومان و وەهم نیزیکە تا لە رووناکاییی رەهاو حەقیقەت و واقیعی رووت شیعر بە دوای دۆزینەوە و دەربڕینی جوانیدا دەگەڕێ و جوانی – ش هیچ کات بە شێوەیەکی موتڵەق پێناسە هەڵگر و تایبەتمەند نییە. زۆر جار ئەو

مشتومڕ و تاو توێ کردنە فراوانانەی شیعر چ نیشیە جگە لەوەی نیشاندەری ڕۆحی ناسنامە هەڵنەگری جیهانی شیعر بێ. حافیز و شێکسپیر و نالی شیعریان هۆنیوەتەوەو چێژمان پێ دەبەخشن و بەردەوام دەخوێنرێنەوە، بەڵام هیچ کات ناتوانین بڵێین ئەوان ڕێکوڕاست باسی چییان کردووە و لە چی دوواون. ئەگەر کەسێک بێت و بڵێت ئەم شاعیرانە پتر لەسەر بابەتی «عیشق» و «مرۆڤ» و «ژیان» و «جیهان» شیعریان نووسیوە، لە وەڵامدا دەڵێین باشە کام شاعیرە پتر لە مانە نەدوابێت، ئینجا خودی ئەم بابەتانە هەڵگری کام پێناسەی تایبەت و قسە هەڵنەگر و روون و ئاشکران، شیعر لە «عیشق» و «جوانی» دەدوێت بەڵام ناتوانێ و بۆی نییە دواجار دوامانای ئەم بابەتانەمان پێ بڵێ. بۆیە کە دەڵێم شێعر زادەی جیهانێکی تەمومژاوی و تژی لە گومان و وەهمە مەبەستم ئەوە نییە بڵێم شیعر هەقیقەتێکی پێ نییە بۆمان بدرکێنێ، دەخوازم بێژم شیعر هیچ هەقیقەتێکی ڕەها و شک هەڵنەگرمان ناداتە دەست و ئەوەی ڕاستی بێت شیعر هەر لە بنەڕەتەوە توانایی ئەم کارەشی نییە. لەوانەیە زانست و ئایدۆلۆژی هەر کام بە ڕێگای خۆیدا و بۆ مەبەستی خۆی لافی بە جێهێنانی ئەم ئەرکە لێ بدات، بەڵام شیعر ئەوەی مەبەستێتی نوقم بوونە لە جیهانی خەون و خەیاڵ و تەمومژو ڕێژییگەری و ڕوونکردنەوەی زاتی فرەرەهەند و فرەلایەنی ئەم گەردوونە بەرین و بەتەمەنە. شیعر سنووری ئەگەر و ئیمکانەکانی ژیان بەرفراوانتر دەکات و دەروازەی هەست و خۆشی نوێمان بە ڕوودا دەکاتەوە. شیعر ئەزموونی ئەو مرۆڤانەمان بۆ دەکاتەوە بە ڕووداو و بەسەرهات کە گەلێ جار لە ژیانی ئاساییی خۆماندا بە شایانی ئەزموونکردنی ناهێنینە ئەژمار و کەمتەرخەمانە ئاوڕی لێ نادەینەوە. شیعر دەرەتانی بە وشەو وێنەکردنی ئەو ئاکار و گوتارانەمان بۆ دەرەخسێنێ کە لە واقیعی خۆیاندا زۆر جار بێ بەها و بێ قیمەت وەلانراون و لە نێو دڵی ئاخافتنی نووسراودا (کلام مکتوب) تۆمار نەکراون. تەنانەت زۆر جار تەنیا لەسەر دەستی شیعر پێوەندی و شوبهاندنی نوێ ودڵنشین و جوان لە نێو ئۆبژە و بابەتەکانی دنیا یان سووژەو زەنییەتەکانی مرۆڤ دێتە ئاراوە.

بۆ وێنە ئەگەر «چاو» لە جیهانی «واقیع»دا کەرەسەی بینینەو «نەرگیس» گوڵێکی جوانە، لە جیهانی «شیعر»دا «چاو» دەبێتە نەرگیس و لە کەرەسەیەکەوە بۆ بینین دەبێتە بابەتێک بۆ تێڕوانین و تێرامان.

کە واتە شیعر تەنیا باس لە جیهان ناکات بەو شێوەیەی هەیە - ئەو شتەی ئەفلاتوون لە سۆنگەیەوە شاعیرانی پێ تۆمەتبار دەکرد بە لاسایی کەرەوانی واقیع و تەریک کەوتووان لە هەقیقەت - بەڵکو جیهان بەو شێوەی خۆی دەیخوازێ وەسف و وێنا دەکات، شیعر ڕاستە

لە جیهانی «واقیع»دا ئامادەیە، بەڵام بە دوای جیهانی «واقیعی» خۆیدا دەگەڕێ و هەر ئەمەش وای لێ کردووە شیعر هونەرێکی یاغی و سەر بزێو و تابوو بێت. شیعر هونەری بڤەکردنە، هونەری لە یاسا لادان و بە لاڕێدا ڕۆیشتن. شاعیرانی ڕاستەقینە ناوبانگی خۆیان تەنیا لە سایەی وەگەڕخستنی وشە و وێنە و ئاخافتنەوە وە دەست نەهێناوە، بەڵکو ئەوان وێراویانە لە ویشکایی واقیع واز بێنین و پا بنێنە ناو دەریای خەیاڵی شیعرەوە کە زۆر جار دژی ڕێسا باوەکانی سەرزەمینی ویشکایی بووە. شاعیر دوا مەبەستی نووسینی شعیرنییە، بە واتای پڕ کردنەوەی بۆشاییەکانی قاقەز، بەڵکو دوا نیازی سیحرکردن و حیکمەت بەخشین و لەوێوە گۆڕینی یاسای جیهانە. ئەو شاعیرەی نەتوانێ ڕێبازی ژیانی بەردەنگانی بگۆڕێ و هەست و نەستیان بهەژێنێ و بیروباوەڕیان وەرسوڕێنێ تەنیا شاعیری سەرقاقەز و نێو کتێبانە، نەک شاعیری نێو دڵی مێژووی جوانی و داهێنان. شاعیر یان داهێنەرە یان ناداهێنەر، ڕێگای تری لەبەر نییە و ئەرکی دیکەی لەسەر نییە. داهێنان هەموو کات گۆڕانی بە دوادا دێت و گۆڕان واتە بە تاڵکردنەوەی جیهان لە یاسای کۆن و ڕەچاوکردنی ڕوانینی تازە بۆ تەفسیری دیاردەکانی جیهان. کێ هەیە ئەم شیعرەی «حافیز» بخوێنێتەوە و ڕاڤەو ڕوانینی بۆ «زەڕڕە» و «میهرەبانی» و «سەرکەوتن» تووشی گۆڕانی بنەڕەتی نەیات؟!

**کمتر از دزه نئی پست مشو مهر بورز**

**تابه خلوتگەی خورشید رسی چرخ زنان**

«حافظ»

یان کام خوێنەر بۆی هەیە دوای خوێندنەوەو تێرامان لەم شیعرەی «مەحوی» پێوەندییەکی ورد و سەرسووڕهێن و جوان لە نێوان «لێو» و «مەرگ»دا بەدی نەکات؟!

**کە بێ لێوی لەسەر لێوم بنێ، ڕۆحم لەسەر لێوە**

**کە لێوی لابەرێ، ئەڵبەتتە ڕۆحم دەردەچێ پێوە**

(مەحوی، ل٢٩٠)

تەنیا لە جیهانی بێ سنوور و ناسنامە هەڵنەگری شیعر ئەگەری پێکهاتنی پێوەندییەکی هێندە زیندە و زیبا لە نێوان «لێو» و «مەرگ»دا لە ئارادایە. لە جیهانی واقیعی بەرهەست و بەردەستدا «لێو» لە دوا وێستگەی کاربردی جوانی ناسانەی خۆیدا کەرەسەیەکە بۆ ماچی دڵبەر و چێژ وەرگرتن لە وەسڵی یار، بەڵام لەم شیعرەدا «لێو» دیاریکەری چارەنووسی ژیان و مەرگی ئاشقە، «لێو» تەنیا ئەو رووبەرەی جەستەی مرۆڤ نییە کە لە لێوێکی تر دەکەوێ و خواستی دڵ بە جێ دێنێ، «لێو» لێرە ئەو ئەندامە گرینگەی جەستەیە کە

دیاریکەری مانەوە و نەمانەوەی «ڕۆح»ە لەم شێعرەدا پێوەندیی نێوان دوو لێو بە دیوی ئەو دیودا پێوەندیی نێوان دوو «گیان»ە، دوو و ژیان»، دوو «مرۆڤ».

کەواتە شیعر لە سەر دەستی واقیعەکانی ئەم جیهانە لە پێناوی وردتر تێگەیشتن لێیان لەیەک سەرەوە، لە سەرەکەی ترەوە بە مەبەستی کۆپی نەکردنەوەی کت و مت‌یان و بەرهەمهێنانی واقیعی نوێ لە رەگەزی وشەو وێنە هەوڵی خۆڵقاندنی واقیعی خۆی دەدات، بەڵام ئەم واقیعە واقیعێکی تا سەر ئێسک خزۆک و تەمومژاوی و نادیارە، واقیعێکە کە بەردەوام لە حاڵی گۆڕان و گەڕان دایە، هەستی پێدەکرێ بەڵام دەستی پێ ڕاناگا، تارماییەکە دەبینرێ و نابینرێ، ئەمە واقیعی شیعرییە و دیارە واقیعێکی هەتا بڵێی دژوارو جیاوازە لە چاو واقیعی ئاسایی. ئایا واقیعی «ئاو» و «بەرد» لە جیهانی ئەم شیعرەی مەحویدا هاوبوون و هاوشوناس و هاوڕەگەزی واقیعی «ئاو» و «بەرد»ی جیهانی ئاساییە؟!:

**چلۆن ئەو دێتە چاوی من کە یەکسەر عونسوری ئاوە**

**مەحاڵە من کە بچمە دڵیەوە، دڵ کیشوەری بەردە**

«مەحوی، ل ۲۷۱»

شیعری سەرکەوتوو، ئەو شیعرەی کە خوێنەر بانگهێشتی دەنگ و ڕەنگی خۆی دەکات، خۆی لە واقیعی جیهانی ئاسایی و دنیای دەوروبەری ناشارێتەوە، ئەم چەشنە شیعرە لە «نادیاریی واقیعێک» دەدوێ کە لێمان ونە بەڵام نامەوجوود نییە، لە تەمومژدایە، بەڵام بێ بەری لە بوون نییە. لە بەرامبەر ئەم شێوە شیعرانەدا هەندێک شیعر هەن کە لە دۆخی «ناواقیعی دیار»دا بەسەر دەبەن، واقیعێک لە هەناویاندا دەژی کە سەرو مڕ شێوەی واقیعی جیهانی ئاسایی دەدات کە هەر لەم سۆنگەیە لە جیهانی شیعردا دەبێت بە ناواقیعر، یان لە واقیعێکی هێندە زەق و زۆپ و ئاشکرا و ئاشنا و دوور لە ڕۆحی تەمومژاوی و تارمایی ئاسای شیعر دەدوێن کە ئەم واقیعە ناواقیعە لە جیهانی شیعردا، سیفەتی «نادیاریی» خۆی دەدۆڕێنێ و دەبێتە «دیار». کەواتە لەم دۆخەدا شیعر نەک هەر بە واقیعی تایبەت بە جیهانی خۆی ناگات، بەڵکو لە زاتی نادیاریی واقیعەکانیش نیزیک نابێتەوەو هەر بۆیە خوێنەر لەبری ئەوەی بە جیهانێکی تایبەت و ناوازە و پڕ لە راز و ڕەمز و ئاماژە ئاشنا بکات جیهانێکی ئاسایی و سەرنجڕانەکێش و بێ بەری لە نهێنی وسیحر و ئەفسوون دەخاتە بەردەستی.

دەنگی شیعرە رووت و ڕاستەقینە شێوی ئەو «بێدەنگی»یە دەدات کە ژنە شاعیری ئاڵمانی، «مارگۆت بیکێل»، لە شێعرێکیدا بەم چەشنە وێنای دەکات.

**بێدەنگی**
**لێوڕێژی وتە نەوتراوەکانە**
**وتنی ئەوەی کە نەوتراوە**
**دان پێدانان بە عیشقە نهێنییەکان و**
**ئەو شتە سەیرانەی بە زمان ناوترێن.**
**لە ناو ئەم بێدەنگییەدا**
**ڕاستەقینەمان نیهانە**
**ڕاستەقینەی تۆو**
**من.**
(وەرگێڕانی لە فارسییەوە: لەیلا سالّحی)

بێدەنگی لێوڕێژی نەوتراوەکانە، شیعر پڕیەتی لە نادیارەکان، لە ناوبێدەنگیدا ڕاستەقینەکان نیهانە و لە ناخی شیعردا واقیعەکان شاراوەن.

شیعر لە «نادیاریی واقیعەکان» دەدوێت، لەو ڕووبەرەی جیهان کە زمانی ئاسایی نایدرکێنێ و چاوی عادەتی نایبینێ و عەقڵی باو پەیی پێ نابات. باسکردن لە «ناواقیعی دیار» کاری شاعیرانی نزم هزر و زمان کۆڵ و هەست رزیوو گەوهەری شیعر نەناسە، ئەو شاعیرانەی دەیانەوێ بۆ شیعر بمرن، نەک لە شیعردا بژین، ئەو شاعیرانەی گیرفانیان بە تاڵ دەکەن و شیعری لێ دەردێنن، نەک دەست بۆ شیعر بەرن و گیانیانی لێ پڕپڕ بکەن.

ئەم جیاوازییە جیاوازییەکی بە تەنیا مەعریفی یان جوانی ناسانە یان تەنانەت فۆرمی نییە، بەڵکو جیاوازییەکە لە جیهانڕوانی و دیدی گشتیی ئەم دوو جۆر شیعرە: لە لایەکەوە جیهانڕوانییەک کە لە جەوهەری نادیاری واقیعەکان دەکۆڵێتەوە و دزە دەکاتە ناخی شاراوەیی هەقیقەت و پێوەندی و هەبووەکانی بەرهەست و دەرهەست، لەلایەکەی ترەوە دیدێک کە لە بابەتە زەقو زۆپ و دەرکەوتە دیارەکان دەدوێ بێ ئەوەی دیوی ئەو دیوی ئەم بابەت و دەرکەوتانە ببینێ یان بنوێنێ، ، هەر بۆیە دواجار ئەوەی دەیخاتە بەردەستی بەردەنگانی خۆی کۆمەڵێک ناواقیعی دیارە کە هیچ هەستێکی ئەوتۆ لە هەناوی خوێنەردا ناوروژێنێ و هیچ هزرێکی قووڵی پێ نابەخشێ. بەوتەیەکی تر ڕەگوڕیشەی ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی ڕوانینی شاعیر بۆ جیهان و مرۆڤ، بۆ سروشت و ژیان، فەلسەفەیەکی کە دواجار چارەنووسی جوانی ناسانەی مانا و فۆرمی شیعر دیاری دەکات، تەنانەت کار دەکاتە سەر چەشنی هەڵوێستی خوێنەر بۆ شیعر. بۆ وێنە، ئەو دەرفەت و دەرەتانەی کە بۆ دۆزینەوەی هەقیقەتی شتەکان یان دۆزینەوەی پێوەندیی نێوان هەقیقەتی

شتەکان و چێژ وەرگرتن لەم دۆزینەوانە لە شعرێکی شێکسپیردا بەدی دەکرێ هیچ کات لە شیعری شاعیرێکی ئاسایی وە دەست نادات:

In faith, I do not love thee with mine eyes,
For they in thee a thousand errors note;
But' tis my heart that loves what they despise,
Who, in despite of view, is pleased to dote;
(William Shakespear, The sonnets, NO 141)

ئەوەی ڕاستی و هەقیقەت بێ، من لە ڕێگای چاوانمەوە تۆم خۆش ناوێ، چونکی ئەوان لە تۆدا هەزاران هەڵە دەدۆزنەوە، بەڵام ئەوە دڵی منە کە ئەو کەسەی خۆش گەرەکە چاوانم بە سووکوچروک لێ دەڕوانن، ئەو دڵەی، سەرەڕای روانینی ئەوان، بەوە شادە شێتانە خۆشەویستیی خۆی لە هەرادا.

(ویلیام شێکسپیر، غەزەلەکان، بەشێک لە غەزەلی ژمارە ١٤١)

لەم پاژەی غەزەلی ١٤١ـی شێکسپیردا باسی دوو جۆر ئەزموونی ئەڤینداری و خۆشەویستی دەکرێ: خۆشەویستی لە ڕێگای چاوەوە و خۆشەویستی بە دڵ. لە ئەزموونی یەکەمدا، چونکی بینین پردی پێوەندەیی نێوان دەنگی شیعری و خۆشەویستەکەیەتی، عیشق دەبێتە پاوانی ڕوخسار یان جەستەی خۆشەویست، بۆیە ئەگەر ڕوخسار یان جەستەی خۆشەویست هەڵەو ناحەزییەکی تێدا بێت عیشقی دەنگە شیعرییەکەش بۆ خۆشەویستەکەی لەوانەیە بکەوێتە مەترسیی لە کزی دان و نەمان. یان بە راڤەیەکی تر، دەتوانین بڵێین دەنگە شیعرییەکە بۆیە خۆشەویستی خۆی لە ڕێگای چاویەوە خۆش ناوێ چونکی چاو تووشی ئەم تاوانە دەبێ کە بە حوکمی بینین هەزاران هەڵە لە یاردا دەدۆزێتەوە و دیارە ئەم تاوانە کە خۆی لەسەر واقعێکی ڕوخسار یان جەستەی یار ئەنجام دەدرێ خواستی دەنگە شیعرییەکە نییەو بۆیە ناشخوازێ لە ڕێگای چاوەوە یاری خۆش بوێ.

لە ئەزموونی دووهەمدا، باس لە خۆشەویستی بە دڵ دەکرێ. دیارە دڵ لە سۆنگەی ئەوەی مەحەبەت و عیشقی بۆ کەسێک یان شتێک لە ڕێگای هیچ پردێکی پێوەندیی لە چەشنی بینین یان بیستین یان... نییە و سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێ نێونجیی خۆشەویستییە، ئەو کانیاوەیە کە دەنگە شیعرییەکە بۆ خۆش ویستنی یار لێی پاراو دەبێ. خاڵی گرینگ لێرەدا تەنیا ئاماژەدان نییە بە پاکی و پاراویی خۆشەویستی بە دڵ، بەڵکو دەسنیشانکردنی جیاوازیی نێوان خۆشەویستی لە ڕێگای چاو و بە دڵە. ئەم جیاوازییانە لە دەقە شیعرییەکە لە دوو توێ چەند واژە و دەستەواژەیەکدا حەشار دراون:

١–چاو کەرەسەی خۆشەویستییە نەک سەوچاوە،

I do not love thee with mine eyes

**ئەوەی ڕاستی و حەقیقەت بێ، من لە ڕێگای چاوانمەوە تۆم خۆش ناوێ** وشەی (لە ڕێگای) With پیشاندەری کەرەسەیی بوونی چاوە بۆ خۆشەویستی. بەڵام دڵ سەرچاوەی خۆشەویستییە نەک کەرەسە،

But’ tis my heart that loves what they despise

لەم رستەیەدا (دڵ) heart خۆی بکەری کاری (خۆش ویستن) love –ە، لە کاتێکدا لە ڕستەی ئاماژە پێکراوی پێشوودا (من – ی شیعری) I بکەری کاری not love بوو.

٢– چاو بە دوای despise (سووکو چروک روانین)دا دەگەڕێ، لە کاتێکدا دڵ خولیای Love (خۆش ویستن) –ە.

٣– چاو دەخوازێ هەڵە و دزێوییەکانی یار بدۆزێتەوە و تۆماریان بکات،

For they in thee a thousand errors note,

بەڵام دڵ «سەرەڕای ڕوانینی ئەوان»، نەک هەر ئەو هەڵە و پەڵانە نابینێ، بەڵکو شایی بەوەیە شێتانە عیشقی خۆی بنوێنێ.

٤– «چاو» خۆشەویستی بە پێی حسێب وکتێب و سەنگ و سووککردن لێکدەداتەوە، «a thousand errors» (هەزاران هەڵە) – ژمارە لێرەدا هێمای عەقڵ تەوەری و بەرژەوەند خوازییە –، بەڵام دڵ خۆشەویستیی یار تەنیا لە ڕێگای نواندنەوەی خۆشەویستیی خۆی وەڵام دەداتەوە، بێ ئەوەی بۆ ئەم پەرچە کردارەی بیانوویەکی هەبێت جگە لە شادی و خۆشیی خۆی:

«who, in despite of view, is pleased to dote»

**«ئەو دڵەی، سەرەڕای ڕوانینی ئەوان، بەوە شادە شێتانە خۆشەویستیی خۆی لە هەرادا.»**

«نادیاری» لە پێکهاتەی فۆرمی و مانایی ئەم شیعرەی شێکسپیردا وامان لێ دەکات بە دوای هەقیقەتەکانیدا بگەڕێن و ئەم بە دواداچوون و هەوڵ و تەقالایانەش بۆ دۆزینەوە و دۆزینەوەی هەقیقەتەکان خۆی، چێژبەخش و خۆشی هێنە، دیارە بوونی کۆمەڵێک هەقیقەتیش لەم شێعرەدا پابەندی ئەو هۆیەیە کە کۆمەڵێک ڕاستی و پەیوەندیی جیهانی واقیع لە دوو تۆی هەندێک واژە و ئیماژە و خەیاڵ و خوازەدا بوونەتە واقیعی دەقیی ئەم شێعرەی شێکسپیر، بە چەشنێک کە خوێنەر هەست بەوە دەکات خەریکە لە واقیعی ئەزموونی جۆرە خۆشەویستییەک دەگات کە تایبەت بە جیهانی ئەم شیعرەیە.



باس

# ئێزرا پاوند

ئا. و لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح



ناو: ئێزرا ویستن لومیس پاوند

شوێنی لەدایکبوون: ویلایەتی ئیداهۆ، ئەمریکا

بەرواری لەدایک بوون: ١٨٨٥/١٠/٣٠

ڕەگەز: نێر

ئێزرا پاوند شاعیرێکی ئەمریکییە، ژیانی دوور لە وڵاتەکەی بەسەر بردووە. ڕەخنەگر و ڕۆشنبیر و کەسایەتیەکی سەرەکی بزووتنەوەی مۆدێرنیستیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. پاوند هێز و بڕبڕەی چەندین بزووتنەوەی مۆدێرنیستی بوو، لە سەرووی هەمووشیانەوە:* ئیماجیزم و ڤۆرتیسیزم.

## سەرەتای ژیانی

پاوند لە شارۆچکەی هێیلی هەرێمی ئیداهۆ لە دایکبووە. باوکی هۆمەر لوومیس و دایکی ئیزابێل ویستن پاوندە. باپیری حاکمی ویکینسن سادیەس بوو. کاتێ تەمەنی ١٨ مانگ بوو، خێزانی پاوند چوونە دەوروبەری ویلایەتی فیلادەلفیا. دوو ساڵ لە زانکۆی پێنسلڤانیا خوێندی، دواتر چووە کۆلێژی هامیلتن. لەوی لە ١٩٠٥ بەکالۆریۆسی وەرگرت. دواتر گەڕاوە پێن، ماستەری لە زمانی ڕۆمانسی شیعر وەرگرت لە ١٩٠٦.

لە کاتی خوێندنی لە پێن، چاوی بە (ویلیەم کارلۆس ویلیەمس، هیلدا دولیتل) کەوت و بوو بە هاوڕێیانی. ئەوساکە دوولیتل لەگەڵ ئافرەتێکی تردا پەیوەندی هەبوو ناوی فرانسس گریگ بوو. دوا ئەوەی، دوولیتل و گریگ لەگەڵ دایکی گریگ چوونە ئەوروپا. پاوند و دوولیتل لێک دوورکەوتنەوە. پاوند بۆ ماوەی ساڵێک کەمتر وانەی لە کۆلێژی "واباش" وتەوە لە ویلایەتی ئیندیانا. دواتر لە ئەنجامی کێشەیەکی بچووک وازی هێنا. لە ١٩٠٨دا چووە ئەوروپا. دوای بە سەربردنی چەندین مانگ لە ڤینیسیا، لە لەندەن گیرسایەوە.

## لەندەن

سەرەتای شیعری پاوند ڕەنگدانەوەی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی* پری – ڕافایلیتس Pre-Raphaelites و بەرهەمی شاعیرەکانی سەدەی نۆزدە و ئەدەبی ڕۆمانسی چاخی ناوەڕاستە، هەروەها بەرهەمی ڕەوتی نویلی ڕۆمانسی و فەلسەفەی ئیلاهی و خەیاڵی پێوە دیار بوو. دوای ئەوەی چووە لەندەن، کاریگەری "فۆرد مادۆکس فۆرد، تی ئێس هەلم" هانی پاوندیاندا بەرگی زمانی شیعری ئاشکراو سادە فڕی بدات و دەست بە دروستکردنەوەی خۆی بکات وەک شاعیرێکی زیندوو و مۆدێرن. پاوند پێی وابوو "ویلیەم بوتلەر یێتس" شاعیرێکی گەورە و بلیمەتە، بۆیە لە ئینگلتەرا خۆی کردە هاوڕێی. دواتر پاوند بوو بە سکرتێری یێتس، خێرا ئاشنایەتی پەیدا کرد لەگەڵ بیروبۆچوونە ئیلاهیەکانی یێتس. کاتی جەنگی جیهانی یەکەم (ج ج ١) پاوند و یێتس پێکەوە دەگوزەران لە "ستۆن کۆتگ، سەسێکس، ئینگلاند". ژاپۆنیان دەخوێند بە تایبەتی شانۆکانی (نۆھ). بایەخێکی تایبەتیاندا بە کارەکانی "ئێرنەست فینۆلۆسا"، پرۆفیسۆرێکی ئەمریکییە لە ژاپۆن، کارەکانی لە سەر کارەکتەری چینی سەرنجی پاوندیان ڕاکیشا. دواجار، پاوند کاری "فینۆلۆسا"ی بەکارهێنا وەک خاڵی دەسپێک بۆ ئەو شتەی ناوی لێ نا " ڕێچکەی هێمای نووسین: Ideogrammic Method" بە تایبەتی هێمای نووسینی ژاپۆنی و چینی. لە ١٩١٤،

پاوند کچە هونەرمەند "دۆرۆسی شکسپیر"ی هێنا، کچی "ئۆلیڤیا شکسپیر" بوو کە ئەویش ڕۆماننوس و یەکێک لە هەوادارانی کۆنی ییتس بوو.

لە سالانی پێش ج ج ١، دەرکەوتنی ئیماجیزم بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی پاونددا بوو. ئیماجیزمی تێکەڵی بزووتنەوەیەک کرد بە بە ڤۆرتیسیزم ناسرابوو کە بە سەرۆکایەتی ویندهام لویس بەڕێوە دەچوو. ئەو دوو بزووتنەوەیە یارمەتی دەرخستن و زەقکردنەوەی چەند شاعیر و هونەرمەندێکیدا وەک جەیمس جۆیس، ویندهام لویس، ویلیەم کارلۆس ویلیەمس، دوولیتل، یاقوب ئیپستن، ڕیچارد ئالدینگتن، ماریان مۆ، ڕابیندراناس تاگۆر، ڕۆبێرت فرۆست، ڕێبێکا وێست و هێنری گویەر بریزسکا. هەردوو بزووتنەوە کاریگەری ئەوتۆیان هەبوو لە لەدایکبوونی مۆدێرنیزمی زمانی ئینگلیزی. پاوند بە شیعری (وێرانە خاک)ی تی ئێس ئیلیۆت هاوڕێیدا چۆوە: شیعرێک بوو مایەی بایەخ و سەرنجی خەڵکی بوو و هەست و سۆزی نوێیی تیابوو.

لە ساڵی ١٩١٥دا، پاوند دیوانێکی بە ناوی "Cathay"( واتە: ناوی کۆنی چین) بڵاو کردەوە. بەرگێکی بچووکی شیعرەکانی پاوندە کە خۆی بەم شێوەیە وەسفی دەکات " کاریەگەرییێکی زۆری شاعیری چینی ڕیهاکو (لی پۆ)، سەرنجەکانی ئێرنەس فینۆلۆسای ڕەحمەتی، و خوێندنەوەکانی پرۆفیسۆر مۆری و ئاریگای لەسەرە." بەرگەکە ئەم کارانەی تیایە: خێزانی ڕیڤەر مێرچنت: نامەیەک و حەیرانێکی ڕێگای مولبێری.

بە پێچەوانەی وەرگێڕە ئەمریکیەکانی پێشوو بۆ شیعری چینی کە بە شێوازی کێش سەروا و چوارین بوون، پاوند شیعرە چینییەکانی بە دێری ئازاد وەردەگێڕا و دەخستە ژێر دەستی خوێنەر کە بە ئاسانی و ڕێنووس دروستی و پڕ لە گفتوگۆ بەناوبانگ بوون.

زۆرێک لە ڕەخنەگران شیعرەکانی " Cathay" بە سەرکەوتووترین وێنەی شیعری پاوند دادەنێن. سەرەڕای ئەوەی شیعرەکان لە زمانێکی دیکەوە (چینی) وەرگێڕدراون بەڵام گفتوگۆ و مشتومڕێکی گەرمی لە نێو خەڵکی و ڕەخنەگران و ئەدیبان دروستکرد. نە پاوند، نە فینۆلۆسا بە باشی زمانی چینیان نەدەزانی و نەدەخوێندەوە. پاوند ڕەخنەی لێ دەگیرێت بەوەی گوایە کلک و گوێی بۆ شیعرەکان کەم و زیاد کردووە کە لە دەقە ئەسڵیەکەدا نین. هەرچەندە هەندی ڕەخنەگر مشتومڕی ئەوەیانە کە "Cathay " ڕێک وەک دەقە ئەسڵیە چینییەکەیە. "هو کێنەر"ی ڕەخنەگر بەشێکی " داهێنانی چین" لە دەقی ئێزرا پاوند لە " Cathay" وەک کتێبێک لە سەر ج ج١ دەخوێنێتەوە، نەک وەک هەوڵێک بۆ بە

ووردی وەرگێڕانی شیعرە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات. کێنەر دەڵێت: دەسکەوتی ڕاستەقینەی کتێبەکە، چۆنیەتی تێکهەڵکێشانی بیرکردنەوەکانە لە سەر توندوتیژی و هاوڕێیەتی لەگەڵ هەوڵێک بۆ " دووبارە بیرکردنەوە لە سروشتی شیعری ئینگلیزی." هەروەها دەشڵێت: ئەم وەرگێڕانە فشۆڵەی دەقە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات، لە ڕاستیدا تاقیکردنەوەی شیعری ئینگلیزین و شین و گریانە بۆ ڕۆژئاوایەکی شەڕخواز.

جەنگ بیروبۆچوونی پاوندی لە نیو شارستانیەتی مۆدێرنی ڕۆژئاوا لەقاند، دوای ئەوە زوو لەندەنی جێهێشت، بەڵام پێش ئەوەی بڕوات دوو دیوانی چاپ کرد بە ناوی "homage to Sextus Propertiyus" و "Hugh Selwin Mauberley" (1920). گەر ئەو دوو دیوانەماڵئاوایی پاوند بێت لە لەندەن، ئەوا "کانتۆس:Cantos" کە لە ١٩١٥ دەستی پێکرد ڕێگەی بەرەو پێشەوەچوونی پاوندە.



**پاریس**

لە ١٩٢٠، پاوند چووە پاریس. لە نێو کۆمەڵێک هونەرمەند، ژەنیار و نووسەر خۆی دۆزییەوە کە تەواوی جیهانی هونەری مۆدێرنیان کردە شۆڕشێک. بوو بە هاوڕێی چەند کەسایەتیەک وەک مارسل دوشامپ، تریستان تزارا، فێرناند لیگەر و ئەوانی دیکەی بزووتنەوەی دادای و سوریالیستی. هەروەها هاوڕێیەکی باشی باسل بەنتینگ و ئێرنەست هەمینگوای بوو کە زۆر شتیان لێوە فێر بوو: بە تایبەتی لە هەمینگوای. بەردەوام بوو لە نووسینی چامە بەناوبەنگەکەی بە ناوی* "Cantos"، زۆر لە "زنجیرەی مالاتێستای" نووسی، کە یەکێک لە کەسە سەرەکییەکانی چامەکە دەناسێنێت. ئەم چامەیە ڕەنگدانەوەی پێشینەی ئابووری و سیاسی پاوندی پێوە دیارە. لەو کاتەدا، ووتاری ڕەخنەیی دەنووسی، بابەتی وەردەگێڕا و دوو ئۆپێرای نووسی.بە یارمەتی (جۆرج ئەنسیل) چەندین پارچە سۆلۆی کەمانی داڕشت. لە ١٩٢٢، چاوی بە "ئۆلگا روج" کەمانچەژەن کەوت و بەرهەمەکانی خۆی بەو ئاشنا کرد. پێکەوە لەگەڵ دۆرۆسی شکسپیر، چامەی ""ménage a trios نووسی کە تا کۆتایی ژیانی شاعیر هەر بەردەوام بوو.

## ئیتاڵیا

له ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٤دا پاوند بە یەکجاری پاریسی جێهێشت و ڕووی لە شاری ڕاپالۆی ئیتاڵی کرد. بۆ ماوەیەک خۆی و دۆرۆسی لەوی مانەوە، دواتر چوونە سیسیلی و پاشان لە جانیوەری ١٩٢٥ گەڕانەوە ڕاپالۆ و لەوی نیشتەجێبوون. لە ئیتاڵیا بەردەوام بوو لەسەر کارە داهێنەرانەکانی و هەمیشە هەوڵی گۆڕینی شتەکانی دەدا. پەیکەرتاشی گەنج "هێینز هینگهز" بە پەرپووتی گەیشتە لای پاوند بۆ ئەوەی چاوی پێ بکەوێ. پاوند لە لای خۆی شوێنی بۆ کردووە ئەویش دەستی کرد بە تاشینی بەردی مەڕمەڕ. پاوند بە خێرایی فێری تاشینی بەرد بوو. "جەیمس لافلین"ی شاعیریش ئەوساکە شوێن پەنجەی دیاربوو و کۆمپانیایەکی بڵاوکردنەوەی بە ناوی " ئاڕاستە نوێیەکان" دامەزران کە بوو بە مۆڵگەی پێشکەوتنی نووسەرە نوێیەکان. لەو کاتەدا، پاوند زنجیرەیەک کۆنسێرتی ساڵانەی داهێنا لە ڕاپالۆ، کە چەندین پارچە مۆزیکی کلاسیک و هاوچەرخی تیادا نمایش کران. ئەم جموجۆڵ و چالاکییە مۆزیکییە سەرەتای بوژاندنەوە ی "ڤیڤالد ی" کە دوای مردنی کەس لە بیری نەمابوو. دواتر پاوند بۆ یەکەم جار گەڕایەوە ئەمریکای نیشتمانی خۆی لە ساڵی ١٩٣٩. سەرەتای جەنگی جیهانی دووەم، نیازی مانەوەی یەکجارەکی هەبوو. بەڵام دواجار ئیتاڵیای هەڵبژارد و گەڕایەوە بۆ ئەوی. جگە لە ئاوێتەبوونی سیاسی لەگەڵ ڕژێمی مۆسۆلینی، پاوند هۆکاری سەرەکی هەبوو بۆ مانەوەی لە ئیتاڵیا. دایک و باوکە پیرەکەی وازیان لە ئەمریکا هێنا و هاتنە ئیتاڵیا بۆ ئەوەی لەگەڵی بژین، لەوێ تەندروستیان خراپ بوو و نەیانتوانی لە سەردەمی وتوێژی ئاشتیدا بگەڕێنەوە ئەمریکا. لە ئۆلگا ڕوج کچێکی بوو بە ناوی "ماری" یان "ماریا". ڕوج کچە هەرزەکارێکی ئیتاڵی بوو. نەیدەتوانی ژیانی بە یەکجارەکی لە ئەمریکا بگوزەرێنێت. (هەرچەندە ڕەگەزنامەی ئیتاڵی و ئەمریکیشی هەبوو.).

پاوند لە ئیتاڵیا مایەوە دوای بەرپابوونی جەنگی جیهانی دووەم. دووساڵ دوای جەنگەکە ئینجا ئەمریکا لە دیسێمبەری ١٩٤١ هاتە نێو جەنگەکەوە. ئەوکاتە پاوندد بوو بە پێشەنگی پروپاگەندەچییەکان لە دژی هێزەکانی ئەمریکا. هەروەها نووسینی ئەکادیمی بڵاودەکردەوە و ووتاری ڕۆژنامەوانیشی دەنووسی. بەشداری ئەمریکای لەو جەنگەدا ڕەتکردەوە و هەوڵیدا پەیوەندییە سیاسیەکانی لە واشنتن بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی نەهێلێت ئەمریکا لە جەنگ بەردەوام بێت. لە ڕادیۆی ئیتاڵیا چەندین ووتاری خوێندەوە لەسەر پرسە

کـەلتـوورییـەکـان. پاوند پێی وابوو ئابووری ئەوسـاکـە پرسی هـەرە سـەرەکی دنیـابوو. ووتارەکانی تایبـەت بـوون بە سـووخـۆری و بیرۆکـەی نوێنەرایەتی دیموکراسی کە لە لایەن حکومــەت وەک سـوو بـەکـاردەهات لە ڕێگەی بانکە ناوەندییــەکـانەوە، ئەمــەش وای لە حکومـەتەکان کرد پەرە بە بـانکی تایبـەتی بدەن بۆ بەکارهێنانی پارەکانیـان. پاوند سـوور بوو لـە سـەر ئـەوەی کـە بـانکی ناوەندی دەتوانێت پـارە قـازانج بکات لە بەرژەوەندیەکـانی سیستمی بانکی بۆ کڕینی بڵاوکراوە میدیاییەکانی بەریتانیا و ئەرمیکا تا ڕای گشتی لە بەرژەوەندی جەنگ و بانکەکاندا هان بدات.

پاوند یەکەم ئەمریکی ناودار نەبوو ئەم باسە بوروژێنێت: بۆ نموونە، حاکمی نیۆرک بە ئاشکرا هـەمان شـتی لە ١٩٢٢ باسکرد کاتێ وتی " ئەو دەزگـا بانکیـە نێودەوڵەتییـانە کۆنترۆلی زۆرینەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی وڵات دەکەن." پاوند پێی وابوو کە ئازادی ئابووری بنچینـەیە بۆ وڵاتێکی ئازاد. هەمیـشە خۆی لە قـەرەی پرسـە سیاسیـەکاندا دەدا، هەوڵی ئەمریکییەکانی بۆ جەنگ ڕیسوا دەکرد.

ناشێ یەکێک لە ئەمریکا هـەرگیز گوێی لە پـەخشـە ڕادیۆییەکانی بووبێت، لەبەر ئەوەی مـەودای شـەپۆلی پەخشی ئیتاڵیا بێـهێز بوو و بەردەست نەبوو. نوسینەکانی بۆ ڕۆژنامە ئیتاڵیـەکان (لەگەڵ ژمـارەیەک کتێب و بـڵاوکراوە) کاریگەری هەبوو لە ئیتالیا. ئەمریکاش هەمیشە چاودێری پەخشەکانی ئیتاڵیای دەکرد. نووسینەکانی پاوند ئێستا لە کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمـریکی هەڵگیراون. پاوند بە فـەرمی لە لایەن حکومـەتی ئەمریکی بە ناپاک (خائن) تۆمەتبار کرا لە ١٩٤٣ .

لە ١٠ تەمـووزی ١٩٤٣دا، هێـزەکـانی هاوپـەیمان لە سـیسلی نیشـتنەوە و بە خـێـرایی دەستیان بە سەر باشووری ئیتاڵیادا گرت. لە ٢٥ تەمووزی ١٩٤٣دا، شا ڤیکتۆر ئیمانوێلی سێـیەم ، سـەرۆک وەزیرانی ئیتـاڵیا، مـۆسـۆلینی، ی دەرکرد لەسـەر کارەکەی. لە کـاتی جـێـهێـشـتنی تەلاری ئەنجـومـەنی وەزیران ، مۆسـۆلینی گیرا و ڕەوانەی ناوچەی "گران ساسۆ"، هاوینەهەواری "شاخاز" کرا کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئیتالیا، هەرێمی (ئەبرۆزۆ). دوو مانگ دوای لە دەسەڵات لادانی، مۆسۆلینی لە ئۆپەراسینی ئۆک (oak)ی ئەڵمانییەکان ڕزگـار بوو و لە باکـوور گـیـرسـایەوە. سـەر لە نوێ خـۆی وەک سـەرۆک کـۆمـاری وڵات بە خەڵکی ناساند.

پاوند ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە چالاکیـە کەلتووری و پروپاگەندەییـەکان لە کۆمـاری

نوێیی مۆسۆلینیدا، کە تا ١٩٤٥ بەردەوام بوو. پاوند لە ٢ ی ئایاری ١٩٤٥، لە لایەن پارتیزانە ئیتاڵییەکانەوە گیرا، گواستیانەوە بارەگاکەیان لە "چیاڤاری"، دواتر ئازاد کرا لەبەر ئەوەی هیچی لەسەر نەسەلمێنرا. ڕۆژی دواتر، خۆی گەیاندە نێو هێزەکانی ئەمریکا، لە زیندانی کامپی ئەمریکییەکان لە دەرەوەی پیزا دەستگیر کرا، ٢٥ ڕۆژی لە نێو سندوقێکی کراوە بەسەر برد، دواتر ڕەشماڵێکیان پێدا. لێرە پێدەچێت ئازاری زۆری چەشت بێت. هەر لە نێو ئەم کامپەدا چامەی "پیزا"ی نووسی. ئەم کارەی پاوند بە خاڵی وەرچەرخانی پێشڤەچوونی کارەکانی دادەنرێت. لەوێ بیرەکانی قووڵتر بوونەوە لە ئەنجامی شکستی ئەورووپا و وێرانبوونی شوێنە سروشتییەکانی جیهان. چامەی پیزا یەکەم خەڵاتی "بۆلینگن"ی کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی بەدەست هێنا لە ١٩٤٩.

دوای جەنگەکە، پاوند گەڕێنرایەوە ئەمریکا بۆ ئەوەی بەرگری لەخۆی بکات لەو تۆمەتەی کە درابووە پاڵی، گوایە خیانەتی لە نیشتمانی خۆی کردووە. تۆمەتەکان تەنیا ئەو چالاکییانەی گرتەوە کاتێ شانشینی ئیتاڵیا بە فەرمی لە جەنگابوو لەگەڵ ئەمریکا. واتە: پێش ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمان ناو ڕۆما بگرن و مۆسۆلینی بۆ باکوور ڕابکات. پاوند لە سێدارە نەدرا لەبەر ئەو چالاکییانەی لە بەرژەوەندی کۆماری مۆسۆلینی ئەنجامیدا، دیارە لەبەر ئەوەی ئەمریکا هەرگیز بە فەرمی دانی بە کۆمارەکە نەنا. دادگای باڵای فیدراڵ لە ئەمریکا پێی باش بوو دادگایی نەکرێت و ناردیە نەخۆشخانەی ئیلیزابێس لە واشنتن، لەوی ١٢ ساڵ مایەوە لە ١٩٤٦ تا١٩٥٨، پرسی شێتبوونی پاوند ئێستاش گفتوگۆی لەسەرە، چونکە لە ڕووداوەکانی ڕابردوودا، چالاکی و نووسینەکانی لە ساڵانی جەنگدا بە کەسێکی شێت دەچێت. ناپاک (خائن) وشەیەکی بریندارکەرە. گفتوگۆی شێتبوونی پاوند بە چارەنووسی "کنوت هامسەنی" نووسەری نەرویجی دەچێت کە لەلایەن دەسەڵاتدرەکانی بە شێت ناوبرا سەرەڕای ئەوەی بەڵگە هەبوو کە بڵاوکراوەکانی بە پێچەوانەی قسەی دەسەڵاتدارانە.

دوای ئازاد کردنی، پاوند پرسیاری لێکرا ڕای چییە لە سەرنیشتمانەکەی. بەم شێوەیە دوا و بەناوبانگ بوو" ئەمریکا لانەی شێتانە." پاشان گەڕایەوە ئیتاڵیا، لە دوورە وڵات مایەوە تا لە ١٩٧٢دا کۆچی دوایی کرد.

"ئی فولەر تۆری" پیی وایە پاوند مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ کرا لە لایەن دەسەڵاتدارە نهێنیەکانەوە، بە تایبەتی ویندفرێد ئۆهۆلەر، کە ڕاوێژکاری قەشە ئیلیزابس بوو. بە پێی قسەکانی تۆری، ئۆهۆلەر سەرسامی شیعرەکانی پاوند بوو و ڕێگەی پێدا لە ژوورێکی

تایبەتی نەخۆشخانە بژیت. لەوێ، پاوند سێ کتێبی نووسی، کەسایەتی ئەدەبی سەردانیان دەکرد و جار جار خێزانەکەشی. دروستیی قسەکانی تۆری پرسیارگەلی لە سەرە، پسپۆرانی تر ئۆهۆلەر بە تاکە ڕەوشتی مرۆیی ناوزەند دەکەن لەبەر نەخۆشە بەناوبانگەکەی بۆ شێتان. پاوند لە نەخۆخشخانە چەندین شاعیری لە دەور بوو و هەوادارانی بەردەوام سەردانیان دەکرد. پاوند لە نەخۆشخانە سەرگەرمی نووسینی چامەی "کانتۆس، Cantos" بوو و کارەکانی کۆنفۆشیۆسی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی.

"ئوستاس مولینس" توێژەی کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی چەندین جار سەردانی پاوندی کردووە لە نەخۆشخانە. پاوند پێشنیار دەکات بۆ مولینس کتێبێک دەربارەی مێژووی بانکی ناوەندیی فیدرال بە شێوازی پشکنین و لێکۆڵینەوە بنووسێت. پاوند پێی وابوو کە خاوەن بانکەکان، بە تایبەتی بانکە ناوەندییەکان و هاوبەشەکانیان لە بانکی ئینگلتەرا بەرپرسیار بوون لە پەلکێش کردنی ئەمریکا بۆ نێو هەردوو جەنگە جیهانییەکە، لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی قەرزەکانی حکومەت لە ئاستێکی ماقوڵدا بوەستێن (قەرزی نەتەوەیی لە ڕاستیدا بەرز نەبۆوە لەبەر جەنگەکان). کتێبەکە بە ناوی " نهێنییەکانی بانکی ناوەندیی فیدرال"ە، ئەو تۆمەتە دەخاتە پاڵ خاوەن بانکەکان



گوایە خۆیان دەشارنەوە لە پشت پەردەی بانکە ناوەندییەکان و پاڵ بە لایەنە سیاسییەکانەوە دەنێن بۆ ئەوەی وڵاتان بخەنە نێو جەنگەوە، خۆیان قازانجێکی زۆر دەکەن وەک سوود مەندانی سەرەکی قەرزی کاتێ جەنگ. پاوند پاڵپشتی نەهێشتنی سیستمی ئەوسای پارە کرد کە لە لایەن بانکە تایبەتییەکانەوە بە بەکار دەبران لەکاتی جەنگدا. پاڵپشتی دراوی حکومەتی دەکرد کە ئارەزووی پارەدان ناکات. پاڵپشتی قەدەغەکردنی باجی داهات و قەرزی نەتەوەیی دەکرد. پشتگیری سیستمی پێنسلڤانیای دەکرد (کاتێ ژێردەستە بوو) کە لە ساڵی ١٧٣٢تا١٧٦٤ بەکاری هێنا: سیستمەکە سقامگیریی ئابووری دابین کرد بۆ ٤٠ ساڵی مێژووی ئەمریکا، بگرە زیاتریش. پاوند مشتومڕی ئەوەی کرد کە ئەم بۆچوونانەی لە سەر پارە یەکانگیرە لەگەڵ ئەوانەی تۆماس جیفرسن، هەروەها لەگەڵ

دراوی کاتی ژێردەستەیی بێنجامین فرانکلین.

پاوند بوو بە هاوڕێی هوگ کێنەر، کە شیعرەکەی بە ناوی "شیعری ئێزرا پاوند (١٩٥١)"، زۆر کاریگەر بوو لە هەڵسەنگاندنەوەی شیعرەکانی پاوند. پسپۆرەکانی تریش دەستیان کرد بە نووسینی "هەواڵنامەی پاوند"، کە دواجار بووە هۆی بڵاوکردنەوەی یەکەم بەرگی "Cantos"، بە ناوی Annotated Index to the Cantos of Ezra Pound (1957). پاوند زۆر هاوڕێی هەبوو. لە نێو شاعیراندا هەواداری زۆر بوو، وەک ئیلیزابێس بیشۆپ، کە وەڵامی خۆی تۆمار کرد بۆ حاڵەتی پاوند لە شیعری " سەردان بۆ قەشە ئیلیزابێس" و ڕۆبێرت لۆوێڵ، کە زۆرجار سەردانی پاوندی دەکرد. هاوکات هونەرمەند شێری مارتینلی مەزندە دەکرێت سەرچاوەی شیعرە خۆشەویستییەکانیی پاوند بووبێت. ویلیەم کارلۆس ویلیەمس و لوی زوکۆفسکی لەسەردانیکەرانی پاوند بوون، وەک گای داڤنپۆرت، کە دواتر تێزەکەی خۆی نووسی لەسەر شیعری پاوند (کە لە ١٩٨٣ بڵاو کرایەوە)، هەروەها نیگارکێشی فەرەنسی ڕێنی لۆبیس، یەکەم وەرگێڕە کارەکانی پاوندی کردۆتە فەرەنسی. کاتێ کۆمەڵێ شیعری تری پاوندی بڵاوکردەوە لە ٢٠٠١، لۆبیس دەڵێت بیری نایەتەوە تووشی گرفت بووبێت کاتی سەردانی شێتخانەی ئیلیزابێسی کردووە. پرسیاری لە پاوند کردووە ئایا چواردەوری تێکیان نەشکاندووە و بێزاریان نەکردووە. پاوند لە وەڵامدا دەڵێت "نا بە هیچ شێوەیەک، ئەوانە تاکە ئەمریکی پەسەند کراون". کاتێ لۆبیس بە پاوندی وت تۆ لە سایگن لەدایکبووی " پاون وتویەتی " ئەها لەبەر هەندێ! تەنها ئەوروپییەکان لەگەڵ کلیلێکی سەرۆک بۆ کەناڵی "سوز" شایەنی شتێکن...."

چارلس ئۆلسن زۆرجاران سەردانی پاوندی کردووە ( پاوند لە سەرنجێک بۆ پارێزەرەکەی نووسیویەتی " ئۆلسن ژیانی ڕزگار کردووم." چونکە گفتوگۆی شێتانەی لەگەڵ دەکردم. ئۆلسن دواجار بێزار بوو لەگەڵ لێدوانە دژە سامییەکانی پاوند و هیچی دیکە سەردانی نەکردووە.

پاوند ئازاد کرا دوای ئەوەی چەندین لە هەواداران و شاعیرە هاوڕێکانی و هونەرمەندەکان هەڵمەتێکیان گێڕا بۆ ئازادکردنی، بە تایبەتی ڕۆبەرت فرۆست و ئارچیبالد ماکلیش. پاوند هەر بە شێت ناودەبرا، بەڵام مەترسی نەبوو بۆ کەس.

ڕود فلێمنیگ، پرۆفیسۆر لە زانکۆی ماریلاند، زۆرجار سەردانی پاوندی کردووە. پێکەوە کاریان کردووە لە سەر وەرگێڕانی "Electra"ی سۆفۆکلیس، کە لە ١٩٨٩ لە چاپخانەی

زانکۆی پرینستــۆن چاپکرا. فلێـمنیگ دەڵێت، کــاتێ پرسـیــاری لێکرا دەربارەی دژە سامییەتی پاوند، کە پاوند بە هەڵەی دادەنا. پێدەچێت فلێمینگ سوودی لە پەخشانەکانی پاوند وەرگـرتبـێت بۆ نـووسـینی تێـزەکـەی. پاوند بە فلێـمنیکی گـوتوە " دەبێ زۆر بە هەشیاریی ئەو ڕستانەی کە ئاماژە بە گروپ یان ڕەگەزەکان دەکەن، بەکاربێنیت. فلێمینگ سووخۆری، چڵێسی و تەماع هۆکارێکن بۆ دژایەتیکردن".

لەکاتی ئازادکـردنی، پاوند گـەڕایەوە ئیـتـاڵیـا و بـەردەوام کـاری لەسـەر Cantos کـرد. لە١٩٧٢، تەمــەنی بوو بە ٨٧ سـاڵ. پاوند لە ڤـینیـسـیـا کـۆچی دوایی کـرد و هـەر لەوێش نێژراوە.

## شیعری پاوند

چامەی "the Cantos"ی پاوند مـوزیکی تیایە و ناونیشـانەکەی زۆرجار بە "گـۆرانییەکـان" وەردەگـێـڕدرێت، هـەرچـەندە هـەرگـیـز گـۆرانی تیـا نـەبووە. گـوێی پاوند زۆر مـوزیکی بوو، هـەروەکو جۆن ستـڤینی ژەنیـار دەڵێت " شـیـعر و ئاواز بـە جوانی تێکهەڵکێشـراون لە نێو شیعرەکانی پاوندا."

لە ووتارەکـانیـدا، پاوند کێشی نووسـیـوە وەک " زەحـمـەترین جـۆری شـێـوازی مـلـمـلانێی پیاو." هـەمیشـە بە شاعیرە لاوەکانی دەوت گوێیان ڕابێنن لەگەڵ وەرگێڕانی کارەکانی دیکە بۆ ئەوەی فێر ببن چۆن وشـەکان هـەڵبژێرن و جوڵەی وشـەکان تێکەڵ بە یەکتری بکەن. پاوند وەرگـێـڕانی کـردووە لە نزیکەی ١٠ زمـانی جـیـاجـیـای جـیـهـان. پێی وابوو کـە وەرگـێـڕان هـەمیشـە خزمەتی شیعری کردووە.

کاتێ دێرەکانی بە کێش و سـەروا دەنووسی وەک هێڵی مـوزیک دەهـاتنە پێش چاو. پاوند شـیـعرەکـانی خـۆی نەدەکردە مـوزیک. لە ١٩١٩، ئەوسا ٣٤ سـاڵ بوو، پاوند دەستی کـرد بە ڕێچکەی خـۆی کە نووسـینی مـوزیک بوو، وەک شـۆڕشـێک دەسـتی پێکرد دژی مـوزیکەکـەی کـلاودی دێبەسی. پـاوند وەسفی ئەو کـارەی خـۆی دەکا وەک "باشـترکردنـی سیـسـتـمێک بە هـۆی گـوێگرتن لە هـەمـوو یاسـا هـەنووکـەییەکـان". بە چەند وانەیەکی مـوزکیی کـەم لە سـەر نووسینی مـوزیک، پاوند توانی چەند پارچە موزیکێک بنووسێت وەک سیـستینای دانتی" بۆ کەمانچە."

گـرنگترین بەرهـەمی کـە کاری لـە سـەر کـردبێت جوتێک ئۆپێرای "le testament" لە ١٤٦١ نووسـراوە، شـیـعری درێژی فرانکـۆیس ڤیلۆنە، هـەروەهـا "cavalcanti"، کـە ١١ شـیـعرە لەلایەن

گیدۆ کاڤالکانتی لە ١٢٥٠-١٣٠٠ نووسراوە. پاوند شیعرەکانی ڤیلۆنی کردە موزیک بەیارمەتی ئاژینس بێدفۆرد، پیانۆژەنێکی لەندەنی و ڕاهێنەری دەنگ بووە. هەرچەندە نۆتەی کارەکە بە دەستی بێدفۆرد کراوە، پاوند بەرپرسیار بووە لە بواری دراماتیکی و دەنگی. لەو سالانەی کە لە پاریس ژیاوە (١٩٢١-١٩٢٤)، پاوند بووە هاوڕێی نزیکی پیانۆژەنی ئەمریکی و داهێنەر جۆجر ئانسیل. پاوند داوای یارمەتی لێکردووە فێری سیستمی مایکرۆ کێش و موزیکی بکات بە شێوەیەکی وردتر لە جاران. بەم شێوەیە پاوند دەستێکی ڕەنگینی هەبووە لە بواری موزیک. پێی وابووە شاعیر دەبێ گوێی موزیکی بەهێز بێت و ژەنیار بێت.

لەبەر بۆچوونە سیاسییەکانی، پشتگیری بۆ مۆسۆلینی، موعارەزەسی بانکی ناوەندنی (بانکی فیدرال و بانکی ئینگلتەرا) و بۆچوونە دژە سامییەکانی ، پاوند زۆر دوژمنی هەبوو لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا . بەڵام مێژوونووسان و پسپۆرەکان بە گشتی کۆکن کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە شۆڕشی مۆدێرنیستی سەدەی بیستەم لە ئەدەبی ئینگلیزیدا . هەڵوێستی پاوند، دژی نووسەرەکانی دیکەش بۆتەوە وەک تی ئێس ئیلیەت - لە جەرگەی نەریتێ مۆدێرنیستی ئینگلیزی ئەمریکی لە لایەن ڕەخنەگر کێنەر دووپات کرایەوە، بە تایبەتی لە کتێبەکەی لەسەر بزووتنەوەی مۆدێرنیستی بە ناوی " سەردەمی پاوند". مارجۆری پێرلۆفی ڕەخنەگر سوور بوو لەسەر بێگومانی پاوند بۆ چەند نەریتێکی ئەزموونی شیعر لە سەدەی بیستەمدا . وەک شاعیر، پاوند یەکەم سەرکەوتووترین شاعیرە دێری ئازادی بەکارهێنا بێت. شیعرە ئیماجیزییەکانی زۆر کاریگەری هەبوو لە ئۆبژەتیک ناسەکان. کانتۆس و شیعرە کورتەکانی دیکەی پاوند بەردی بناغەی ئالن گینسبێرگ و شاعیرانی تر بووە. گینسبێرگ لێکۆڵینەوەیەکی وردی کردووە لەسەر ئەوەی پاوند دەستەواژەی بێ ئامرازی پێوەندی بەکارهێناوە (وەک: ئەو ژیانی منی ڕزگار کرد - ئەو شایەنی مەدالیایەکە) کە کاریگەری سەرەکی هەبووە لەسەر شیعری سەردەمی پاوند. زۆربەی هەرە زۆری شاعیرە ئەزمونگەراییەکانی ئینگلیو لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا خۆیان بە قەرزداری پاوند دەزانن.

وەک ڕەخنەگر، نووسەر ، گەشەپێدەر پاوند یارمەتی دروستکردنی هەندێ لە نووسەرە هەرە کاریگەرەکانی سەدەی بیستەمی داوە. بۆ نموونە ئەم شاعیرانەی خوارەوە:

, William Carlos Yeats, T. S. Eliot, James Joyce, Wyndham Lewis, Robert Frost .B .W

, Louis Zukofsky, H. Lawrence , Ernest Hemingway, D. , H.D., Marianne Moore Williams

Basil Bunting, George Oppen, and Charles Olson.

هەر پێش جەنگی جیهانی یەکەمیش پاوند خولیای هونەر بووە کاتێ لەگەڵ بزووتنەوەی ڤۆرتیسیزم تێکەڵ بوو. پاوند زۆری بۆ گشتاندن و بڵاوکردنەوەی ئەو بزووتنەوەیە کرد و کەسی یەکەم بوو لە ناساندنی بزووتنەوەکە بە جیهان (ئەو گرنگیەکی تایبەتی هەبوو لە پیشەی هونەری هێنری گۆدیەر بریزسکا و ویندهام لویس.)

وەک وەرگێڕ، پاوند جی پەنجەی دیارە لە وەرگێڕانی شیعری چینی بۆ زمانی سادەی خەڵک. بۆ نموونە ، یارمەتی گشتاندنی شاعیرە سەرەکییەکانیدا وەک کاڤالکانتی و دو فو. ئارەزووی خەڵکی بۆ کارە کلاسیکەکانی کۆنفۆشیۆس زیندوو کردەوە و رۆژئاوای ناساند بە دراما و شیعری ژاپۆنی (بۆ نموونە شیعرەکانی نوھ). هەروەها کارە کلاسیکەکانی یۆنان، لاتین و ئەنگلۆ ساکسۆنەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و ئەم کارە کۆنانەی بۆ شاعیران زیندوو کردۆتەوە لە کاتێکدا زانیاریی کلاسیکی ئەنگلۆ ساکسۆنەکان بەرەو نەمان دەچوو.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە پاریس، پاوند لەگەڵ موزیک تێکەڵ بوو، یەکەم نووسەری جدی بوو لە سەدەی بیستەمدا ستایشی کاری نووسەری موزیکی ئیتاڵی ڤیڤالدی بکات کە بۆ هەمیشە پشتگوێ خراپوو. بە گشتی، پاوند ڕەوتی سەرەتای موزیکی بەرەو پێشەوە برد. هەروەها یارمەتی جۆرج ئەنسیلیدا لە کارە سەرەتاییەکانی، و لەسەر چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر پێکەوە کاریان کردووە. پاوند ئارەزووی لە ئەفسانەگەرایی هەبووە، بەڵام بایۆگرافنووسەکان تەنها بەم دواییانە کارەکانیان لەو بوارانەدا دۆکیومێنت کرد. بۆ نموونە نووسەر لیۆن سەرێت باسی تێکەڵیی پاوند دەکات بە سیستمی روحی لە کتێبەکەی بە ناوی "لەدایکبوونی مۆدێرنیزم".

شیعرەکانی پاوند

A Draft of Cantos XXXI-XLI (1934)

A Draft of XXX Cantos (1930)

A Lume Spento (1908)

Cantos I-XVI (1925)

Cantos LII-LXXI (1940)

Cantos XVII-XXVII (1928)

Canzoni (1911)

Exultations (1909)

Homage to Sextus Propertius (1934)

Lustra and Other Poems (1917)

Patria Mia (1950)

Personae (1909)

Provenca (1910)

Quia Pauper Amavi (1919)

The Cantos (1972)

The Fifth Decade of Cantos (1937)

The Pisan Cantos (1948)

Umbra: Collected Poems (1920)

### پەخشان و ڕۆمانەکانی پاوند

ABC of Economics (1933)

Antheil and the Treatise on Harmony (1924)

Digest of the Analects (1937)

Gaudier Brzeska (1916)

Guide to Kulchur (1938)

How To Read (1931)

Imaginary Letters (1930)

Indiscretions (1923)

Instigations (1920)

or Mussolini (1935)/Jefferson and

Literary Essays (1954)

Make It New (1934)

Pavannes and Divisions (1918)

Polite Essays (1936)

Prolegomena: Volume I (1932)

Selected Prose: 1909-1965 (1973)

Social Credit and Impact (1935)

The ABC of Reading (1934)

The Spirit of Romance (1953)

کتێبخانەی ئەوڵانامە

What is Money For? (1939)

Anthology

Cathay (1915)

The Classic Anthology Defined (1954)

and the Unwobbling Point (1951)، The Great Digest

The Translations of Ezra Pound (1953)

پەراوێزەکان

* ئیماجیزم (imagism): بزووتنەوەیەکی ئەدەبی سەرەتای سەدەی بیستەمە لە لایەن شاعیرە بەریتانی و ئەمریکییەکان داهێنرا. مەبەستی بە مۆدێرن کردنی زمانی شیعری بوو بە بەکارهێنانی زمانی سادە، دێری ئازاد و وێنەی ووردی ڕۆژانە.

ڤۆرتیسیزم (vorticism): بزووتنەوەیەکی هونەری و ئەدەبی بەریتانی سەرەتای سەدەی بیستەم بوو کە فۆرمی دەرهەستی بەکار هێنا بۆ دەربڕینی بۆچوون و خەمەکانی داهاتوو و سەردەمی ئامێرسازی.

* پری – رافایلیتس: گروپێک نیگارکێش، شاعیر و ڕەخنەگربوون لە سەدەی نۆزدە. دژی ماددیەتی سەردەمی ڤیکتۆریا و ناوەڕۆکی نیوکلاسیکی هونەری ئەکادیمی وەستانەوە بە بەرهەم هێنانی کاری نیمچە ئایینی.

* کانتۆس: زنجیرەیەک شیعرە چەندین بابەتی جۆراوجۆر لە خۆ دەگری، لە مێژووەوە بگرە تا کەسی خۆیشی تێدایە. نوسینی لە ١٩١٥وە تا ١٩٧٠ خایاندووە. واتە ئەم چامەیە پرۆژەی ژیانی پاوند بووە.

سەرچاوەکان


Encarta Encyclopedia

Britannica Encyclopedia

www.facebook.com

www.google.com

www.yahoo/poets.com

www.bolgs.com

www.englishtimeline.com

www.americanpoets.com

ئەزموون

ZIWAN

سەباح ڕەنجدەر

# لە ئاهەنگی بیست ساڵەی زیواندا

## شیعری بێگەرد وەک مەسیح لە دایکێکی پاکیزە لە دایک دەبێت

لەو ئەزموونەی خۆمدا کە لە تەنیشت مەرگەوە ژیاوە و کەم و زۆر گەشەی کردووە. هەوڵم داوە ئەو جۆرە شیعرە بەرهەمبهێنم، کە لە دایکێکی پاکیزە لە دایک بووبێت. ئەگەر نەشم توانیبێت بەرهەمی بهێنم تێکۆشاوم لێی نزیک ببمەوە و وەک ڕۆشنبوونەوەیەکی ڕۆحی پێیەوەی خەریکبم.



سەباح ڕەنجدەر

## ئەگەر بگەیشتابوومایە بە تەواوی ئارەزووەکانم درێژەم بە نووسین نەدەدا

ZIWAN

دوای ئەوەی بیست ساڵ بەسەر چاپکردنی یەکەمین کتێبم زێوان تێپەڕی بیرم بۆ ئەوە چووڵا وەک نیمچە ئەزموونێک چەند دێڕێکی لە بارەوە تۆمار بکەم، یان ئەو هەرێمەی ئەو دەقەم تێیدا حەواندووتەوە جارێکی تر بچمەوە ناوی و مەودا و ئاکارکانی بپێومەوە.

لەو دەقەدا هەوڵمداوە بگەڕێمەوە بۆ جەوهەری ڕۆحی منداڵی و بەتاسە و سۆزێکی تایبەتەوە لە زەیندا سەردانی شوێنی منداڵیم بکەمەوە. ئەو شوێنەی شیعر تێیدا بێگەردە و خولیایەکی بەهێزە بۆ بێگەردبوون.

بەهرە و سرووشم لە سروشتی پاکیزە و نەژاکاو وەردەگرت، وەک سەرچاوەیەکی بەپیت و یارمەتیدەر بۆ خەملاندنی بیرکردنەوەم لێی نزیک دەبوومەوە.




لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا یەکەم هەناسەی ئەم دەقە بەسییەکانمدا گەڕا و ڕژایە ئاسۆی هەستەکانمەوە. پێویست بوو هەڵیبگرمەوە، لە بیست و دووساڵیدا بەرهەمهات و تەواو گەڵاڵە بوو. وەک پرۆژەیەکی ئاراستەکراو و خۆ دامەزراندن بیرم لەوە نەکردبووەوە درێژە بە نووسینی دەقێکی لەمجۆرە دوور و درێژ و تاکدەنگی و خەمئامێز بدەم، هەرچەند دەمنووسی پارچەکانم بەیەکدەگرتن هەمووی یەک کەشوهەوابوون و دەچوونە هەمان دۆخی خەمئامێزیی و نووسینەوە وەک ژوورێکی ئاوێنەیی لە هەمولایەکەوە خۆمی ڕووبەڕووکردمەوە، لە دڵەوە لەم ڕووبەڕووبوونە وەیەم پرسی و بەدوایدا گەڕم، بۆ ئەوەی لەسەر گەرمی گەڕاندا دووبکارە خۆم بەبوون بناسێنمەوە و بڕیاری تر بۆ چۆنیەتی ژیان بدەم، هەمولک و پۆپەکانیش بە ژیانەوە گرێ بدەمەوە و لای مەرگ ڕای بگرم، چونکە نوێبەخش هەمیشە بەخۆناساندنەوەی دووبارە ئاشق دەبێتەوەو پێویستییەکانی ئەشق وەک ئاگرێکی ئەفسووناوی لە ناوەوە گەرمی دادەهێنێ بۆ گەڕان و پەیبردن بە ئاڵۆزییەکان و دۆزینەوەی هێڵ و دۆخی نووسین. سەرەتا دوو ناونیشان بەخۆیانەوە خەریکیان کردبووم.

**یەکەم:** منداڵی بەرزەخییەکان.

**دووەم:** زێوان.

بە درێژایی ماوەی نووسین نیگەرانییەکیشم لەگەڵدابوو بۆ هەڵبژاردنی ناونیشان.

لەم دەقەدا گشتێکی یەککرتوو هەیە، لە دوای ئەو ئەزموونە ئەم گشتە یەککرتووە لە ئەزموونی مندا بەرەوکزی و نەمان دەچێت. ڕەگەزی کتوپڕی زاڵ دەبێت و تانوپۆی شێوازی لەمەوبەدوام دەچنێت.

**خاڵی جێگیرکردنی ڕەگەزی کتوپڕی و دیاریکردنی سنوورەکانی و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی دیار لە شیعری تازەی کوردیدا تایبەتە بە ئەزموونی من و بەهرەزادە و دەستمایە و ڕووبەری بیندراوی منە.** تێیدا وزەیەکم بە دەستهێناوە کە وەرگر دووچاری جۆرێک ئا و نا و دڵەڕاوکێ و خۆخواردنەوە دەبێت. سەرەڕای ئەم خۆدەستنیشانکردنە لەم شێوازەدا زیاتر هەست بە متمانەی شیعریی دەکەم و دەشزانم دەبێ باجی خوێنەری یەکئاست و ڕەخنەگری بێ گوتاری ڕەخنەیی و ناخ چەپەڵ بدەم.

ڕێک ئەو چوارساڵەی بەو شیعرەوە خەریک بووم، هەڵاتووی سەربازی بووم. ژیانم لە ناو خانوویەکی ڕووەو هەتاوی دوو ژووریی کە بنمیچەکەی دارەڕێ و قامیشبەندبوو بەسەر دەبرد. ئەو دارەڕێیە و قامیشبەندەم هەمیشە وەک دارستانێکی سەوزی پڕبەرەکەت خەیاڵ دەکرد و بیرم لە قۆناخی سەوزی دار و قامیشەکان دەکردەوە. حەوشەیەک کە باخچەیەکی دڵگیریم تێیدا دامەزراندبوو، لاولاوە بەسەر دیواری حەوشەدا بەرزببووەوە، نێوانی دیوار و لاولاوەکە داڵانێکی دروست کردبوو بەدڵفراوانییەوە جێگامی تێدا دەبووەوە، شوێنێکی هێمن و لەبار و بەهرەبەخش بوو بۆ نووسین و خوێندنەوە. بەوریاییەوەش سوودم لە کاتی خۆم وەردەگرت.




هێڵی نووسین هەستێکی سەیری لەگەڵ خۆیدا دەهێنا زیاتر ئەزموونی ژیان و هاواری خودبوو لەوەی ئەزموونی کتێب و زانیاری و فێربوون بێت. ئەم ژیانە نیمچە داخراوە لەو ماوەیەدا ڕۆحێکی چالاک و سەرڕێژ لە هەوڵدانی بۆ نووسین لە جەستەمدا ڕسکاندبوو. زۆر لە مردن و تارمایی مردن دەترسام، دڵم بە تەقەی دەرگایەک دادەخورپا، کەچی بەردەوام لە حاڵەتی شیعریدا ئەم ترسە پێچەوانە دەبووەوە و بیرکردنەوە لە خۆکوشتن لە دەقەکەدا زاڵ دەبوو. بە وریاییەوە چاودێری سروشت و پێوەندییەکانم دەکرد. میوە و گوڵی وەرزەکانم پەیدا دەکرد و تێیاندا ورد دەبوومەوە، هەستم بە ئاسوودەیی و پشتیوانی دەکرد. دڵم نەدەهات میوەکان بخۆم. کە ڕەنگیشیان دەگۆڕا و بۆن لێی دەدان هەست و ترسی مردن زیاتر لەلام مەترسیدار و قووڵتر دەبووەوە.

ئەو بارو دۆخ و دەوروبەرە هەناسەی توندگرتبووم، بەڵام هەوڵمدەدا بارودۆخە بوونییەکە تانوپۆی تەواوی دەقەکە نەچنێت و داگیری نەکات. بەڵکو سوودی لێوەربگرم بۆ دروستکردنی کەشێکی هەستی. لە پێناوی ئەوەی تا شیعر بە شیعر بمێنێتەوە کەمێک دووربکەوێتەوە لەو بیندراوانەی کە دەبنەمایەی خرۆشانی کاتی.

لەو سەروبەندەدا کۆ شیعری یەک لە شاعیرە ناودارەکانی حەفتایەکانم خوێندەوە بە شێوەیەک شیعری ملکەچی واقیع کرد بوو، ڕۆڵی بیرکردنەوەی خوێنەری تێداکوشتبوو. لە کاتێکدا شیعر ملکەچی ئەو پێوەیستیانەیە کە کاری هونەری و شیعرییەت و زمان دەیخوازن. واقیعی لە دۆخی خۆی هێشتبووەوە، ڕاینەکێشابووە ناو چوار چێوەی شیعرییەت. شیعر پێش ئەوەی واقیع دروستی بکات، یان یارمەتی دەریبێت بۆ دروستبوون کەشێکی هەستی و بنیادێکی زمانییە.

تاڕادەیەک ئەدەبی واقیعی لەبەر دڵ و چاوم سیماو سایەگران کرد. لەوەش دڵنیابووم لە ئەدەبی واقیعیدا شاکاری نایاب هەیە و هەموو توخمەکانی شیعرییەتی تێدا بەجێهێنراوە، بەڵام ئەم شاعیرەی خۆمان نەیتوانیبوو واقیع بە دەوری خۆیدا




بخولێنێتەوە. بەڵکو ئەو سست و تەمبەڵانە بە دەوری واقیعدا خولابووەوە. لەم دەقەدا نەگەیشتم بە تەواوی ئارەزووەکانم، ئەگەر بگەیشتابوومایە بە تەواوی ئارەزووەکانم درێژەم بە نووسین نەدەدا و لە هەوڵدان دەکەوتم. هونەرەجوانەکان گوزارشت لە تەواوی پێویستە ڕۆحییەکانی مرۆڤی هەستپەروەر دەکات. زمان و بیر و خەون و سۆزیش تێیدا فۆرم وەردەگرن. ئاستەکانی فۆرم وەرگرتنیش لە شێوازدا هاوسەنگیان دەوێت. ورووژان و نامۆییەکی بکوژ لە ناخمدا دەستی پێکردبوو، مەرج نییە تەنیا ئەو شاعیرانەی لە دەرەوەی سنووری وڵات دەژین تاراوگەکراوبن، نامۆبوون لەو بارەدایە کە شاعیر تێیدا هەڵسوکەوت دەکات و پێوەندی بەو هەلومەرجەوەیە کە چۆن هەستەکانی دەکاتە بابەتی شیعریی.

پێموایە پێویستە بەو پێناسەیەدا بچینەوە کە نامۆبوون تەنیا لە دەرەوەی سنوورەوە بێت. من لەناو وڵات و کەس و کاروماڵەکەی خۆمدا ئەو دەقەم بەرهەمهێناوە. کەچی نامۆبوون تەواو تانوپۆی چنیوە و بە ئەزموونی تاراوگەکراو و نامۆبوون تێدەپەڕیم. ڕەچاوی گۆڕانی بارودۆخەکەشم دەکرد. ئەم دەقە دەقێکی مۆنۆدرامییە، سروشتێکی زەینی و ڕۆحی هەیە. بەشێوازی مەنەلۆگی ناوەوە بەرهەمهاتووە. پێش ئەوەی لە لاپەڕەی دەفتەر نووسرابێت لە ناخمدا نووسرابوو، بە پڕتاو و هاوارەوە دەهاتە دەرەوە. وەک منداڵێک کە سووڕی گەشەی خۆی تەواو کردبێت و بە ئاسایی و جەستە و ڕۆحێکی تەواوەوە لە دایک بێت. خودا چارەنووسی ئاو و خۆڵ و ئاگر و با و شیعری لاڕوونبوون بۆیە منی وا **گیرۆدە کردوون. لە ئەزموونی مندا شیعر وەک**

**سەمەندەر لە خۆڵەمێشی سووتانی خۆمدا لە دایک دەبێت و ڕۆحێکی غەمگینی دێتە بەر.**

بۆ ئەوەی شاعیر بە شیعرییەت بگات پێویستە بەنامۆییدا گوزەربکات، یان لە نامۆییدا بژێت. چونکە بەشێک لە بوونی شیعر لە جەستەی نامۆییدا دەمێنێتەوە و دەبێتە ئەفسوون و ڕاز. ئەفسوون و ڕازیش شیعرییەت و پێکهاتەکانی تێدا گەشە دەکات و دەدۆزرێتەوە. هەست بە نامۆییکردن لە باری دەروونی و کەسایەتی داهێنەردا بەرجەستە دەبێت و حاڵەت دەیدۆزێتەوە. لە هەموو سەردەمە دژوار و نالەبارەکاندا شیعر ڕۆڵی جوانیبەخشی خۆی وازی کردووە و جەوهەری شیعرییەتی نەدۆڕاندووە.

**شیعرم نەکردووە بە ئامرازی مەبەستە سیاسییەکان، یان دەربڕی سۆزی سیاسی، بەڵام باوەڕ و بیری سیاسیم ڕاکێشاوەتە ناو مەبەستە شیعرییەکانم.**




**بەهای شیعری لە ناو زماندایە نەک لە مانا و مەبەست، بەڵام چێژ لە ئاستداری زمان و مانا و مەبەستدا دروست دەبێت.**

شیعر لە بواری خۆیدا دەتوانێت هونەری شێوەکاری و فۆتۆگراف و گۆرانی و درامای شانۆیی و مۆسیقا و تەلارسازی و هونەری دیکەش وازی بکات، هەروەها هونەری دیکەش دەتوانن بەشداری لەوەبکەن شیعر وەربگێڕن بۆ زمانی خۆیان. شیعر لە هەندێ باردا دەبێتە باوکی هونەرەکان و لە هەندێ باری تردا دەبێتە کوڕی.

ڕێکەوت هەیە شیعر گوزارشت لە بارێکی سایکۆلۆژی دیاریکراو دەکات. تەنیا هێزی ویژدان پەی پێ دەبات وەک چۆن هەندێک جاران مووچڕکێک بە ڕۆح و لەشدا دێت و گوزارشت لە حاڵێتێک دەکات، پاش ماوەیەکی کورت بە هیچ هەوڵ و شێوەیەک ناتوانیت بگەڕێیتەوە سەرهەمان حاڵەتی مووچڕکەکە. مووچڕکیش زادەی بار و چرکە جوانەکان و ویژدانی مرۆڤە لە هەستپێکردنە زۆر تایبەتییەکاندا. کە لە نووسینیشدا دادەمام و نەمدەتوانی بەردەوامبم لەسەر کاغەزەکانی بەردەستم وێنەم دەکێشا، وێنەی ئێجگار سەرەتایی: شاخ و داخ و ئاسمانی بە هەور و مرۆڤ و چرا و چەتری هەڵدراو لەبەر باران و سەبەتەی مام زۆراب و جووجکە و مریشکی دانەوێڵە بۆ ڕژاوی حەوشە و ژنی بە دیارەوە وەستا و کاتژمێری گەورەی دیوار و .... تاد.

کە دەقەکە بە شێوەیەکی گشتی لام تەواو بوو بیرم لە خۆئامادەکردن کردەوە بۆ چاپکردنی و ئەوکێشە و گیروگرفتانەی بەهۆیەوە ڕووبەڕووم دەبنەوە. پێش ئەوەی بۆ دەزگای چاودێری بنێرم پێشانی برادەری شاعیرم **(نەژاد عەزیز سورمێ)**م دا، لە لاپەڕەی

یەکەمدا ئەم بۆ چوونەی یاداشت کردبوو: (زێوان ژانێکی پڕ بەهرەی تێدا بەکارهاتووە، چاپکردنی سەرەتای شاعیریەتییەکی باشت بۆ دەستنیشان دەکات.) بۆچوونەکەی هاندەر و پاڵپشتێکی ڕۆحی بوو بۆمن. سووری کردم کۆڵنەدەم و ئەو سەرەتایە دەستنیشان بکەم.

ناردم بۆ دەزگای چاودێری. دەشمزانی پەیبردن بە تازەیی ئەم شێوازە شیعرییە دوور لە بگرە و بەردە قووڵبوونەوە و گوتوبێژی لە دڵەوەی دەوێ، ئەوجا بڕیار لەسەردان.

دەزگای چاودێریش سێ جار ڕەتیکردەوە بڕواشم بەوە هەیە ئەگەر جاری یەکەم سەرنەکەوتم: جاری دووەم و سێیەم و چوارەم...... تاد. هەیە. منیش سووربووم و کۆڵم نەدەدا لەبەر ئەوەی دەمزانی کارم لە شێواز و زمانێک کردووە قبووڵکردنی بێ گێچەڵ نییە.

ئەو ڕۆژەی نائومێدیان دەکردم و مۆری ڕەتکردنەوەیان لێدەدا. دوای ماوەیەکی کورت دووبارە ئامادەم دەکردەوە و دەمناردەوە. بەهانەی ڕەتکردنەوەکانیشیان هیچ پێوەندی بە هونەر و ئاستی شیعرییەت و زمانەوە نەبوو. لە سەر بنیاد و بنەما جەوهەریەکان بمان وەستێنێت و پێگەوپێکهاتەکانمان نیشان بدات.




بۆچوونی شارەزای یەکەم جۆرێک بناغە و بنەمای تێدایە کە تەمەنی بۆ داهێنان بە گرینگ و پێوەر زانیوە. وەک بۆچوون و جۆرێک لەبیرکردنەوە ڕێزی لێدەنێم، بەڵام بۆ چوونی شارەزای دووەم و سێیەم دژایەتییەکی بێ بنەما و ڕووتن ئەقڵی ڕاڤەکارانەنین جۆرێک سووک تەماشاکردنی ئەدەب و سووکایەتی پێکردنیشە. هیچی تێ ناچێت بڵێی بەرد باری و گێڵگە و سروشتی سەوز و پاراوکرد، یان بەرد بارین سوودمەندە بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام کاری پرۆگرامی ڕەخنەگر ئەوەیە سەوزبوونەکە وەربگێرێ بۆ باری واقیعی بەرد بارینەکە. ئەو کات درکی بە نهێنی هێزی داهێنەرانەی شاعیر بردووە و بیر و هونەری شاعیری بۆ وەرگرە وەرگێڕاوە. بۆ جاری چوارەم مۆڵەتی پێدرا. کە دانە مۆڵەت پێدراوەکەم پێگەیشتەوە ئەوشەوە یەکەم شەوە لە ژیانی خۆمدا تێیدا نەنووستبێتم تا بەیانی لە بارێکی شاگەشکەیی ژیام. وامدەزانی ژیان هەمووی لەناو ئەو دەفتەرەدایە کە پاش ماوەیەکی دی دەبێتە کتێب. پەلەم بوو بڵێم منیش هەم، ڕووبەڕووی خودی خۆم ببوومەوە. شیعرم بۆ ئەوە نەبوو بە هۆیەوە جیهان بناسم. بۆ ئەوەم بوو چیرۆکێک دروست بکەم بۆ گێڕانەوە.

ئەو سێ بۆچوونەی کە پێی تلاومەتەوە و ئەو بۆچوونەی کە پێشی شاگەشکەبووم وەک خۆیان تۆماریان دەکەم.

**یەكەم:** (ئەم شاعیرە نەناسراو و لاوە، كەچی چەكامەیەكی درێژی نووسیوە، چەكامەی لەم شێوەیە پێویستی بە ئەزموونی دوور و درێژ و دەوڵەمەندە. ئەمە تازە لە سەرەتای ڕێگادایە. چاپكردنی دوابخرێت سوود بە بەهرە و دوا ڕۆژی شاعیر دەگەیەنێت.)

**(محەمەد عەبدولكەریم)**

**دووەم:** (ڕەشبینییەكی لە ڕادەبەدەر گەمارۆی ئەم لاوەی داوە، ئەگەر لاوی ئەم وڵاتە بەم شێوەیە دووچاری ڕەشبینی و گێژەن بووبن ئەوە كارەساتە، ئەمجۆرە دەربڕینەش یاخی بوونیانە لە دەسەڵات و واقیع. دواتریش زۆر ئاڵۆز و تەم و مژاوییە. هیچ جۆرە كێشێكی تێدا نییە. شیعری سەربەست كێشی تایبەتی هەیە. نەپەخشانی هونەرییە. نەشیعری سەربەستە. هانی ئەمجۆرە نووسینانە نەدرێت.)

**(مەجید نەدیم)**




**سێیەم:** (ئەمە شیعرێكی ئاڵۆزە، كۆمەڵێك وڕێنەی لاوێكە كە هێشتا لە شیعردا خۆی نەدۆزیوەتەوە. ئەم شاعیرە یەكێكە لەو گرووپەی دەیانەوێ دوای (ڕوانگە) وەك بزووتنەوەیەكی شیعریی خۆیان بناسێنن. (مەحموود زامدار) ڕابەرایەتی و پڕوپاگەندەی گەورەكردنیان بۆ دەكات، ناوی لێناون ( پێشڕە – تەلیعی). ڕەگی ئەم گرووپە لەناو كۆمەڵگای كوردەواری نەهاتووە. پەیڕەوی ئەدەبی ئەورووپی دەكەن. ڕەوانییە ڕێگا بۆ ئەوانە خۆشبكرێت ئەم ئاژاوەیە بنێنەوە و بیهێننە ناو ئەدەبی كوردی.)

**(محەمەد بەدری)**

**چوارەم:** زێوان ئەزموونی لاوێكە، بەڵام هەڵكەوتووە، هونەر و داهێنانی تێدایە. هەوڵ و شێوازێكی ڕەسەن و خۆماڵییە بەرەو نوێخوازی، پشتیوانی لێكردنی بۆ چاپكردن پێویستە. دوای ئەوەی ئەو شوێنانەی ئاماژەم بۆ كردووە لابدرێت تین و تاوێكی بە جۆش بە شیعرەكە دەبەخشێت و لە ئەگەر و گومانیش دایدەماڵێت.)

**(مەحمود زامدار)**

لەو بگرە و بەردەیەی ڕەتكردنەوە و ڕێپێدانی كتێبەكەمدا ڕۆژنامەنووسی ناودار **(مەحموود زامدار)** هەستی بە باری دەروونی و نیگەرانی من كرد بوو كە لە ناخەوە زۆر كەسەربارم، چاوپێكەوتنێكی تێروتەسەلی لەگەڵ سازدام بە ناونیشانی (مژدەیەكی تر

بەرەو نوێخوازی) بە دوو ئەڵقە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاویکردەوە. بە وردی بۆ چوون و دەردە دڵەکانی خۆم دەربڕیبوو، تاڕادەیەک لە خۆڕازی بوونێکی هەرزەکارانەشی تێدابوو، بەڵام بۆچوونەکانم لەو ئاستەدا خۆیان دەکردەوە کە کتێبەکەم دەیویست پێشکێشی بکات، یان ئەو هیوایانە بوون کە هەمبوون، بەڵام نەمهێنابوونە دی.

سەرەتا نووسین یەک وشەبووە. دواتر ئەم وشەیە بەناو ژیاندا درێژبووەتەوە. بووەتە سەرچاوەی بەهرە و سرووش. ئەم دەقەی منیش سەرچاوە و بەهرە و سرووشی لە یەک وشەوە وەردەگرێت. حوزەیرانی ١٩٨٨ وەک کتێبێک لە ٨٨ لاپەڕەدا چاپم کرد و هەموو دڵخۆشییەکانم هاتنەدی. قۆناخی هەشتایەکان لە شیعری تازەی کوردیدا قۆناخێک بوو شیعری لە باری هەڵچوون توندوتیژی خستنەوە گواستەوە باری خامۆشی و تێرامان و شۆڕبوونەوە بۆ ناخ و ڕوونبوونەوەی دیدگا. لانی کەم کەشێکی جیاوازی هێنایەگۆڕێ. ئەم گواستنەوەیە چ لەلایەنی دەسەڵاتەوە. چ لەلای ئەو شاعیر و نووسەرانەی هەستیان دەکرد کەشێکی جیاوازتر هاتووەتە پێشەوە خەریکە خۆی زاڵ دەکات و دەبێتە ڕووداو و دیاردە. ئەو جیاوازییەیان پێ قبووڵ نەدەکرا. دەسەڵاتیش دوور و نزیک بە دژی ئەو بزووتنەوەیە بەکاریدەهێنان.




چامەی زێوانیش پێش چاپکردنی، دەزگای چاودێری چڕنووکی لە خوێن و گۆشتی وەشاندووە، دوای چاپکردنیش کۆمەڵێکی تر چڕنووکەکەیان توندتر گوشی. ئەو بۆچوون و دژایەتی کردنانەم هیچ بەلاوە گرینگ نەبوون، ئەوەی گرینگ بوو چۆن پڕۆژە شیعرییەکانم بگەیەنمە ناوچە بەرزەکانی شیعرییەت. وەڵامیشم بۆ بیانووپێگران تەنیا بزەیەکی سامناک بوو، بۆ لەمەوبەدواش هەر هەمان بزەی سامناکم دەمێنێتەوە، چونکە دڵنیام خەڵکی بێ بەهرە و ناداهێنەر سەرقاڵی کاری لەمجۆرە دەبن. لەم ڕووەشدا ڕووبەڕووی نووسەری بە بەهرە و داهێنەر نابمەوە.

درووود و سوپاس بۆ زێوان و ترپەی لێدانی دڵم کە ئاگرێکی ئەفسانەییە و بەردەوام هێزی ڕۆحی و گەشەم دەداتێ. سەرکۆنەشی کردم و گوتی: ئەگەر گەنجینەی ڕۆحت بە تاڵ بوو، نەتتوانی لە خۆبە پیتکردن و پەرەپێدان بەردەوامبیت تەرمی خۆت زوو لەبن بارستێکی خۆڵ بشارەوە. ئاگاداریشبە شیعری بێگەرد بە دەستی گڵاو ناگیرێت. گەورەم ئەی شیعری بێگەرد تا مردن سەرلەڕێ و گوێڕایەڵتم.

**حوزەیرانی ٢٠٠٨ هەولێر**

دیدار

## عەلاء ئەلئەسوانی:

# لە هیچ ڕۆمانێکدا ڕووداوی ڕاستەقینە نییە

و: شلێر محەمەد

هەواڵنامەی کتێب

عەلاء ئەلئەسوانی لە ساڵی ١٩٩٠ەوە دەستی بە نووسینی ئەدەبی کرد، ئەوکاتی نۆڤلێتی (کاغەزەکانی عیسام عەبدولمەعاتی) تەواو کرد. پاشان چەند ڕۆمانێکی دیی بە چاپ گەیاند، گرنگترینیان و ئەوی زۆرترین مشتومڕی دروست کرد، ڕۆمانی (باڵەخانەی یاقووبیان) بوو، کە لە ساڵی ٢٠٠٢ دا دەرچوو. پاشان لە ساڵی ٢٠٠٧ دا ڕۆمانێکی پڕ لە جورئەتتری دەرکرد، بە ناوی (شیکاگۆ). تێیدا باس لە کێشەی گەندەڵی لە میسر و ڕەگەزپەرستی کە لە دوای ١١ی سپتەمبەر ئەمریکای گرتۆتەوە، دەکات. نووسینەکانی دوای بە فیلم کردنی ڕۆمانی (باڵەخانەی یاقووبیان) ناوبانگی زیاتریان دەرکرد و قسەی زۆریان لەسەر کرا. لەم دیمانەیدا، کە گۆڤاری (سیدتی – خاتوونەکەم) لەگەڵیدا سازی داوە، زۆر بە ڕاشکاوی و ڕوونی وڵام دەداتەوە.



*** درەنگ دەستت بە نووسین کرد، بەڵام سەرکەوتنی گەورەت بەدەست هێنا، چۆن ئەم هاوکێشەیەت بە ئەنجام گەیاند؟**

– بە درێژایی تەمەنم ئەدەب گەورەترین شت بووە لای من، بەداخەوە لای ئێمە لە جیهانی عەرەبیدا بۆچوونێکی هەڵە هەیە، پێی وایە گرنگیی نووسەر بەندە بە چەندێتی بەرهەمەکانییەوە، ئەمەش کارێکی خراپە، چونکە ئەدەب بە چۆنیەتی دەپێورێت، نەک بە چەندێتی.

**لە جیهانی عەرەبیدا بۆچوونێکی هەڵە هەیە، پێی وایە گرنگیی نووسەر بەندە بە چەندێتی بەرهەمەکانییەوە، ئەمەش کارێکی خراپە، چونکە ئەدەب بە چۆنیەتی دەپێورێت، نەک بە چەندێتی.**

*** ئایا بەر لەوەی دەست بە نووسینی ڕۆمانێک بکەیت، بیرۆکەیەکی پێشینە یاخود وێناکردنێکت لەبارەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە هەیە، بیرۆکەی ڕۆمانی شیکاگۆت چۆن بۆ هات؟**

– یەکەم، ڕۆمان بابەتێکی ڕۆژنامەوانی نییە، کە پێشتر بیرۆکەیەکت لەسەری هەیە، نووسینی ئەدەبی زۆر جیاوازە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسیدا.

دووەم، سەرکەوتن یاخود سەرنەکەوتنی ڕۆمان لە دەستی مندا نییە. بەڵکو لای خواوەیە.

ئەرکی سەرشانی من ئەوەیە باشترین شتم بخەمە ڕوو، بەر لە (باڵەخانەی یاقووبیان)، ١٠ ساڵ دانیشتم و خۆم فێرکرد چۆن ڕۆمانی گەورە بنووسم، لە ڕۆماندا تۆ کاراکتەرەکان دەستەمۆ دەکەیت، تاکو هەموویان لەسەر ڕاستە ڕێگەیەک دابنێیت. هەرچی شیکاگۆیە، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە بۆ خوێندن بۆ ئەمریکا چووم، بیرم لێ کردەوە. کاتێک یەکەمین جار پەنجەرەم خستە سەرگازی پشت دەبینم ئەمریکییەکان لە ناو زبڵ و بۆ شتێک دەگەڕێن بیخۆن، دڵتەنگ و بێزار بووم. بە هەستی ئەدەبیی خۆم وام هەستکرد ئەمە ئەزموونێکی گرنگە و ڕەنگە دووبارە نەبێتەوە، دەکرێت پاشان لە پرۆژەیەکی ئەدەبیدا سوودی لێ ببینم.

**بەر لە (باڵەخانەی یاقووبیان)، ١٠ ساڵ دانیشتم و خۆم فێرکرد چۆن ڕۆمانی گەورە بنووسم، لە ڕۆماندا تۆ کاراکتەرەکان دەستەمۆ دەکەیت، تاکو هەموویان لەسەر ڕاستە ڕێگەیەک دابنێیت**

*** باڵەخانەی یاقووبیان، ئەوی نووسیبووت هەر ئەوەت لە فیلمەکە گوت؟**

– سینەما هونەرێکە جیاوازیی لەگەڵ ئەدەبدا هەیە، هەروەها فیلمیش ڕیتمی لەگەڵ ڕۆماندا جیایە. بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە، کاتێک ڕۆمانەکە بە فیلم دەکرێت، بیرۆکەکانی ڕۆمانەکە بپارێزێت و لە ئاستێکی هونەریی بەرزدابێت، وابزانم لە فیلمی باڵەخانەی یاقووبیاندا ئەمە کراوە.

*** هەندێک دەڵێن لە فیلمەکەدا دیمەنی نەشیاو هەیە، هەر ئەمەش بۆتە ئەگەری سەرکەوتنی، هەڵبەت ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر لاوان دەبێت، تۆ چی دەڵێیت؟**

– یەکەم، لە فیلمەکەدا دیمەنی ناوازە و لادان نابینیت.. تەنیا (قسە و قسەڵۆکە)، کاراکتەرەکان لە فیلمەکەدا دەستیان بەر یەکتر ناکەوێت، پاشان ئەوی بیەوێت دیمەنی ناوازە (شذوذ) ببینێت، بۆ سینەما ناچێت، بەڵکو بە ئاسانی پەنا بۆ ئەنتەرنێت دەباو چی بوێت تەماشای دەکات.

*** ڕۆمانی (شیکاگۆ)ت لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سپتەمبەر نووسی، بۆچی ئەم ناوەت لێ نا، ئەی ئەو نامەیە چی بوو ویستت بیگەیەنیت؟**

– ١١ی سپتەمبەر لە ناو ڕۆمانەکەدایە، بەڵام دەوری سەرەکی لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا نەبووە، بیرۆکەی ڕۆمانەکە ئەوەیە، لە کۆتاییدا ئێمە بوونەوەری مرۆییین، دەکۆشین بۆ ژیانێکی یەکسان و تەواو کەماڵ و دۆخێکی دادپەروەرانە، تاکو بە سەربەرزی بژین . ئەمەش لە ڕاستیدا لە زۆرێک لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بەدی نەهاتووە. لە زۆرکاتیشدا لە ئەمریکادا سەقامگیر نەبووە، هەروەها بۆ هەندێک توێژی پەراوێزخراوی کۆمەڵگەی ئەمریکی و ئەوانەی هەوڵمداوە لە ڕۆمانەکەدا گوزارشتیان لێ بکەم، کە ڕووداوەکانی لە شیکاگۆ دا ڕوو دەدەن، بۆیە بەم ناوەوە ناوم نا.

*** ئایا ڕووداو و کەسایەتییەکانی ڕۆمانی (شیکاگۆ) ڕاستین؟**

– لە ڕۆماندا ڕووداوی ڕاستەقینە بوونی نییە، نووسەرێک نییە لە ڕۆمانەکەیدا ڕووداوی ڕاستەقینە بنووسێت، ڕۆماننوس ئیلهامی ڕووداوە ئەدەبییەکان لە شارەزایی خۆیەوە وەردەگرێت، لە ئەدەبیشدا شتێک نییە ناوی گواستنەوەی واقع بێت، تەنانەت ئەگەر واقع وەکو خۆیشی بگوازێتەوە کارە ئەدەبییەکە، ئەوا دەگۆڕێت.

*** کەواتە بۆچی کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکانت داخ لە دڵن و ڕقیان لەم بارودۆخەی ئێستایە؟**

– یەکەم، ئەوانەی ئەم تاوانبار کردنە دەڵێنەوە، خەڵکانێکن پێوەندییان بە ئەدەبەوە نییە، ئەدەب هەرگیز دان بەو نموونە مرۆ لە قاڵبدراوانەی ناو زنجیرە تەلەفزیۆنییەکاندا نانێت، بۆچوونی ئەدەب زۆر لەوە گەورەتر و فراوانترە، ململانێی نێوان خێر و شەڕ دەخاتە بەرچاو، من

کاراکتەری خراپم نییە، تەنیا کاراکتەرێلێکن ژیانیان خۆشدەوێت، وەلێ کۆژانی خۆیانیش هەیە و دۆخەکەش لە خۆیان بەهێزترە و دەیەوێت سەرلەنوێ لەسەر پێی خۆی بووەستێت، ئەدەب ئەمەیە.

*** هەندێک بەوەت تاوانبار دەکەن، کە (عەباس ئەسوانی)ی باوکت، گێڕەرەوەی ڕاستەقینەی ڕۆمانەکەتە، نەک خۆت؟**

– بەداخەوە ئەمە تۆمەتبارکردنێکی پووچ و بێ مانایە، بە ڕادەیەک پێم باش نییە وڵامی بدەمەوە، باوکم ساڵی ١٩٧٧ کۆچی دوایی کردووە و سەرجەم کارەکانیشی بڵاوکراونەتەوە.

*** ڕەنگە لەبەر ئەوە ئەو تۆمەتەیان نابێتە پاڵت، چونکە باوکت نووسەر بووە؟**

– خێزانی وا هەیە سێ نەوە نووسەریان تێدایە، من سێ ڕۆمان و دوو کۆمەڵە چیرۆکم هەن، وا دەزانم کات کوشتنە ئەگەر وەڵامی ئەم قسانە بدەمەوە، هەموو بەرهەمەکانم هیچ پێوەندییەکیان بە نەوەی باوکم و نووسینەکانییەوە نییە، گرفتەکە لەوەدایە، کاتێک ئەو سنوورەی بۆ سەرکەوتن دانراوە دەبڕیت، ئیدی ئیرەیی بە دواتەوە دەبێت، هەندێک جار ئەو ئیرەییە دەگاتە ڕادەی ڕق لێ بوونەوە، من لەم ساڵانەی دواییدا بەرزترین ئاستی فرۆشتنم لە کتێبەکانمدا بەدەست هێناوە، لە هەردوو ڕۆمانی (شیکاگۆ) و (باڵەخانەی یاقووبیان) دا پلەی یەکەم و دووەمم بەدەست هێناوە و ڕۆمانەکانم بۆ ١٩ زمان وەرگێڕراون و چەندین خەڵاتم بەدەستهێناوە، هەموو ئەمانەش بە چاک و بە خراپ ڕەنگ دەدەنەوە.

*** لە سۆنگەی تێکەڵکردنت لەنێوان زمانی بازاڕی و زمانی ڕەواندا ڕەخنەی توندت لێ گیرا، ئایا تا سەر بەم شێوازەوە پابەند دەبیت؟**

– لەگەڵ ئەو ڕەخنانەدام، لەگەڵ ئەوانەدا نیم کە شێوەزارەکان لە قسەکردندا بەکار دێنن، هەمیشە هەوڵ دەدەم بە زمانی سێیەم بنووسم، کە دەکرێ بە زمانی ڕەوان بخوێنرێتەوە، بەڵام وا بە مێشکدا دێت کە شێوە زمانی ناوخۆییە.. من چونکە شانازی بە زمانی ڕەوانەوە دەکەم و وایدەبینم پێوەندیی ڕاستەقینەی نێوان ڕۆڵەکانی وڵاتە عەرەبییەکانە.. لە ئەنجامی ئەو شارەزاییە خاکییەی لە ئەدەبدا هەمە، ئاسانترین شت ئەوەیە دەقێکی ئەدەبی بنووسیت کەس تێی نەگات، پاشان ئەم نووسەرە لە شوێن مامۆستا دابنیشێ و خوێنەر بە نەزان تاوانبار بکات، هەروەها بەوەی کە بەدواداچوونی بۆ ڕەوتە تازەگەرییەکان نییە. ململانێی گەورە لە بەرامبەر نووسەردا ئەوەیە دەقێک بنووسێت هەمووان تێی بگەن و پڕ ماناش بێت.

*** لە هەندێک بەرهەمدا پەنا بۆ وروژاندنی غەریزەکان دەبرێت، تا سەرنج ڕابکێشێت و ناوبانگ بەدەست بێت، ئایا تۆ کەوتوویتەتە ئەم داوەوە؟**

– من پێویستم بە ناوبانگ نییە، تاکو پەنا بۆ ئەم شێوازە ببەم، بە نیسبەت بابەتی وروژاندنی

غەریزەکانیشەوە، ڕۆمانێلێک هەن بە تەواوی پەنای بۆ دەبەن، کەچی ڕەواج و ناوبانگیان بەدەست نەهێناوە. ئەوی بە وردییش باسم کردووە، بۆ پێویستیی هونەرییە ناکرێ دەستبەرداری بین. ڕۆمان ژیانە لەسەر کاغەز، لە ژیانمان دەچێت، بەڵام دەلالەت و قووڵیی زیاترە. ڕاستی ئەوی ئاواتی بۆ دەخوازم، بەرهەمهێنانی ژیانی ڕاستەقینەیە لەسەر کاغەز و کاراکتەرەکانیش لە گۆشت و خوێن بن. مخابن، ئێمە بە دەست دووفاقییەوە (الازدواجیە) دەناڵێنین، کە چەپاندنی (کبت) بۆ هەندێک دروست کردووە.

**لە ڕۆماندا ڕووداوی ڕاستەقینە بوونی نییە، نووسەرێک نییە لە ڕۆمانەکەیدا ڕووداوی ڕاستەقینە بنووسێت**

*** مەبەستت لە دووفاقی چییە؟**

– کاتێک دەڵێم من دژی دووفاقیم، ئەوا لەسەر دووفاقیی وەکو شوێنەوارێک لە شوێنەوارەکانی چەوسانەوە قسە دەکەم. دەمەوێ کۆمەڵگەی عەرەبی لە درۆ و ڕیاکردن ئازاد بێت، هەروەها لەگەڵ خۆمان و ئەوانی تردا ڕاستگۆتربین، ئەوانەشی لە پێناو لاپەڕەیەکی ڕۆمانێک واوەیلێیانە و هاوار دەکەن و دنیا بە یەکدا دەدەن، ئەوانە خۆیان بە دزییەوە سەیری فیلمی ڕووت دەکەن.

**من کاراکتەری خراپم نییە، تەنیا کاراکتەرێلێکن ژیانیان خۆشدەوێت، وەلێ کۆژانی خۆیانیش هەیە و دۆخەکەش لە خۆیان بەهێزترە و دەیەوێت سەر لەنوێ لەسەر پێی خۆی بووەستێت، ئەدەب ئەمەیە.**

*** ئایا ڕۆمانەکەت (شیکاگۆ) دەکرێت بە فیلمی سینەمایی، داخۆ لە نووسینی سیناریۆکەیدا بەشدار دەبیت؟**

– لەم بارەوە ئەو پرانسیپە پێڕەو دەکەم کە (نەجیب مەحفووز) و (ئێرنەست هەمەنگوای) لەسەری ڕۆیشتوونە، ئەویش ئەوەیە من لە بەرامبەر خوێنەردا تەنیا بەرپرسی ئەو ڕۆمانەم کە بەدەستی خۆم نووسیومن، هەرگیز دەست ناخەمە کاری ئامادەکردنی فیلمێک لە ڕۆمانەکەوە وەرگیرابێت.

*** ئایا خەڵاتی (برۆنۆکرایسکی) کە پێشتر (نیلسۆن**

## من پێویستم بە ناوبانگ نییە، تاکو پەنا بۆ ئەم شێوازە ببەم، بە نیسبەت بابەتی ورووژاندنی غەریزەکانیشەوە، ڕۆمانێلێک هەن بە تەواوی پەنای بۆ دەبەن، کەچی ڕەواج و ناوبانگیان بەدەست نەهێناوە

**ماندێلا)ی خەباتگێڕ و سەرۆکی کۆچکردووی فەلەستینی (فەیسەل حوسێنی) بەدەستیان هێناوە، لەبەر ئەوە پێت بەخشرا کە ئەندامی لە بزووتنەوەی (کفایە)؟**

– لەبەر ئەوە پێم نەبەخشراوە چونکە من خەباتگێڕم، خەڵاتی (برۆنۆکرایسکی)ی بە ڕەسەن نەمساوی خەڵاتێکی جیهانییە و تایبەتە بە مافی مرۆڤ، حەکەمی نێودەوڵەتیی لە هەموو جیهاندا هەیە. تایبەتە بۆ ئەوانەی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن، بۆ ئەم خەڵاتەش کەس خۆی کاندید ناکات، بەڵکو لیژنەکە هەڵی دەبژێرێت، من لە لقە ئەدەبییەکەیدا وەکو باشترین نووسەر بەدەستم هێنا، لەسەر ڕۆمانی (باڵەخانەی یاقووبیان) بە زمانی ئەڵمانی، ئەم خەڵاتە لەساڵی دامەزراندنییەوە لە ١٩٦٧ دوو ساڵ جارێک دەبەخشرێت.

*** تا ئێستاش وەکو پزیشکی ددان کار دەکەیت؟**

– تا نهۆش وەکو دکتۆری ددان کار دەکەم کارەکەم کارێکی وای کردووە ببمە نووسەرێکی سەربەخۆ، واتا گرفتی ماددیم نییە، گرنگترین شتیش پەیوەندیی ڕۆژانەمە بە خەڵکەوە، ئەمەش شارەزاییەکی مرۆییت دەداتێ. پزیشکیی لە هەموو پیشەکان زیاتر نووسەری بەخشیوە، وەکو (ئەمیل زۆلا) و (یوسف ئیدریس)، (عەبدولسەلام عجێلی) و (چیخۆف). چونکە پزیشکی و ئەدەب بابەتیان یەکە. پزیشکییش نزیکترە لە هەستە مرۆییەکانەوە.

*** ئامۆژگاریت بۆ ئەوانەی تازە لە بواری ئەدەبدا هەنگاو دەنێن؟**

**– دەبێ ئەدەب گرنگترین شت بێت لە ژیانیدا.. ئەگەر تەنیا شتێکی دی هەیە لە ئەدەب گرنگتر، ئەوا با یەکسەر واز لە ئەدەب بێنێت.** هەروەها بەر لەوەی بنووسێت، لە بەهرەکەی دڵنیابێت... با بەر لەوەی بنووسێت هەزار جار بخوێنێتەوە.

سەرچاوە: گۆڤاری (سیدتی).

**– پزیشکی ددانە. لە زانکۆی ئەلینۆی لە شیکاگۆ ماستەری لە پزیشکیی ددان بەدەست هێناوە.**
**– لە ١٩٥٧/٥/٢٦ دا لە قاهیرە لە دایکبووە. کوڕی (عەباس ئەسوانی)ی نووسەری ناسراوە.**
**– بەر لە هەردوو ڕۆمانی (شیکاگۆ) و (باڵەخانەی یاقووبیان)، کە سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێنا، دوو کۆمەڵە چیرۆکی بە چاپ گەیاندووە.**

دیدار

# پرسەکانی سێکس..
# جەستە.. ڕۆح.. نووسین و ژیان لە دیمانەیەکی پاولۆ کۆیلۆی ڕۆماننووسدا

و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە





ناتوانین بڵێین (پاولۆ کۆیلۆ)ی تەمەن (٦١) ساڵ و خاوەن حەوت ڕۆمان و چەندین نووسینی تر، لە ڕۆمانەکانی دەچێت.. هەرچەندە باوەڕیشی پێدەکەین کاتێک دەڵێت ئەو لەگەڵ خودی خۆی و خوێنەرانیشیدا تا ئەوپەڕی سنوور ڕاستگۆیە.. لەم دیمانەیەدا زیاتر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت:

pawlo Koilo

*** بەوەی تۆ پیاوی ئاراستە ئاساییەکان نیت، زۆرجاریش باس لەوە دەکرێت کە تۆ شەیدای مەلەکردنی بە پێچەوانەی شەپۆلەکانەوە.. یا لە سەرەتاوە نا، بەڵکو لە نوێترین بەرهەمتەوە دەست پێ بکەین، لە رۆمانی (یازدە خولەک) دا بۆ یەکەمین جارە باس لە سێکس، چێژ، جەستە دەکەیت، ئەوەش کتوپڕییەک بوو، بۆ خوێنەرانت، کە لە دنیاگەلێکی تری رۆحانی و زۆر سیمبولیدا بوون، لە پەرچەکردارەکانی ئەم گۆڕانکارییە نەترسایت؟**

**خۆشەویستی جەستەیی یەکێکە لە تەعبیرەکانی خۆشەویستی رۆحی و گرنگە کە جەستەمان لە سۆزەکانمان دانەبڕین**

– ماوەیەکی زۆر بوو حەزم دەکرد لەسەر سێکس و هەڵوێستمان لە ئاستیدا شتێک بنووسم، بەڵام بەر لەوەی بە (ماریا) بگەم سەرەداوی فیکرە ئاراستەکارەکەم نەدۆزییەوە.

**سێکس بەبێ سۆز توندوتیژییەکە لە دژی خۆمان دەیکەین**

سێکس یەکێک لە وزە زۆر گرنگ و بەتواناکانە لە گۆڕینی مێژوو، لای من ئەم چەمکە هەر بۆ مومارەسەکردن نییە، هەر بۆیە من حەزم لە دەستەواژەی (خۆشەویستی کردن) نییە، سێکس ئەوە نییە کە (دەیکەین) بەقەدەر ئەوەی کە (تیایداین). رەنگە دوودڵ بووبێتم کە هەندێک لە خوێنەران دووچاری هێدمە (شۆک) بهێنم، بەڵام متمانەم بە خوێنەرانم هەیە و پێشموایە دەبێ مرۆڤ بە پلەی یەکەم لەگەڵ خودی خۆیدا راستگۆ بێت، جا لەبەر ئەوەی ئەو کتێبە بوو کە حەزم دەکرد بینووسم و ئەو چیرۆکە بوو کە لە رۆحمدا هەڵکۆڵرابوو، لە وەڵامدانەوەی بانگەوازەکە دوودڵ نەبووم: پەرچەکردارەکانی خوێنەرانیشم زۆر ئەرێنی بوو، بە جۆرێک رۆمانی (یازدە خولەک) پڕ فرۆشترین کتێبی ساڵی ٢٠٠٣ بوو، لە پێش (هاری پۆتەر) یشەوە بوو.

**خۆشەویستی ململانێیەکی رۆژانەیە، دەتوانێت دروسمان بکات وەک دەتوانێت بمانڕوخێنێت**

هەواڵنامەی کتێب

*** لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا هەستم بەوە کرد، کە دیدی تۆ بۆ خۆشەویستی و سێکس زۆر تۆباوی و لە هەندێ باریشدا سادە و ساکارە.. وەک ئەوەی ئەفسانەیەکمان بۆ باس بکەیت کە دواجار هەردوو شازادە تا کۆتایی پێکەوە بەختەوەرانە بژین.**

– زۆرم بیر لە کۆتایی چیرۆکەکە کردەوە، چونکە من تەنها دوو بڕیارم لە پێشدا بوو: یان دەبوو بە تراژیدیا کۆتایی پێ بهێنم، یان دەبوو لە چیرۆکی ڕاستەقینەی (ماریا) دا ڕاستگۆبم کە دواجار بەو کەسە گەیشت کە خۆشی دەویست.

*** پێموایە ئەم چارەنووسە، واتە بەیەکگەیشتنیان لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا لە حاڵەتی لە یەک جودابوونەوە پێکنەگەیشتنیان تراژیدی ترە.**

– (بە پێکەنینەوە)نا.نا! بە هەرحاڵ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هاوسەرگێری بە داستانێک لە شادی و بەختەوەری دابنێم. هەمووشمان دەزانین ئەو چیرۆکی خۆشەویستیانەی بە خۆشی تەواو دەبن دەگمەنن. بەڵام لەم چێرۆکەدا. بە باشم زانی ئەوەی لە (ماریا) ڕوویدا بە ڕاستگۆیی باسی بکەم. (ماریا)ئەو کچەی کە بەسەرهاتی خۆی بۆگێڕامەوە، هەرچەندە خۆشەویستەکەی وێنەکەیش نەبوو وەک لە ڕۆمانەکەدا هاتووە. بەسەرهاتەکەی ئەو وەک وتم سەرەداوی ئاراستەکردنم بوو بۆ ڕۆمانەکە، کە زۆر عەوداڵی بووم.

*** بەڵام تۆ ڕۆماننووسیت نەک ژیاننامەنووس، واتە دەتتوانی بە ئارەزووی خۆت (بیجریت،گرێ بدەیت) و چێرۆکەکە دابڕێژیت؟**

– بێگومان، ئێ من هەر ئەوەم کردووە، هەندێک ڕوداوو کارە کتەرم گۆڕی ڕامانی خۆم وەک پیاو و ڕامانی خۆیشم وەک ژنێک کە لە ڕۆحی هەموو پیاوێکدا دەژی زیادکردووە لە بارەی بابەتی سێکسەوە. ئەوپوختەیەش کە لە ژیانی خۆمدا پێی گەیشتووم ئەوەیە کە خۆشەویستی جەستەیی یەکێکە لە تەعبیرەکانی خۆشەویستی ڕۆحی و گرنگە کە جەستەمان لە سۆزەکانمان دانەبڕین. لەوە جوانتر هەیە هەردووکیان هەماهەنگ بن و ئەوەی یەکەم داوای دەکات ئەوەبێت کە دووەمیان دەیەوێت و بە پێچەوانەیشەوە؟

سێکس بەبێ سۆز توندوتیژییەکە لە دژی خۆمان دەیکەین. ئەوەی سەرنجیشی ڕاکێشام ئەو هەموو ئێمەیلە بوو کە تیایاندا پێم دەڵێن (یازدە خولەک) زۆر لایەنی بۆ ڕۆشن کردوونەتەوە کە پێشتر لە بارەی ژیان و مامەڵەی سێکسییەوە نەیاندەزانی. خەڵکی هەر لە بەراییەوە هەوڵی پەیڕەوکردنی ڕەفتارێکی نەمەتی دەکەن لە سێکسدا ،بۆیە هەوڵی تایبەت پشتگوێ دەخەن ئەوەشیان لە بیردەچێت کە هەریەک لە ئێمە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لە ڕوحی سێکسبازیی

خۆیدا ، ئەوەی بەسەر یەکەمدا بەرجەستەدەبێت بەسەر ئەوی تر بەرجەستەنابێت، لەو دەرەنجامەشدا، قۆناغەکان دەگۆزەرێنین و دەچینە جۆرەها ئەزموونەوە، بەڵام لەزۆربار‌دا (پەیبردن) مان لە کیس دەچێت: واتە قبوڵکردنی ئەو واقیعەی کە ئێمە لە یەک جیاوازین لەگەڵ بەشدارکردنی ئەوجیاوازبوونە لە تەک خۆشەویستی هاوبەشی ژیانماندا .

*** ئەم تەواو هەماهەنگبوونەی نێوان جەستە و رۆح دیدێکی سادەکردن و (ئایدیالیستی) نییە بۆ پەیوەندییەکی تەواو ئاڵۆز؟**

– ئایدیالیستی؟ لەو باوەڕەدانیم. دەبێ هەمیشە هەوڵبدەین باشترین شتەکانمان ببەخشین، بجەنگێین تا دەگەینە خۆشەویستی راستەقینە ،بێئەوەی لەو وەهمەدابین کە بەهەشتە. بەڵکۆ بەپێچەوانەوە، خۆشەویستی شەکەتمان دەکات، شتەکانمان لێ تێکدەدات. ژیانمان ئاوەژوو دەکات. خۆشەویستی ململانێیەکی رۆژانەیە، دەتوانێت دروسمان بکات وەک دەتوانێت بمانڕوخێنێت، هەرتەواو وەک وشە. ئێمەی پیاو بۆ نموونە لەرەوتی ژیاندا هەوڵی دەرخستنی (نێرێتی) و (پیاوەتیمان) دەدەین ویرای سەلماندنی ئەوەی دەتوانین بەکارامەیی کاری سێکس ئەنجام بدەین. بەڵام خۆشەویستی ئەمە نییە، بەڵکۆ بەریەککەوتن و گوێ لە یەگرتن و پێکەوە گونجان و پێکەوە سازانە.

***بەڵام خۆ ئەوەش سێکسە**

– بەڵی بێگومان سێکسە ،بەڵام جەخت لە خۆشەویستی دەکەمەوە لە رەهەندە هەستیسۆزییەکەدا، تەنانەت ئەگەر زۆربەشمان لە خۆشەویستیکردن بترسین، چونکە دووچاری ئازارو ئەشکەنجەهاتین ئەو دەمەی بێ ترس خوشەویستیمان کرد، بەڵام وێڕای دەردەسەرییەکان دەبێ خۆشەویستی بکەین.

*** پێتوانییە تۆزێک ئارەزووی ئامۆژگاری و ڕینمایی کردنت هەبێ؟**

– (بەناڕەزاییەوە) ئامۆژگاری کردن ؟من؟ هەرگیز! خەریکە بێمە ئەو باوەڕەی دەتەوێ بەهەرشێوەیەک بێت بمورۆژێنی؟من هەوڵی ئامۆژگاریکردنی هێچ کەسێک نادەم، بەڵکو بڕوام بەوە هەیە هەریەک لە ئێمە ڕێگەی خۆی هەیە، ئەوەش ناڵێم خەڵکی بەدەستی ئەنقەست بە دوای ئازارو دەردەسەری ئەزموونە قورسەکاندا بگەڕێن، ئەو پەیامەی دەمەوێ بیگەیەنم ئەوەیە کە لەم حاڵەتە ڕانەکەن کاتێک ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کێشەکە لەوەدانییە لەگەڵ بەرانبەردا شەڕەکە بدۆڕێنین، بەڵکۆ لەوەدایە کە بزانین لە خەباتە خودیەکەماندا لە چ خاڵێکداین. بۆ نموونە (ماریا) لەمە تێگەیشتبوو کاتێک لە رەگەز و باری سێکسی خۆی گەیشت و قبوڵی کرد.

***بۆ خۆت چەندەت کات ویست تا لە خودی خۆتدا لەم لایەنە تێبگەیت؟**

– گوێ بگرە من لە، تەمەنی پەنجاو شەشساڵیدام، واتە زۆر ژیاوم :هەمووماڹ بە قۆناغگەلی ناسینەوە، وێڵبوون، درۆکردن، خۆ گونجاندن وگۆڕانکاری گوزەر دەکەین، بەرلەوەی ماهییەتی رەگەزێتی خۆمان بۆ دەربکەوێت.

*** هیچ رۆژێک چوویتە لای لەش فرۆشان؟**

– بەڵێ، یەک دووجار لە تەمەنی شازدە ساڵیدا، ئەوەش لای ئێمە لە بەرازیل کارێکی سرووشتییە وەک خۆ ئامادەکردنێک بۆ چوونە نێو جیهانی نێرێتییەوە. بەڵام لەو ئەزموونەم تەنها ترس و هەستکردنم بە نێگەرانی لە یادە. دواتر لە شەستەکاندا تەوژمی (هیپی)و سێکس رەها هات، دواتر قۆناغێکی زۆر پارێزگار بۆ من لە سەر ئەم ئاستە. بەڵام لەو بروایەدام کە تا ئەم ساتەوەختە لە قۆناغی پەیدۆزکردنی ئەم لایەنەی قەوارەی خۆمدام هەر وەک لایەنەکانی تر بێگومان. بەو هۆیەشەوە (یازدە خولەک)م نووسی: کە رەنگدانەوەی بەشێکە لە خۆم وەک هەموو کتێبەکانی ترم.

> **دەشنووسم بۆ ئەوەی شت بۆخۆم بڵێمەوە، من خوێنەری خۆیشمم و لەگەڵ هەموو رۆمانێکی نوێدا چاوەڕێی خۆم دەکەم. ئەم راستگۆییەشە هۆکاری زۆر بوونی خوێنەرانمە لە هەموو تەمەنەکاندا، دەشتوانیت بڵێیت من بۆیە دەنووسم بۆ ئەوەی ئەو منداڵەش بدوێنم کە لە ناخی هەموویاندایە.**

*** بەڵێ ئەگەر راستەوخۆش لە رۆمانەکانتا دیاری نەکرێت. بێگومان بەو پەڕی هێزەوە ئامادەییت هەیە تیایاندا، ئاخۆ هێند تینووتی خۆدۆزینەوە و پەردە لە سەر خود هەڵدانەوەت هەیە؟**

– با راستتر بڵێین تینوێتی خۆ ناسینەوەمە لە بارەی شتانێکەوە دەنووسم جێ بایەخمن و سەرقاڵیان کردووم، شتگەلاکەوە لە خەمیاندا بە چاو پۆشی لەوەی

> **بەڵکو هەمووی ماوە؟ بڵێسەی یاخیبوون زۆر گرنگە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت مرۆڤ لە پێناوی شتی پووچدا خەبات بکات**

خوێنەران چاوەڕێی دەکەن. پێمـوایە کارێکی زەحمەتە مرۆڤ بە درێژایی کات خۆی حەشاربدات، من نامەوێ خۆم بشارمەوە، دەمامکم ناوێن، سووک و ئاسان دەمەوێت لەگەڵ بەرانبەر خۆم دابەش بکەم: بەڵێ حاجیەکەی کۆمپۆستێلا منم. جەنگاوەری رووناکی منم، من شووشە فرۆش و شوانەکەم، من ئەو وێنەکێشەم (ماریا)عاشقی بوو، هەروەک بە شێوەیەک لە شێوەکان (ماریا)خۆیشیم. هەموو رۆمانەکانم هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیارە تایبەتەکانمن لە بارەی ژیانەوە. من نووسەرێکی زۆر راستگۆم و خوێنەران ئەوە زۆر باش دەزانن، دەنا وازم لە خوێندنەوەم دەهێنا و هەستیان بە ساختەییم دەکرد.

*** لە بارەی خوێنەرانتەوە کە وەک دەڵێیت زۆرن، بەڕای تۆ نهێنی سەرکەوتنت لایان چییە؟**

– هەر رۆژێک ئەو نهێنییەم زانی ئیدی تەواو بووم. من ئەوە بە (لوغز) دادەنێم. چۆن دەتەوێت بزانم چۆن چۆنی وشەکانم دەگەنە ئەو هەموو رووحە؟ زۆرجار ئەم پرسیارەم لێ دەکرێت: ئەگەر خوێنەران لەو وەهمەدابن کە من وەڵامەکەی دەزانم ، باشتر وایە لەم ساتەوە واز لە خوێندەنەوەم بهێنن، بەگشتی، دەتوانم بڵێم دوو فاکتەر یارمەتیدەری کەسێک دەبن لە بەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانیدا ، یەکەمیان ئەوەیە دەبێ کەسەکە باوەڕی بەهیوا و ئاواتەکانی هەبێت، من خۆم کە بڕیارمدا بە نووسین گوزەرانم دابین بکەم ئیترکاری ترم نەکردووە. دووەمیش، دەبێ ئەو کەسە باش لەوە بگات کە ناتوانێت بە تەنها خۆی هیواکانی بەدیبهێنێت، بەلایەنی خۆیشمەوە، خوێنەران هاوکار و هاوپەیمانم بوون، بە پەرۆش و خۆشەویستییان هاوکاربوون لە بڵاوبوونەوەی نووسینەکانی نووسەرێکی نەناسراوی سەرەتای رێگا.

*** هەندێک هێندەیان خۆش دەوێیت دەتوانین بەدەروێشیان ناوبەرین و هەندێکیش تاسەر ئێسقان رقیان لێتە. هەیشن ئەم پڕفرۆشییەی کتێبەکانت بە کارێکی بازرگانیی کارامەیانە دادەنێت نەک جۆرێتییەکی ئەدەبی. بۆ ئەو خوێنەرانە باشیت کە ناخوێننەوە، رەخنەگرێک دەڵێت: "کۆیلۆم نەخوێندۆتەوە و بە دڵیشم نییە" لە بارەی ئەم هەرایەوە چێ دەڵێیت؟**

– خەڵکی لە پڕوپووچ وتندا لێهاتوون. من ئەمەم بەلاوە سەیر نییە و کاریشم تێناکات، بەڵکو زۆر بە سروشتیی دەزانم. چونکە ئێرەیی و (غیرە) رەگەزێکی کلاسیکییە لە رەگەزەکانی سرووشتی مرۆڤایەتی. ئەم جۆرە قسانەش دەردەخەن ئیشەکانم بوونیان هەیە، ئەگەر بەهێزەوە نەبوایە چۆن ئەم پەرچەکردارانەیان دەبوو. بەهەر حاڵ .. سەرکەوتنم هیچ پەیوەندییەکی بە بازاڕداری و بازرگانییەوە نییە. ساڵانێکی زۆر رەخنەگران بەرانبەرم دڵڕەق بوون، بۆیە دەتوانم بە شانازییەوە ڵێم کە سەرکەوتنم بە دەستاو دەست لە نێوان خوێنەرانمدا بە دەست هاتووە هیچ

نووسەرێکی بەرازیلی، فەرەنسی ئەوەندەی من نووسینەکانی وەرنەگێڕدراونەتە سەر چەندین زمانی جیهانی، من زۆر نەشارەزای بازاڕداری و بازرگانیم، بەبیرمە بە منداڵی گوێڕادێری گورانییەکانی (بیلتز) دەبووم بەخۆشییەوە هاوارم دەکرد ئای کە خۆشە، چەند لێهاتوون. بەڵام دایکم دەیوت (وازیان لێ بێنە، ئەوان بەهۆی بازاڕداری و بازرگانییەوە سەرکەوتوون، بە مجۆرەش نامێنن). بەڵام ماوەتەوە ئێستایش دوای چەندین نەوە لای خەڵکی خۆشەویستن.

*** بۆ لەو باوەڕدایت خەڵکیش تۆیان خۆشدەوێت ؟**

– مەبەستم ئەوە نەبوو. بەڵام مخابن هەندێ کەس پێویستیان بە راڤەکردن هەیە، دەیانەوێ سەرکەوتن توێکاری بکەن، بەدوای وەڵامی لۆژیکی و ماتماتێکدا دەگەڕێن تاتێی بگەن و باوەڕ بهێنن، بەڵام وەڵامم لانییە کە بۆ چی ئەم هەموو کتێبە دەفرۆشم؟ ئەوەی دەیەوێت بزانێت با پرسیار لە کڕیاران بکات، حوکمی راستەقینە لای خوێنەرانە و ئەوانیش حوکمی خۆیان لە بارەی منەوە داوە. راستییەکەی ئەوەیە پرۆسەی ئەفراندنی ئەدەبی نهێنییەکی ئاڵۆزە و راڤە ناکرێت، هەر ئەمەش رەخنەگرە دۆگماکان لە کێشەکانیاندا لە بیری دەکەن

*** باست لە پرۆسەی ئەفراندنی ئەدەبی کرد. پێشتریش لە کتێبی (دانپێدانانەکانی حاجییەک)دا وتووتە نووسەر لە ژنی دووگیان دەچێت کە دواجار منداڵێکی دەبێت، تۆش نووسینت پێناکرێت ئەگەر (لەگەڵ ژیاندا خۆشەویستی نەکەیت)دەمانەوێ بزانین ئەو خۆشەویستییە لەگەڵ ژیاندا چۆن دەکەیت ؟**

– چۆن خۆشەویستی دەکەم؟ تیایدا دەژیم، بەوپەڕی شەیدایی و شێتی و خۆشی و بەخشینەوە تیایدا دەژیم. چەندە بە توندوتۆڵی بژیین، هەلی دۆزینەوەی رێگەی زمانی تایبەت بە خۆمان زیاتر دەبێت. هەوڵدەدەم رێز و ئەفسوون بەو ساتە بدەم کە نادیارییەکەی وادەکات شایانی ئەو رێز و ئەفسوونە بێت، بێگومان وەک هەموو رۆماننووسان چەندەها بیرۆکە بە مێشکمدا دێن و دەچن، بەڵام بیرۆکەیەکی دیاریکراو هەیە دەبوژێتەوە، گەشە دەکات و بانگم دەکات و هەستیش دەکەم پێویستە لەگەڵ کەسانی تردا دابەشی بکەم.

*** بەم هۆیەوە دەنووسیت؟ واتە بەلای تۆوە بە پلەی یەکەم کردەی بەشداری کردنە؟**

– بەڵێ، بەشداری کردن روویەکی گرنگی سروشتی مرۆڤایەتییە. من پێویستیم هەیە بە بەشداری کردنی مرۆڤبوون و ئێش و خۆشەویستیم لەگەڵ کەسانی تردا، دەشنووسم بۆ ئەوەی شت بۆخۆم بلێمەوە، من خوێنەری خۆیشمم و لەگەڵ هەموو رۆمانێکی نوێدا چاوەڕێی خۆم دەکەم. ئەم راستگۆییەشە هۆکاری زۆربوونی خوێنەرانمە لە هەموو تەمەنەکاندا، دەشتوانیت

بڵێیت من بۆیە دەنووسم بۆ ئەوەی ئەو منداڵەش بدوێنم کە لە ناخی هەموویاندایە.

*** زۆر باسی ئەو منداڵە دەکەیت. ئێستا وتت تەمەنم لە پەنجاوشەشساڵیدایە، داخۆ "پاولۆ کۆیلۆ"ی منداڵ لە تۆدا پیر نەبووە؟**

– نەخێر دان بەوەشدا دەنێم حەزی گەورەبوونم نییە، بگرە دەڵێم گەورەبوون ئەو کاتەیە کە تیایدا بەرەکە دەگات و تێکدەچێت، ئەوانەی دەتوانن لە ژیان بگەن منالانن، یان ئەوانەی وەک منداڵ دەڕواننە ژیان، ئەو منداڵەی لە ناخماندایە تێماندەگەیەنێت کە هێشتا زۆر شتمان لە پێشدایە و ناشمانەوێت بوەستین لەسەر چڵی دۆزینەوەو پەیدۆزکردنە یەک لەدوا یەکەکان. ئەو منداڵە نەمرە، تەمەنی نییە، بۆیە پەرۆشم بۆ ئەوەی ئەم منداڵەی ناخم پیر نەبێت، ئەو سەرسامییەی ئەم منالە پێم دەبەخشێت و هاوکات چاوەڕوانی کردنی ئەو سەرسامییەش کە بێگومان هەردێت، مانای زیندوویێتیم لا بەرجەستە دەکەن، گەورەکان شتەکان بە مەتر دەپێوون و بە کیلۆ دەیکێشن و زیاتر لە رابردوودا دەژین وەک لە ئێستادا، بۆیە لە شتی نوێ تێناگەن و نایشیبینن گەرچی بەلایاندا دەڕوات، لە دەستی خۆیانی دەدەن چونکە لە یەکی نادەنەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت لە گەورەبوونم شەرمم بەخۆبێت، من چرچ و لۆچەکانم ناشارمەوە، سەرە سپییەکەم بۆیە ناکەم، بەلام پیربوون رەتدەکەمەوە بەمانا پەککەوتنەکەی.



pawlo Koilo

*** ئاخۆ هەر ئەو منالەیە وای کردووە تا ئەم ڕادەیە بە زمانێکی سادە و راستە بنوسیت؟**

– گوێبگرە، دەتوانم هەر هەفتە و کتێبێکی ئاڵۆز بنووسم، بەلام ئەوە بە باشتر دەزانم هەردوو ساڵ و

کتێبێکی سادە و ئاسان بنووسم: کتێبێکی بێ زەخرەفەی ئەدەبی کە بچێتە دڵی خەڵکییەوە، خەڵک لە نووسین ئاڵۆز ناکات، بەڵام خەڵکانێکی گەمژە بە کارێکی بلیمەتانەی دادەنێن چونکە لێی تێناگەن. لەدوای هەموو ئاڵۆزییەکەوە بۆشاییەکی ترسێنەر هەیە.. رەنگە وا پێبچێت ستالێکی ساکارم هەیە، چونکە من تا ئەوپەڕی سنوور لە زماندا لە ئاڵۆزی خۆ بە دوور دەگرم، بۆ ئەوەی وا لە خوێنەر بکەم خەیاڵی بخاتە کار، دەیوروژێنم، هانی دەدەم، لە پێگەی چەقبەستنییەوە دەیهەژێنم، واتە لە پێگەی چاودێری کردنی بێلایەنییەوە، بەڵام هاوکات پارێزگاری دەکەم لە کاکڵە و گەوهەری فیکرەکە، یان سیمبولی ئەودیوی وشەکان. هەموو خەڵکی دەیانەوێت "عولیس" بنووسن، بەڵام ئەگەر سبەینێ راپرسییەک بکەیت بۆ ئەوەی بزانیت چەند کەس (عولیس)یان خوێندووەتەوە، دەبینین کە من بە پێی مەرجەکانی "دەزگا" نانووسم، بەڵام دڵنیاشم ئەم زمانە هاوچەرخە ئامرازی ئەدەبی ئایندەیە.

*** کێشەی نێوان خێر و شەڕ، لایەنی چاک و خراپ تەوەری زۆبەی رۆمانەکانتە، ئاخۆ چاک و خراپ دوو رووی یەک دراونین، یان داخۆ هەموومان دوورەگ نین لە دکتۆر «جیل» و «مستەر هاید»؟**

هەواڵنامەی کتێب

– پێم وایە مرۆڤ ئەوەی وا لە سرووشتیدا دەیەوێت، هەروەک لەو بڕوایەدام ئێمە ئەو توانایەمان هەیە بزانین کەی راست دەکەین و کەی هەڵە، کەی خەڵکی بریندار دەکەین و کەی یارمەتیدەریان دەبین، تەنانەت بەبێ پێویستبوون بە یاسا کۆمەڵایەتییەکان. ئەو قیبلە نومایەی بەهۆیەوە دەتوانین خێر و شەڕ جودا بکەینەوە لە ناخی خۆماندایە، بێگومان هەردووکمان، بگرە هەموو شتێک لە ژیاندا دوێتۆیە، خۆشەویستیش روناکی و تاریکی خۆی هەیە، نووسینیش تێکەڵەیەکە لە نەشئەو شڵەژان. بەڵام ئەوەندە بەسە ئەو وزە پۆزەتیڤانەمان بەکار بهێنن کە هەمانە، چونکە مرۆڤ لە گەوهەردا خێرخوازە، بەڵام شەیتان، شەیتانی سەرکوتکراو جارناجارێک سەرهەڵدەدات.

*** ئەی شەیتانەکەی خۆت؟**

– وابزانم ئەو وەسوەسە مەترسیدارەی کە فریوم دەدات لەم وشانەدا: "پاولۆ سەرکەوتنت بەدەستهێناوە، ئیتر بۆچی ناوەستیت و پشوو نادەیت؟" من بە هەموو توانام لە ئاستی ئەم فریودانەدا بەرگری دەکەم. من بۆخۆم ئەزموونەکانی خۆم قەبوڵ دەکەم و پێشی دەکەوم. لەلایەکی ترەوە، خەڵکی حەزیان لە دروستکردنی شەیتانی دروستکراو هەیە کە کۆنترۆڵیان بکات، بۆ ئەوەی تێک بشکێنین ئەوەندە بەسە نەهێڵین دەسەڵاتی هەبێت، واتە باوەڕمان بە بوونی نەبێت.

*** دەکرێت ژیان ئەوەندە ئاسان بێت؟ کە تۆ باسی دەکەیت دەڵێی هاوکێشەیەکی بێ گومانە: یەکێک هەیە بۆ سەرکەوتن و یەکێکیش بۆ شکست.. یەکێک بۆ بەختەوەری و یەکێکیش بۆ تاڵی.**

– با بڵێین قەناعەتم بەوە هەیە دوو پرس دەبنە رێگری مرۆڤ لە بەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانی.. یەکەمیان ئەوەیە بەدیهێنانەکە بە مەحاڵ بزانێت، دووەمیش خۆبەدەستی ترسەوە بدات. ئازایەتی و جەربەزەیی تاکە خەسڵەتێکە مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری بێت، چونکە ترس رێگەی گۆڕینی قەدەر و دۆزینەوەی داستانە تایبەتەکەی نادات.

*** باشە، ئاخۆ پاولۆ کۆیلۆ لەچی دەترسێت؟**

– لە قسە کردن لە بەردەم کۆمەڵێک خەڵکدا بۆ نموونە، پێم وانییە رۆژێک لە رۆژان لەسەر ئەوە رابێم. هەرچەندە ئەو کارەش دەکەم چونکە بەشێکە لە رۆتینی ژیانم و بەردەوام لە هەموو جیهاندا وانە دەڵێمەوە و دیمانە دەکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە قسە کردن بۆ خەڵک ترسێکم هەر هەیە.. لە خودی خۆیشم دەترسم... دەزانی، ئازایەتی مانای نەبوونی ترس نییە، بەڵکو لەوەدایە نەهێڵین ترس لە پەلوپۆمان بخات.. هەموومان دەترسین، چونکە ئەوە پەرچەکردارێکی رەمەک "غریزی"یە، بەڵام ئازایەتی وێڕای ناخۆشیی ترس بەرەو پێشچوونمان بۆ دەرەخسێنێت.

*** ئەی مردن؟ لە مردنیش ناترسیت؟**

مردن؟ مردن بەلای منەوە شۆخە ژنێکە لەلامەوە دانیشتووە، یاریم لەگەڵ دەکات و دەیەوێ ماچم بکات، بەڵام من پێی دەڵێم: جارێ ئارام بگرە ئەی شۆخە ژنەکە، دوایی ماچت دەکەم.

*** شۆخە ژنێک؟ بۆچی لای تۆ مردن هێندە سەرنج راکێشە؟**

– نا، مەبەستم ئەوە نەبوو بڵێم کەمەند کێشی کردووم، ئەوەندە هەیە بە دوژمنی نازانم. ئێمە دوو هاوڕێی هەتاهەتایین.

وەک سێبەرەکەم لەگەڵمدایە، چاوەکانم دەکاتەوە، ئاگادارم دەکاتەوە، ئامۆژگاریم دەکات: "گوێبگرە هاوڕێم، نابێ هەتا سبەینێ چاوەڕوان بیت، بڕوانە، چێژ بکە، دەست لە شت بدە، بەوپەڕی تۆکمەیی و چڕوپڕی بژی، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ لە بەردەم دەستتدایە رەنگە سبەینێ ببێتە موڵکی من".

بۆیە دەتوانم پێت بڵێم لە مردن ناترسم.

*** ئارامییەکی زۆری دەروونی دەردەخەیت! ئاخۆ ئەوەندە لەگەڵ ناخی خۆتدا تەبایت؟**

– بەڕاست ئارام دەردەکەوم؟ رەنگە هی ئەوە بێت تازە لەتیر هاویشتن هاتبێتمەوە کە

وەرزشێکی خۆشەویستمە و دڵ و دەروونم پێی دەحەسێتەوە. لە ڕاستیدا لەو کەسە ئارامانە نیم، من پیاوێکی زۆر سەوداسەر و نیگەرانم. ئەوەی مەبەستم بوو ئەوەیە من لە کۆتایی ناترسم، چونکە لە هەموو ئەزموونەکانی ژیانمدا بە ئازادی و پەرگیری ژیاوم لە باش و خراپی. ئەو ژنەم خواست کە خۆشم دەویست. ڕۆمانگەلێکم نووسی لەبەر ئەوە شانازییان پێوە دەکەم کە هاوکاری ملیۆنەها کەس بوون لەوەدا کە دەتوانن کۆنترۆڵی قەدەری خۆیان بکەن گەر بیانەوێت، دواتر دەخوازم کاسۆلیکیەکی باش بم: بەڵام بە هەڵە لێم تێمەگە، من نووسەرێکی کاسۆلیکی نیم.

*** گەر وانیت ئەی دەرکەوتنی مەریەمی پاکیزە بۆ "ماریا"مان لە ڕۆمانی "یازدە خولەک"دا چۆن بۆ ڕاڤە دەکەیت؟**

– دەرکەوتنی مەریەم لای "ماریا"؟ باوەڕ دەکەیت ئەم برگەیەم نایەتەوە یاد؟ ڕەنگە خەیاڵی "ماریا" بێت. سەیرە، تۆ یەکەمین کەسیت سەرنجی ئەم حاڵەتەت دابێت. بەهەرحاڵ من کەسێکی باوەڕدارم، ئەم باوەڕەشم لەبەر ئەوەیە کە دان بەوەدا بێنین ژیان لەوە زیاترە کە خۆمان دەیبینین و تیایدا دەژیین. باوەڕ هاوکات توانا دەخوازێت لەسەر بیرکردنەوەو هیواداری و خود تێپەڕاندن.

بەڵام ئەوەتا ئایینەکان دەکرێنە پاساوی شەڕ هەڵگیرساندن و بڵاوبوونەوەی ڕق و کینە لە نێو مرۆڤەکاندا!

هەموو شتە گرنگەکانی ژیان وەک، خۆشەویستی، ئایین، ئازادی حەقیقەت دەکرێت بۆ خێر و شەڕیش بەکاربهێنرێن.

لەو ساتەوەی بەڕووی جیهانی ڕۆحانیەتدا دەکرێینەوە، لە ناخمدا ترسێک لە نادیار لە دایک دەبێت، لەم سەر زەوییەشدا خەڵکانێک هەن کارامەن لە بەهەلزانینی ئەم ترسەدا و گەمە پێکردنی، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئایین هۆکاری جەنگانە. ئایین نهێنییەکی خواوەندە سرووشتی مرۆڤەکان دەگوزەرێنێت، نموونەیەکی بچووکت بۆ دەهێنمەوە: من هەفتەی دووجار ئامادەی(قوداس) دەبم. ئەمەش واتا لە چوارچێوەی شەعایرکی پیرۆزدا لە نهێنییەکدا بەشداربین.کاتێکیش دەڕوانمە قەشەکە لە خۆم ناپرسم: ئایا ئەم قەشەیە کەسێکی ئایدیالیستیە؟

ئایا بێ هەڵە و کەموکورتییە؟ پیاوچاکە، یان پیاو خراپ؟"ئەم شتانەم بەلاوە گرنگ نییە و پەیوندییان بەمنەوە نییە. چونکە خودی شەعایرەکە شرووشتی مرۆڤەکان تێدەپەڕێنێت.

لای قەشە دان بە گوناهەکانتا دەنێیت؟

– بەڵێ.

*** ڕەنگە ئەو دانیشتنانە درێژخایەن بن؟**

– (بەپێکەنینەوە) زۆر درێژخایەنە. ڕاستەکەیت!

بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت لە هەموو شتێکدا لەگەڵ کڵێسای کاسۆلیکدام .چونکە هەندێ هەڵوێستیان هەیە من لەگەڵیدانیم. بەڵام بەهەموو ئازادییەکەوە بڕیارم داوە کاسۆلیکی بم.لە بەر ئەوەنا ؟کە پێموابێ کاسۆلیک لە ئیسلام و بودا گەری و ئایینەکانی دیکە باشترە، تەنها ویستوومە بۆ ڕەگوڕیشەم بگەڕێمەوە، بۆیە دەبێ ڕێز لە نەریتەکانی ئەم ڕەگوڕیشەیە بگرم. دبێ حاڵەتە مرۆییەکان لەو نهێنییە جودا بکەینەوە کە نوێنەرایەتی دەکات. قەشە ئەگەر پیاوێکی خراپیش بێت، بەڵام ئەو لە ساتەوەختی دان پێدانانداندا خودی خۆی دەگوزەرێنێت.

دەبێ لە ئاستی ئەم نهێنییەدا سادە و خاکی بین. دەبێ ڕێز لە شەعایرەکان بگرین و هێندەمان ئازادی هەبێت بەبێ مەرج شتەکانمان خۆش بوێت، هەر چۆن بێت، لەم ڕۆژگارەدا هەر ئایین بەگەڕ ناخرێت. هەموو شتێک بەگەڕ دەخرێت. دەبینیت هێرشەکانی ١١ی ئەیلول کرایە پاساو بۆ شەڕ لە عێراقدا، بەڕاستی کارێکی ناهەموارە. گەمەیان بە تراژیدیاکە کرد بە جۆرێک کە لە خزمەتی بەرژەوەندییە تایبەتەکانیاندا بێت.

*** بەم دواییەش"خۆسێ ماریا ئەزنار" لە ئیسپانیادا هەوڵی هەمان شتی دا؟**

– بەڵێ ، ویستی بەدرۆ ودەلەسە دوژمنان بەگەڕ بخات بەڵام بۆی نەکرا . زۆرجار خەڵکی دەکەونە ئەو وەهمەوە کە دەتوانن گەمە بە خەڵکانی تر بکەن و بەپێ خواستی خۆیان بەگەڕیان بخەن. ئەوەیش یەکێکە لە بەرجەستە بووەکانی خودپەرستی و ماکیا ڤیلیزمی ترسنۆکانە کە شەڕخوازانە لە ترسی ئەوەی نەوەک چاکەویست بن، خۆیان دەدەنە دەستی چاوچنۆکییەوە نەوەک بەقەناعەت بن، بەدوای ماڵ وسەروەتدا دەکەونە هەناسەبڕکێ نەوەک هەژار بکەون.

لێدوانێکی سەیرە لە "مۆڵتی ملیۆنێرێکی" وەک تۆ وە.

بێگومان ملیۆنێرم لەگەڵ هەموو کتێبێکدا پارەیەکی زۆرم دەستدەکەوێت. ئێستا ئەوەندەم هەیە بەشی سێ ژیان و تەمەنی ترم بکات من ئەفسوونبازم وەک دەزانیت! مەبەستم لەوەنییە پارەوپول خراپە بێت، بەڵکو شێوازەکانی بەکارهێنانی لەهەندێ باودا دەبێتە خراپەکاری.

*** زۆرجار بەدەستەواژەی ڕابردوو دەدوێیت، ئاخۆ هیچت لەو یاخیبوونە پێ نەماوە؟**

– بەڵکو هەمووی ماوە؟ بڵێسەی یاخیبوون زۆر گرنگە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت مرۆڤ لە پێناوی شتی پووچدا خەبات بکات، بەڵکو گرنگە لە خەباتکردن لە پێناوی ئەو شتانەی بڕوای پێیانە بەردەوام بێت. من شارەزایی یاخیبوونم، یان یاخیبوویەکی لێهاتووم. باوەڕم بەشۆڕش،

بەگۆڕانکاری هەیە، باوەڕیشم بەوە هەیە کە بە بڵێسەی یاخیبوون نەبێ جیهان بەرەو وەرچەرخان ناچێت. هێشتا پیاوی توندڕەوەی سەوداسەریم تا ئەو پەڕی سنوور. دەتوانم لە پیاوە دڵگەرم، یان ساردەکان بگەم، بەڵام هەرگیز لە خاوەکان ناگەم.

*** زۆرجار سەوداسەری تووشی کێشەمان دەکات. ئاخۆ تۆ بەوهۆیەوە کەوتیتە چ دەردەسەرییەکەوە؟**

– زۆر برینم تێکەوت، ئاسەوارەکانیم زۆر پێوەن،بەڵام بابزانیت زۆر شانازییان پێوە دەکەم، چونکە بەڵگەی ئەوەن بە ترسنۆکی نەژیاوم. رەنگە ئازایەتی تاکە دیاردەم بێت، لە خۆشەویستیدا بێت، یان لە کارو هەوڵی رۆحیدا، دواتر لە هیچ شتێک پەشیمان نیم. رەنگە تەنها لە قۆناغی خوگرتنەوە بەمادەی هۆشبەر پەشیمان بم، چونکە ماددەی هۆشبەر داوێکی تۆقێنەرە، دەمانخاتە بەهەشتێکی ساختەوە کە ناتوانین تیایدا بڕیاربدەین. ماوەیەک تەواو رووخابووم، بەڵام بەڕاستی پەشیمان نیم، چونکە لەو باوەڕەدام هەموو شتێک لە ژیاندا سوودی هەیە.

*** گەر لەو باوەڕەدایت، کەواتە مردنی منداڵانم لە برساندا بۆ راڤە بکە، سوودی توندوتیژی و کارە دەستدرێژی کردنەکان؟ سوودی دەمارگیری و چەوساندنەوە و نەهامەتی؟**

– نازانم. بەڵام دەزانم هەموو ئەوانە هۆکاریان هەیە، من لە ئاستی ئەم دڕندایەتییەدا چیم پێدەکرێت؟ هەوڵدەدەم رۆڵی خۆم ببینم لە میانەی ئەو دەزگا خێرخوازییەی بۆ یارمەتیدانی منداڵان و پیروپەککەوتەکانی بەرازیل دامەزراندووە. گەڕان بەدوای راڤەکاندا بێهودەیە، باشتر وایە هەر یەک لە ئێمە ئەوەی پێی دەکرێت بیکات، ببەخشێت، خەڵکی خۆش بوێت بەشی خەڵکی بدات بنووسێت.

*** بنووسێت؟ رۆژانە ملیۆنەها کتێب دەردەچێت کە بستێک رەوڕەوەی جیهان بەرەو پێش نابات، پێتوایە ئەدەب دەتوانێت ببێتە فاکتەرێکی ئەرێنی گۆڕانکاری؟**

– فاکتەری گۆڕانکاری، نەخێر، بەڵام پێمواية ئەدەب دەتوانێت هاندەر بێت. چونکە پەرچەکردارمان لەلا دروست دەکات، هەروەک ئەو هەستەمان پێ دەبەخشێت کە هەر خۆمان نیین. ئەدەب پردەکان بونیاددەنێت بەمجۆرە رەنگە وشەی شاعیرێکی چینی کار بکاتە سەر کەسێکی ئێرانی. رۆمانێکی بەرازیلی کار لە رۆحی کچێکی لوبنانی بکات.

**تێبینی:**

لە بەر درێژ نەبوونەوەی بابەتەکە. دوو پرسیارم لابردووە کە بۆ خۆێنەری کورد زۆر پێویست نین.

سەرچاوە: سایتي القصة العراقية.

شیعر



عەباس عەبدوڵڵا یووسف

# کۆمەیەک هۆنراوەی تاکدێڕی

* دەنکە خوێیەکی زێدە، نۆستالگیامی کردە ئایندەپەرستی.
* بەس نیشانەی پرسیار نەنێرە...؟ ئەمە خۆی پرسیارێکی خورت و نێرە!
* بە چەقۆ (K) لە knife جوێ دەکەمەوە.
* دڵۆپێک نەوت چەند دڵۆپە خوێن دێنێ؟:

هەزار دڵۆپەی مرۆڤ، ٩٠١ دڵۆپەی فیل ٢٠٠٧ دڵۆپەی مەیموون، پێنجیەکی دڵۆپە خوێنێکی ئەسپی.

* خۆم، دیسان خۆم. پاشانیش هەر خۆم، ئەوجا ئەنجامەکەشی نامنێ ناخۆم.
* بەسواری کەرێکی سپی و سێپی، بەناو سێ سێگۆشەی ئاگراوی ڕەتبووم.
* لە جووتبوونێکی ناشەرعیدا، دەنکە سیر سکی پڕبوو و بناوکەیەکی لێزا.
* لە ئانی غاری دا، بەراز ئاشقانە ئاوڕی لە پێشکە دایەوە و تامپۆنی بە مەگنیسیۆم کرد.
* جوان و دڵڕفێن و ڕۆمانسی!!! وێنەی مانگ لەسەر باراناوی ناو قەپاغی شووشەیەکی بەتاڵ.
* کاش کۆتایی هات، هەوکە کاخۆر، ماکدونالد بە کۆکا دەخوات و گرنگیش نییە پاشان پێ دەرشێتەوە.

* هەندەی نەمابوو هەڵیمژم، ئۆکسجین لێم غەزری و داوای (بایانە)ی لێ کردم.

* بێچوە مشکێک پاڵەوانانەو مارکسیانە هاواری کرد: کیسەی سەرمایەدارێکم کون کرد.

* چوومە سوپەرمارکێتێک، شووشە هەنگوین کڕیمی، کاژمێری زێرکەش کڕیمی،

* چ ژنانێکن!!! لە ئاهەنگێکی نانهێنیدا پیاوانیان خەساند.

* چەقۆ هەر بەڕووتی بینراوە.

* میسرییەکان خزمی نزیکی خۆمانن، ئەوان هەڕەمیان هەیەو ئێمەش هەرمێ.

* لە ٩٩٪ لە تیـۆری ڕێژەیەکی ئەنیـشـتـاین گـەیشـتـم، لە ١٪یش لە زمــان دەرهێنـانی خودانەکەی نەگەیشتم!

* پەنجەکانی پەشیمانیم نەگەست، هەڵملستن، گرفتم نەما.

* پێی لێ نەنێی، جاریجاران نییە، ئێستا مێروولەش چەکی ئەتۆم و لێزەری پەیدا کردووە.

* شێرەکەی مەترۆ گۆڵدوین مایەر بەڕەڵلا بوو وتێکڕای بینەرانی ناو هۆڵی سینەما خوارد.

* بە ترومـبـێلێکی پێشبڕکی چوومـە بن کراسی، خرا و خێـرا بـەسـەر جـەسـتـەی نەرمی هاژوژتم و لەناو ناوکیدا هەڵدێرام.

* لەوانەیە لە سەرکی لاشەی ناو گۆڕم، درەختێک بڕوێ هەم مورتک بێ و هەم خەنە.

* قوڕت بەسەری خامۆشی!!! هەر مرۆڤێکی ئەمڕۆ هەزار زمانی پێوەیە.

* دڵ، بۆچی نەندازی؟ نەتۆپی، نە لوولەک، نە هەڕەمێ؟

* باران بـاری و قـورسـایی هەر دڵۆپێک سـەدو پەنجـا کیلۆ بوو، دڵۆپـەیەکـیـان ئاوێنەی ئاشقێکی دێهاتی هورد هورد کرد.

* ماڵەوەدان، بووکۆڵەش ئایدیۆلۆژیا هەیە!

* سڵاوم لە ڕووباری تێژڕۆ کرد: نەختێ بحەسێوە و پەرداخە ئاوێک بخۆرەوە.

* بایەقوش عوسمانلییە.

* چاو خۆی کردە مێشک و دەمودەست مرد.

* دووکەڵی جگەرەی ناو وێنە فۆتۆی ڕەش و سپیت، منی کردە دووکەڵمژ، خوا بتگری!

نۆستالگیا = nostalgiaنۆستالێرە، نۆستالیژیا غەریبیکردنی نیشتمان یا ڕابردوو یان هەر بارودۆخێک کە زۆر زەحمەتە جارێکی تر بگەڕێتەوە

هەوکە: ئێستاکە.

بناوکە: غواصە، ژێراوک

تامپۆن: پێکدادانی ئوتومبێل

کاخۆر: ئاژەڵێ یا کەسێ کا بخوات

ماکدۆنالد: مارکەی کۆمپانیایەکی بەناوبانگی خواردنی خێرایە وەک سەندەویچ (لەففە)و هی تر.

بایانە: باجی با

مەترۆگۆڵدوین مایەر: Metro Goldwyn Mayer کۆمپانیایەکی بەناوبانگی هۆڵیوودەو ئەستوندەیەکی بەهێزی سینەمای ئەمریکییە.

نەنداز: نا ئەندازەیی

بایەقوش: بادەقوش، باوەقوش، جۆرە کوندەبۆیەکی کەلاوە نشینە، ناوی بەشووم و بەدیۆمی دەرکردووە.

خرا: خراپ

ماڵەوە دان: ماڵ ئاوەدان

مەگنیسیۆم: Magnesium توخمێکی کیمیاوییە، لە هەموو کانزاکان سووکترە و بۆ دروستکردنی هەندە فرۆکە بەکاردێت.

لە وێنەیەکی بەناوبانگی خۆیدا، ئەنیشتاین زمانی خۆی دەرهێناوە

هەواڵنامەی کتێب

شیعر



نیگار نادر



# ٢٠٠٧ یش لەمن سەرەڕۆتر
# بوو، دەبێ بووە

کتێبخانەی کتێب

دووهەزارو حەوت پڕبوو لە ڕۆژی وەکو من
دەربەدەر، لە ئێوارەی وەک من دڵ لەسەرچوو
لە عەسری وەک من خەمگین لە سپیش وەک من
خۆشباوەڕ و لە زەردەی لەسەرانی وەک من



2007

چاولەدوو
جزدانەکەم وردەی دەیان
پیاوی تێدایە
موبێلەکەم تێکسی لە
بیست سی پیاو ڕا بۆ دێ
لێ
دڵم خوێنی سەد پیاوی دی
تێدا هاتوچۆ دەکا
دووهەزارو حەوت جانتایەکەی تێکناوە
منیش بارگەوبنەم، لێ هیچمان نەماڵێکمان
هەیە بۆی بگەڕێینەوە
نەکەسێکیش هەیە چاوەڕێمان بکا
چونکە نە ملکی کەسین و نە ژنی کەس
ناوی درەختیک لە خۆم دەنێم..
بەوشەقامەدا دەپەڕمەوە بەناو تو دەکرێ
دەترسم باران بەخوڕ داکاتەوەو
نەگەم ماچت کەم
ئەوڕۆ دڵم کراوە، موبێلەکەم کراوە
جانتایەکم کراوە دەستەکانم کراوە
ژنێکی سەر لەبەرکراوەم
لێ بە تەنها لە سنورەکانی تۆدا
دوو هەزار و حەوت پڕبوو لە کاتژمێری وەک من
ڕانەوەستاو لە ژنی وەک من بێ سەروبەر
لەشەڕی وەک من ناوەخت و لە کیژی وەک
من کوژاو...
لە کۆترێکێش زیزبم
تەشقەڵە بە تۆ دەکەم... دەزانم لە تۆ نەبێ
هیچ شتێک و هیچ کەس

هەولێرنامەی کتێب

بەرگەی شەڕەکانم ناگرێ..
هیچ پۆست ناکەم،،، هیچ پۆستیشم بۆ نایەت
لێ دەبینم هەرچی هەمەو نیمە
ئەدرەسی تۆی لەسەرە
هەرچی هەتەو دەتبێ بە ئەدرەسی من دەبێ
دوو هەزار و حەوت حەوت جۆرە
پێکەنینی لە ڕوو گەڕاندم
پێکەنین بە خۆم، پێکەنین بە خۆشەویستی
پێکەنین بە ڕاستگۆیی، پێکەنین بە مردن،
پێکەنین بە پیرۆزی
پێکەنین بە وەفاداری، پێکەنین بە تێکۆشان
پێم پێبکەنە
لە پیاوێک وەدەردەکەم، لە پیاوێک بە جێدەمێنم
دەبمە هێلانەی کۆترێک
لێرە بە دوا...
دوو هەزار و حەوت ڕۆیی
دەشێ وێنەیەکی من
چوبێتە بەردەستی تیرۆریستێک، سەر پەڕی گۆڤارێک
بن باخەڵی ژنکوژێک، ناو سەتڵە زبڵێک
لێ وێنەکەم نەچۆ ناو جزدانی بەرباخەڵی
ئازیزێک
پێش ئەوەی بەسەرچێ
دەمەوێ ئەڤ ساڵە بکەمە خێر
بە باران و پیاوەکانیەوە
بە غەریبی و بەرهەڵایەکانیەوە
بە درێژایی ئەو ساڵە هەر ڕۆژەی
پیاوێکم خۆشویستووە
تا ئێستا ژمارەیان بە



هەواڵنامەی کتێب

سێسەد و شەست گەیشتووە
وەکو گوڵدان
لە ناو خۆمدا دامناون
لێ نەبوومە ژنی هیچیان
ئەز ژنەکم وەک ڕۆژنامە، ئەگەر هەموو ڕۆژێ
وێنەی دوسێ سیاسی و هەواڵی یەک دوو دز و
خۆکوشتنی ژنێک و سوتانی ژنێک
ڕاپۆرتێکی گەندەڵیم تێدا نەبێ
کەس نامخوێنێتەوە
کەس پێم نابێژێ ئازاد
لەگەڵ دوو هەزار و حەوت بۆ زۆر کەس
مانا بووین بۆ زۆر کەسیش بێ مانا
بۆ زۆر کەس خێرو بەرەکەت
بۆ زۆر کەسیش بەڵا..
ئەز ژنەکم
سەربەخۆ و بن بە خۆ
لێ چونکە قەت دڵ بە خۆ نەبووم
هەمیشە
پشتگوێ خراووم و دەخرێم
ئەوە ئەڤ ساڵەش تێدەپەڕێ
بڕۆیەکانم ماچ دەکەی... ماچی تۆو
هەناسەسواری من و بێماڵی تۆو
دەربەدەری هەرتکمان کڕوەکانی من بۆ کوردستان
نابڕێنەوە
هەرچی دەبینم وێنەی ژنێکی
بەرەڵای بەیەخەوەیە
دەترسم دیسان من بم
ئەتۆش نەهێڵی جۆلانەت پێ هەڵاوەسمەوە..

هەواڵنامەی کتێب

له بۆ ئەو ئەستووکە بەڕۆنە
پیاوێکی سەوز لە گیرفانم دەردێنم و
وردی دەکەمەوە
باقیەکەشی ئەوەندە وردەیە
دەیکەمە خێر
لەگەڵ ئەوەی ژنێکی بێ سنوورم
لێ دەزانم هەر پیاوێک ناوەکەم دەبینێ
حەزێ دەکا ڕەنگم کا
له بۆیە وەها ڕەنگینم، بەسەری تۆ
سەربەکۆشی عایشەشان دەکەمەوە
وێکڕا (ئەز غەریبم دایێ بێکەسم دایێ)
تا دیسان بە بێکەسی سەردەنێیەوە

لە مێژە ژنێکم بێ ناونیشان
بێ پیاو، بێ رووخسەت، بێ سنوور
بێ ئاوەڵکەراس، بێ مەرج
لێ چونکە بێ ئالام!
کەس دەرکەم لێ ناکاتەوە
دەڵێن برۆ هێشتا ئازاد نی
خۆت ئازاد کە ئەوجا بگەڕێوە
ئەز ژنێکم لە کودەتا
بە تەنها عەشق بە بێدەنگی ئاودیوم دەبێ و
بەبێ تەقە دەمگرێ
کە دەست بە گیرفانمدا دەکەم
پیاوێکی درشتە، پێناسەکی رۆژنامەنوسی
ناسنامەی نووسەری، قەباڵەی پارچە زەوییەک
پسوولەیەکی ئازاد بوون
دێنمە دەرێ و
ئەو دەم دەزانم چ دەرۆزەکەرێکی گەورەم.

هەواڵنامەی کتێب

دوو هەزار و حەوت لە هەولێرێ
لە باوەشی گرتم
لێ لە لەندەن
ناوچەوانی ماچ کردم و
بە جێی هێشتم
لەو دیوارەی پشت سەرم
وەک درەختی خانەوادە
درەختێک بۆ خۆشەویستان دەکێشمەوە
تا ناوو ناوبانگیان
بۆ حەوت پشتانم بمێنێتەوە
لێ نازانم
نەمریم دەبێتە هی عەشق
یا هی سەرەڕۆییم
هێشتا هەر لە باوەشی دوو هەزار و حەوت دام
دوو هەزار و هەشت، چاوم لێدادەگرێ و
چەند تەکسم بۆ دەنێرێ
دەنووسێ شەرت بێ هەر
هەڵتدەگرم
بە هەموو
خۆشەویست و منداڵەکانتەوە
ئەگەر وەدووم کەوی
ئەوە دوو هەزار و حەوت دەڕوا
مێژووی ئەو شیعرەشم
دەچێتە بن سێبەری ئەو
لێ بۆ خۆم بە گومانم ببمە هی چەند هەزار
یا دوو هەزار و چەند
تەواو ببم و ئاوابم..

٣١/ ١٢/ ٢٠٠٧

هەواڵنامەی کتێب

شیعر

# دژە دیمەن

ئیسماعیل بەرزنجی

هەواڵنامەی کتێب



هۆ بنیادەمی دڵڕەق
پێم بڵێ چۆن فریای رق دەکەویت
لە کاتێکدا
دنیا پڕە لە پەپوولە و منداڵ و گوڵ
***
بەرد
هەمیشە سەنگین و گرانە
ئێمە وامانکرد
لە شوێنی خۆی هەڵقەنێت
***
چاو
ئاوی سپی نایفەوتێنێ
ئاوی ڕەش نایفەوتێنێ
چاو
ئەو کاتە دەفەوتێ
کە «شۆڕ» بێت
***
بە ئەستێرەی «کاروان کوژە»م وت:

– واز لە کاروانچیان بێنە
فەرمووی:
– بۆ من مرۆڤم تا بکوژم و ببڕم؟.
***
ئاو
٧٠٪ی گۆی زەوی داپۆشیوە
کەچی من هەر تینووم
***
کە حووتەکانی خۆمانم بینی
ئینجا زانیم
حووتی ناو دەریا چەند بەستەزمانە
***
خۆزگەم
بە کێشکەی حەوشەو بان
نە دیمستۆرا دەناسێ
نە کێشەی کارەبا و ئاوی هەیە
نە ژنەکەی مووڕەی لێ دەکا
***
نیویۆرک کۆشکی هەوربڕی تێدایە
تەکساس زەلامی ورگ بڕی تێدایە
تورکیا پیاوی گیرفان بڕی تێدایە
ئەفغانستان قاعیدەی مرۆڤ بڕی تێدایە
گرنگ ئەوەیە ببڕن و بکوژن
***
نە لە کیمیا شارەزام
نە لە فیزیا
زراوم لە ماتماتیک چووە
تاکە عیلمێک
کە تیایدا شارەزام
عیلمی «خەم»ە
***



تا کۆترێک لەم دنیایەدا بمێنێ
دڵی من هەر لێدەدات

هەواڵنامەی کتێب

شیعر

# لێرە مێیەک بە ویساڵی شیعرم نادا

ئیسماعیل خورماڵی

هەواڵنامەی کتێب



خودایە وا دیسانەوە
تەپ و نمی ماچەو
هەڵکردنەوەی بای جووانییە و
خوڕەی ڕەنگەو خوڕەی گوڵە و
من هەردەم وەک سێوەری لا چەمێکی ئەوێ
وە گژوگیاو وە پوونگەی بێدەنگییەکی تەڕ خنراوە!
خودایە نوا دیسانەوە، تەپ و نمی ماچەو
هەڵکردنەوەی (با)ی جوانییەو
خوڕەی ڕەنگەو خوڕەی مەمەو
من هەر دەمم وەبێ دەنگی قوفڵەو
وە پوونگەی سەوزە پوونگەی فیرقەت خنراوە
ئەوەتانێ ئەی عەشرەتی عوشاقی خوا،
وەی یارانی ئەختەر نشین و زوهرەو زوحەلی خودا
ئەو دەروێشەی سەردەمانێ

نوێژی تاقە شیعرێکی لێ نەڕۆشتووە و نەفەوتاوە
ڕۆژێ تەزبیحەکەی لەخەتمی دوولبەر پەرستان نەوەستاوە و
ڕۆژێ لەسەر ئەسپی زکر هەڵنەگلاوەو
دەمی پڕ نەبووە لە بەیبوون و حاجیلەی کوفر
ئەلعانی خواش
ئەوێک بەو هەموو جەسوورەتی عەشقەوە
ئەوێک بەو هەموو فڕینی نیشتیمانی سازان هوە
ئەلعانی خوا
وەک بەلەمێکی کوون کەوتووی کەنار کەوتوو
ئاوی شیعر،
وەلای ناوە و
نوتقێ بە دوو لێوییا نایەو
وەک پەرەسێلکەیەکی لانە ڕماوی پاسار ڕماو
دێڕێکی لێ هەڵنافڕێ و
وەک ڕۆژانی تەڵا کۆڕی ئێوارانی ناوشار
ئەو ئێوارانەی تەنها گوێمان لە بانگی عەشق دەبوو
تەنها لەبەردەم گوفتی سەندراکاندا دەخەنین و دەنوشتاینەوە
تەنها وەلیمۆی کەنیشکەکانی ئەوێ،
ئەو کەنیشکانەی لە چڵ و شەتڵی ئاگر دەچوون
ئاو دەڕژایە سەرمان
ئاو دەزایە دەممان
بە هەمسی وان دەبووین بەژێر مەوجی ختووکەوە
ئێستەش وەک بێژی، پرسەی کۆڕی جوانییەو
خەزەڵوەری حەشامەتە
وا بەم هەمکە شیعری هیجرەتەوە



هەواڵنامەی کتێب

ئێوارەیەک
لەناو هەوری ئاپوورەوە
هەتاوی ڕوانینی شەمێ
چاوێ،
مەمێ
نایدزێ و
دوای فیرقەتی ئەو هەموو ساڵە بەژەنگە
زەردەپەڕی مێیەک نایەو
مەخلووقێ لە هاوچڵانی سازان نایەو
هەر نەبێ نا، بایەک، بایەکی خوایی
دەسڕی نهێنی ئەو هەموو بێ دەنگییەی ناباو
دەستێ،
بەسەر ڕەفەی ئەو هەموو جنوون و مەتبوونەوە،
دەس ناکێشێ و
دەسناکێشێ و
نەیی و نەیجەی،
نەیسانێکی گوڵعوومەری پێناوەخشێ و
هەر نەوێ و نەوێ و نەوێ نا،
بەو نەیەی بەر پشتوێنی لای خۆیەوە
سۆزێ، لەئاهی خۆی پڕکاو
مەیلێ وەپایزی خورماڵ بەخشێ
مەیلێ وە وڵاتی عەشق بەخشێ
ساڵگەڕێکە ئەی عەشرەتی عوشاقی خوا
ئەی عەشرەتی عوشاقی گوڵ چامەو قەڵەم
هەر ڕۆژێ (عەشقە) دێ و

هەواڵنامەی کتێب

هەر ڕەشبەڵەکی هەنارو پەنجەیە دێ
هەر شیعرەو دەبێ بە خێوەتی گۆرانی و
لێ ئەو، مەرگ بەخۆی
هەر هەر دەمی قوفڵە و گازەن
هەر دەستی وا بەبەدۆکی قەڵەمەوەو
هەنار لەچاوی کوڕوکاڵی ڕۆژنامە دەدزێتەوەو
گوێزی تەڕ و بەیتی تەڕی،
لە سێوەری کۆڕ و گۆواران دەدزێتەوەو
مێ نییە و
شەم نییە و
بەڵام بەڵام
نازی شیعری
بە شەرابی
کۆنە گۆزەی کۆنە ساڵان دەفرۆشێ و
مێ نییە و
شەراب نییە و
بەڵام
سەری شەربەی کۆنە خەمی،
بە سەری خۆی چنگ ناکەوێ و
لاسکە هەواڵێکی،
لەگوێ سەکۆی هیچ لایەک شین ناوێ
یاران.. ئەو هێن بێ دەنگ و خامۆشەن
خامۆش
خامۆش
هەتا بەگۆڕ غەریبێکیش ناوەزەن ناوێ!



هەواڵنامەی کتێب

مەرگ وەخۆم
جودابیتان یاران
(سێوەر) سانی (قەور)سانەو
(عەزاو)سانی قەورسانە
ئامانتان بم،
وەی گوڵخەنەرانی وڵات ، بموەخشن سا
گەر عەیامێکی سیا عەیام و تاڵە
ئاونگی شیعرم نەدابێتە چیمەنی خوێندنەوەتان،
یان وردە ماسی ختووکەی حەرف و
سیمی کراسی چامەو
قاوەی گەرمی وێنەی جوانم
پێ نەدابن و
لە تەگ سوبحی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکدا
من چایەکی بە هاڵاوی
سەر مقەڵی چایخانە دەسگێڕەکانم
لەبەردەمدا
دانەنابن و
یانە یاران ئێوارەیەک
بە کەبابی، ئێوارەیەکی بەهمەن و پڕ لەپرووشەوە
نانی چەور و
ترشی بەیت و
جامێ ترشیاتی خۆمانەم
لەبەردەم دا دانەنابن
دەمبوورن یارو یاوەری شیعر
زەمانێکە

هەواڵنامەی کتێب

وەکو جاران
کۆلارەی شیعر هەوای ئاسمان نادەم و
وەکو با بە دووی مەلەکی دەغلا هەڕا ناکەم
چیبکەم یاران لێرە مێیەک
بە ویساڵی شیعرم ناداو
لێرە مێیەک
وەبورەکانی عیشقم نادا
خودا خۆم ڕۆ
خۆم لە گوڵخانەی مەکر و فڕین نایەدەر
خۆم لەچاوی سییا چاوان کێشایە دەر
خودا خۆم ڕۆ
چۆن گرم لەخەرمانی هەنارستان ناو
مەقەستم لە باڵی فڕینی قەڵەم ناوە
ڕێی تەواشای شارم وەبەردی دۆزەخ کەڵەک کردو
وە کوفری ئەم هیجرەتە من چۆن تێکەوتم و
توانیم پشت لەئایەی ژووان و
پشت لە ژووانی نازۆڵانی شارەکەم کەم
خودا هاوار
ڕەش بوومەوە لە هیجری شار
ڕەش بوومەوە بە تەنیایی
ڕەش بوومەوە وەبێ دەنگی
خودا خۆم ڕۆئێرە بۆ من
عەیشی چ بیابانێکە



هەواڵنامەی کتێب



محەمەد کوردۆ

# دوو شیعر

هەواڵنامەی کتێب



١- ژنێکی باڵدار
ئەمشەو خەونێکی زۆر خۆشم بینی
ئێستاش پەرێشانم بۆی
لە خەونەکەمدا ژنێک
لە شێوەی باڵدارێکدا
لەشوێنێکی زۆر دوورەوە هات و
منی برد لەگەڵ خۆی
لەناو مێرگوزارێکدا
پیاوێکی پێشاندام
سەرگەرمی سەما و سووتان بوو
وتی ئەو پیاوەی کوشتەی دەستی رۆتینە و
خەڵک بەتۆی دەزانن، تۆ نیت
ئائەمە تۆی..
ژنەکە زۆر زۆری پەلە بوو
دوای ئەوەی خۆمی بۆ دۆزیمەوە
چەند ماچێکی دامێ و
پڕی کردم لە شیعر و

لەشەقەی باڵی دا و ڕۆی..!

٢- ژنێک لە ڕوناکیی



لەنێو ئەم شەوە خەمگینەدا
کە دەڵێی
بێوەژنێکی حەپەساوە!
بێوەژنێک
تاریکی لە هەموو لایەکەوە
پەلاماری داوە
زۆر سەیرە
من لە دارتێلێک دەچم
نەک بە تەنها دڵە گڵۆپەکەم
هەموو گیانم داگیرساوە
دەڵێن:
لەپشتی هەموو پیاوێکی ڕوناکەوە
ژنێک هەیە.
ئای خۆزگە دەمزانی
ئەو ژنە جادووگەرەی
لە پشتی منەوە وەستاوە
ئەم هەموو ڕوناکییە دڵنشینەی
چۆن چۆنی کۆکردۆتەوە و
بە کام گالیسکەی ئەفسانەیی و
لەکام شاری خەونەوەی هێناوە؟!

هەواڵنامەی کتێب

شیعر

# رامان

ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان

هەواڵنامەی کتێب

چرکەیەک لە خروری خوادا ڕاوەستە
ئەم بەفری غوربەتە لەبەرتا ڕامالّە
بچۆرە خەڵوەتگای عەشقەوە
ڕامێنە لە جوانی بەندەی ئەو
لەشەوە تاریکەکان
ئەستێرەیەک بکە گوارەی ئەو گۆرانییەی
لە شۆڕبوونەوەی حەز
بارینی تریفەی ئەوین
داڕمانی دڵ دەچێ
چرکەیەک ڕاوەستەو
نیگای قەسیدەیەک لە جەرگی پێنوسێکدا بکێشە
وردبەرەوە لە بای ئەجەل
ڕەهێڵەی لەناوچوون
مردنی گەڵای تاسە
چاوانت پڕکە لە باران
گیرفانەکانت بەرامەی شیعریان لەسەر پەخشکە

چەند جوانە..؟
بۆنی خاک
تامی جوانی
چێژی ئەو وشانەی
لە پاییزی هیواکاندا
چاوشارکێ لەگەڵ تەمەنتا دەکەن
دەجەنگێن دژی گوناه و
لە سۆزی خواییدا دتوێنەوە
تاوێک چاوشارکێی ئەستێرەکان گربدە
لە گڕی خۆرە تاوێکی هاویندا
سێبەرێک ساز بکە
لە خوێنی نەرمەبایەکدا
گەلایەک بە شەونمی لێوەکانت پاککەرەوە
وردبەرەوە لەو لاسکانەی عاشقی هێلانەن و
لە سووتانێکا رەگی خۆیان جێدەهێڵن
رامێنە لەو هەوارگانەی
لە ترسی چرایەکدا
تیشکی ئەستێرەیەک ئەدەن بە شاندا
چرکەیەک لە حزوری خوادا راوەستە
لە رۆحی چۆلەکەیەکدا
درک بە پیرۆزی ئاسمانەکان بکە
لە چێژی دەنکە ترێیەکا
گلێنەی هەور راموسە
لە کردنەوەی پەنجەرەی پرستگایەک
گەرووی رێگاکان بەزام بناسێنە
بەرماڵێک راپێچەو
بە پەرەیەک دەروونت ببەستە
بۆ دواچرکە لە حزوری خوادا راوەستە



هەواڵنامەی کتێب

شیعری وەرگێڕدراو

Sara Teasdale

# سارا تیسدەیل

## ژنە شاعیری ئەمریکی

**لە ئینگلیزییەوە: ناڵە حەسەن**



**کورتەیەک لە ژیانی سارا:**

سارا تیسدەیل Sara Teasdale: لە ٨ی ئۆگستی ١٨٨٤ لە شاری سانلویس هەرێمی میزوری لە دایک بووە. یەکێکە لە شاعیرە لیریکییەکانی ئەمریکی (بە شاعیری عەشق ناسراوە). زۆربەی ناوەڕۆک و بابەتی شیعرەکانی سارا لە سەر (عەشق، جوانی سروشت، مردن) بووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا شیعرەکانی زۆر خۆشەویست بووە.خوێنەری زۆری هەبووە. لە ساڵی ١٩١٨ خەڵاتی شیعری لە زانکۆی کۆلۆمبیا:

Poetry Society Prize Columbia University وەرگرتووە، کە تایبەتە بە خەڵاتی شاعیران. خەڵاتەکەش ساڵانەیە و لە سەر کۆمەڵە شیعری (گۆرانییەکانی خۆشەویستی.. Love Songs) بووە. ستایلی شیعرەکانی سارا لیریکیە بە وێنە و تابلۆی گونجا و دەیانرازێنێتەوە و ڕوونیان دەکاتەوە. شیعری (شەوی بەهار) کە لە ساڵی ١٩١٥ دا نووسیویەتی یەکێک

Sara Teasdale

لەو کۆمەڵە شیعرانەی بووە.

ژیانی منداڵی سارا، پڕ ئێش و ژان و موعانات بووە بە دەستی نەخۆشییەوە. تا تەمەنی نۆ ساڵی نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانە. پاشان لەو تەمەنەدا دەچێتە قوتابخانەیەکی تایبەت بە منداڵان. کە نزیکی ماڵەوەی خۆیان دەبێ. لە ساڵی ١٨٩٨ دەچێتە (پەیمانگای مێری) چەند ساڵێک بەدوای یەکدا بەردەوام دەبێت. ماوەیەکیش لە (ئینهۆزمیر هۆڵ) تا لە ساڵی ١٩٠٣ خوێندن تەواو دەکات. لەو کاتەدا سارا کاریگەری ئەمانەی بەسەرەوە دەبێ: کچە ئەکتەرێک بە ناوی (دووس Duse) کە هەرگیز لە کاتی نواندندا نەی بینیبوو، وە هەرگیز نەشی بینی. هەروەها شاعیری بەریتانی (کریستینا رۆزێتی Christena Rosseti). هەروەها چەندین جار سەفەرکردن بۆ ئەوروپا لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٠٥.

سارا لە ساڵی ١٩١٣ دەرگیری عەشقی دوو موعجەب بەخۆی دەبێت. کە یەکێکیان: (ڤاشیل لیندەس Vachel Lindsay) ی شاعیرە. ڤاشیل عەشقی سارا دەبێت. عەشقەکەی خۆی بۆی دەردەبڕێ، لە ڕێگەی نامەیەکی دوور و درێژی دڵدارییەوە کە بۆی دەنێرێ و داواشی لێ دەکا شووی پێ بکات. هەرچەندە سارا زۆر بە قووڵی هەستی خۆشەویستی بۆی هەبوو، وە دڵی بۆی دەبزوا. بەڵام داواکەی ڕەتدەکاتەوە و بڕیار بۆ دووەمینیان دەدات، ئێرنست فلیسنگەری بزنزمان. لە ساڵی ١٩١٤ شوو بە ئێرنیست دەکات و ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ ئەودا پێکدەهێنێ. دوای چەند ساڵێک دەگوازنەوە بۆ نیۆرک وە هەموو ژیانی لەو شارەدا بەسەر دەبات.

ڤاشیلی شاعیریش وەک هاوڕێیەکی خۆشەویست و نزیک لێی لە ژیانیدا دەمێنێتەوە. سارا کاریگەری زۆری بەسەر(ڤاشیل) ەوە دەبێ، تا لە ئاکامی ئەو کاریگەرییە ئیلهامی ئەوەی پێ دەبەخشێ کە جوانترین شیعر بنووسێ بە ناوی (Nightingale Chine_s).

سارا بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و سەرکەوتووانە لەلایەن ماڵەوەی پەروەردە دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز نەیتوانیوە واقیعیەتی ژیانی خۆی، هەست و نەستەکان و قووڵایی دەروونی خۆی لە شیعرەکانیدا دەربڕێ. سارا لە ژیانی هاوسەرێتیەکەی بەختەوەر نابێت، لە ساڵی ١٩٢٩ لە ئێرنست جیا دەبێتەوە. بە دوای ئەم تەمەنەدا باری تەندروستی زۆر بەرەو دژواری دەڕوا، تا لە بەیانی ٢٩ ی بەفرانباری ١٩٣٣ لە ئەپارتمانەکەی خۆی لە (نیۆرک) کە زیاد لە پێویست حەبی خەو دەخوات، لە گەرماوێکی گەرمدا خەوی لێ دەکەوێ و بۆ هەتاهەتایە خەبەری نابێتەوە.

دوا شیعرەکانی یاخود وەک هەندێک دەڵێن، هەڵبژاردەیەک لە باشترین شیعرەکانی هەر

لەو ساڵەدا بە چاپ دەگەیەندرێ.

ئەمەی خوارەوەش چەند نموونەیەکە لە شیعرەکانی سارا تیسدەیل:

**شەو**

مانگ بۆ گوڵە زەردەکان دەچەمێتەوە

**ئاسمانیش هێشتا هەر شینە.**

**مانگ بۆ ئاسمان دروست بووە کە بیگرێتە خۆی**

**منیش بۆ تۆ.**

**مانگ گوڵێکە بەبێ هەڵم**

**ئاسمانیش دەبریسکێتەوە**

**ئەبەدییەت بۆ ئەوان دروست بووە**

**شەویش بۆ ئێمە.**



**ناشتنی عەشق**

**من هاتووم عەشق بنێژم**

**لە ژێر دارێک،**

**لە دارستانێکی درێژ و ڕەش**

**تا کەس نەتوانێ بیبینێ.**

**من دەبوایە نە گوڵ لەلای سەری و**

**نە بەردیش لەلای پێیەکانی دابنێم.**

**من زۆر حەزم لەدەمی دەکرد**

**شیرینیەکی تاڵ بوو.**

**وا چاکترە من چیتر نەچمە سەر گۆڕەکەی**

**بۆ سەر تابووتێکی ساردو سڕ**

**من پێویستە هێندەی دەستەکانم دەیانگرێ**

**خۆشی و شادی کۆکەمەوە.**

هەواڵنامەی کتێب

## با

با بۆ نێو ڕۆحمەوە هەڵدەکا
بە درێژایی شەو گوێم لێبوو دەگریا
لە باکووردا ئارامی بۆ من نییە
جگە لەوەی لەگەڵ تۆدام
با هۆشداریم پێ دەبەخشێ
کە لە نێو ڕۆحی ڕووتمەوە هە ڵدەکا
لە باکووردا ئارامی بۆ من نییە
جگە لەوەی لەگەڵ تۆدام.



## ساڵەکان

لە شەودا چاو دادەخەم و دەبینم
کاروانێکی نامۆ بەلامدا تێدەپەڕێ
ئەو ساڵانەی بەرلەوەی ڕوخساری تۆ ببینم
ڕۆیشتن لەگەڵ دڵتەنگییەکی سووکەڵەدا
تێپەڕین، ساڵەکان هەستیار و شەرمن بوون
وەک یەکێک هەوڵبدا بۆ سەما،
نیوە کوێر و بە فرمێسکەوە
ساڵەکان ڕۆیشتن هەرگیز نەیاندەزانی
کە هەریەکێکیان لە تۆم زیاتر نزیک دەکەنەوە
ڕێگاکەش تەسک و پچرپچڕ بوو
ئێستا ڕێگام نیشان بدەبەرەو دڵت
ئاخ، ساڵەکان هەستیار و شەرمن بوون.
ئاخ ساڵەکان تەنیا بوون
هەوڵیان دەدا گۆرانی بڵێن و بەدەنگێکی
نوقم بوو لە فرمێسک.

**ماچ**

من بە ئومێد بووم خۆشی ویستبام
دەمی ماچ کردبام
بەڵام من وەک باڵندەیەکی بریندار وام
کە نەتوانێ بگاتەوە باشوور
هەرچەندە من دەزانم خۆشمی دەوێ
بەڵام کە لە شەودا دڵم تەنگە
ماچەکەی ئەو هێندە سەراسیمە نەبوو
وەک ئەو خەونانەی کە من هەمبوون.

**دڵم پڕە**

دڵم پڕە بە چەند گۆرانییەک
وەک ئەو میوە پێگەییوانەی لە دار بەردەبنەوە
بەڵام من هەرگیز ناتوانم یەکێکیانت پێ بدەم
گۆرانیەکانم هی خۆم نین
ئێستا ئێوارەیە و دەمی زەردەپەڕە
پەپوولەکانیش دێن و دەڕۆن
لەو کاتژمێرە خۆڵەمێشیەی کە میوەکان هەڵدەوەرن
یەکێکیان بەرە و کەس پێی نازانێ ... !

سەرچاوەکان:


The collect poems of : Sara Teadale -
Buccaneer Books
Internet :
American List of poets _ currently 119 different authors listed-


هەواڵنامەی کتێب

چیرۆک



نەجیبە ئەحمەد

# تكایە گڵینەكە مەشكێنە



لە نێوان نیگاكانی من و پەنجەرەكانی ماڵەكانی ئەوبەرمانەوە كۆڵانە تەسكەكە و پەردە ئاوریشمینە سپییە پڕ لە میوە رەنگاوڕەنگەكەی موبەق كە هەمیشە دادراوەتەوە هەیە و بەهەردووكیان پەنجەرەكانی ماڵەكانی ئەوبەرم لێ نزیك دەكەنەوە و رۆژانە چەندان جار ئاوێتەی ناو خەڵكەكەی ئەوبەرم دەكەن.

زۆربەی رۆژ لەم موبەقەوە و لەسەر ئەم کورسییە و لە توێی تەنکایی پەردە دادراوەکەوە ماڵەکەنی ئەوبەر دەدۆزم، بەڵام هیچ کاتێک ئەوەندەی ئەم دەمەوئێوارەیە ماخۆلانم نەبووە و حەز هەڵینەپێچاوم کە ئاوا بنەوەشییانە کونجکۆڵ بم و سەر بکەم بەودیو پەنجەرەکاندا.

پێم وایە ئەگەر ئەم هەڵپێچانە لە رۆژانێکی تر و لە بارودۆخێکی ئارامتردا بوایە رەنگە بموتبایە: چەناگەم لەناو لەپمدا پاڵی داوەتەوە و نیگاکانم هێمنانە درِ بەو تاریکییە کاڵەی خۆرئاوا دەدەن کە خەریکە پاشماوەی رۆشناییەکانی رۆژ لەبن دیوار و ژێر پەنجەرەکاندا کۆ دەکاتەوە و راپێچی ژێر باڵی ئەستێرەکانیان دەکات، بەڵام وام نەوت، چونکە بێقەرارتر بووم لەوەی چەناگە لەناو لەپمدا پاڵ بداتەوە و نیگاکانم هێمنانە هەنگاو هەڵەێنن. بێ ئارامانە پەردە تەنکەکە لادەبەم، تەنگەبەریی کۆڵانەکەش پردێکی خێرا و تیژڕەوە و زووتر دەمگەیەنێتە ئەوبەر، بەڵام بەرلەوەی بگەمێ پەنجەرەیەک دەکرێتەوە.ئەو بەسەر و قژی ئاڵۆزاو و دەموچاوێکی هەڵکفاوەوە تێکەڵ بە ریشاڵی نارنجی زەردەپەڕ دەبێ. ژێر چاوەکانی ماسیوون و دەمارێکی باریکی شین ژێر چاوی لە روومەتەکانی جیا دەکاتەوە.

هەردوو دەستی لە ناو چوارچێوەی پەنجەرەکەدا دادەنێ، چەپکێ دەمار و دەیان پەڵەی قاوەیی شەکەتیی تەمەنیان لەسەر دەست وپلیدا هەڵتۆقاندووە، ئەمەش نیگەرانیی و دوودڵییان لای من پتر دەکرد، نیگەرانی ئەوە نا کە پیرییەکی پێشوەخت تەمەنی دەپێچێتەوە بەڵکو نیگەرانی داڕوخانی ناوەوەی بووم. من پێیەکانم سست بووبوون، ئەو هەروا لە ناو پەنجەرەکەدا رێک وەستابوو. بەکوڵ دەگریا، من هەروا نیگەران و سست و ئەو بەکوڵ دەگریا. هەر لەناو چوارچێوەی پەنجەرەکەدا و لە نێوان هەردوو دەستیدا گوڵدانێکی گڵینی دانابوو. من وام هەست کرد لاسکێکی باریکی زەردهەڵگەڕاوی تێدا بێ.واشم هەست کرد یان وا پێدەچوو کە فرمێسکەکانی بڕژێتە ناو گوڵدانەکەوە..من دەمویست چاوی لەسەر هەڵنەگرم بەڵام جیرەی کردنەوەی پەنجەرەیەکی تر لەملایەوە سەرنجمی لەسەر ئەو گواستەوە، کچۆڵەیەک بە چەپکێ قژی خورمایی خاوەوە سەر لە پەنجەرەکە دەردێنێ و لەملاو لەولا دەڕوانێ.ئەم هەروا دەگری. کچۆڵەکەش وەکو من نیگەران

و سستە و بە چاوێکی پڕ لە بریسکەی سادەییەوە سەیرێکی دەکات وەکو ئەوەی هۆکاری گریانەکەی لە من بپرسێ،بەڵام زۆر زوو هەردوو تاکی پەنجەرەکە بە کراوەیی بەجێدێڵێ و دەڕوا. من دێمە بەردەم ئەم پەنجەرە کراوەیە و تۆزێک پێ هەڵدەبڕم و دەڕوانمە ئەو دیو.ئەو دیو چ دنیایەکی سادە و بێئارایش و خۆشە.ماڵێکی قەدیمییە،هەیوان و بەرهەیوان و چەند ژوورێک کە بە هەموویان دەکەونە سەر حەوشەیەکی بچووک،دیوارەکانی لە هەندێ لاوە پینەکراوە بەڵام تا بڵێی پاک و تەمیزە و لە پاکییدا بریسکەی دێت،بۆنێکی خۆش هەموو لایەکی گرتۆتەوە،کە رەنگە ئەو پەڵە رەیحانەیە بێت کە لە سووچێەکی حەوشەکەدا کراوە. لەو سەری حەوشەکە بەرمیلێک لەسەر بلۆکێک دانراوە و دەبەیەک و رەحەتییەکی لە لاوەیە، دیارە کە نەوتی تێدایە. لەملاتریشەوە حەوزێکی بچووک و بەلوعەیەکە، کچە جحێڵێک لەبەر بەلوعەکەدا خەریکی جل شتنە. کچۆڵەکەی پەنجەرەکەی کردەوە لە ژوورێک هاتە دەرەوە، گوڵدانێکی لە حەوشەکەوە بەرەو هەیوانەکە گواستەوە،چۆڕێکی ئاو تێکرد و بۆنێکی قووڵی گوڵەکەشی کرد. هەر لە هەیوانەکەدا و لەسەر راخەرێکی لاکێشەیی ژنێکی کامڵ و بەتەمەن، سەر و سەرپۆش سپی و جوان دانیشتووە خەریکی جل قەدکردنە. پیرە پیاوێکی بە شان و شەوکەتیش لەو لاترەوە، لەسەر کورسییەکی دارینی کۆن پاڵی داوەتەوە سەیری دەرودیواری حەوشەکە دەکات کە لە هەندێ جێدا چیمەنتۆکەی درزی تێکەوتووە و جێ جێش بەریداوە.لە پڕێکدا دەست بە گیرفانیدا دەکات و دەسرێکی بۆری چوارقەدکراو دەردێنێ و لەوێوە بۆ کچی لای حەوزەکەی هەڵدەدا تا بۆی بشوا،دەسرەکە نەگەیشتە لای کچەکە بۆیە تۆزێک گرژ بوو بەڵام ناچار هەستا و هەڵیگرت.منیش وەکو ئەو گرژ دەبم بەڵام نازانم بۆ،ئینجا بە لای چەپدا مل لار دەکەمەوە،ژوورێکی پاکو خاوێن و کەم کەرەسە دەبینم،هەموو شتەکان و دارودیواری ژوورەکە بۆنی سادەیی و پاکێتی و بێفێڵی لێدێت.پیرەپیاوێک بە کەوایەکی بێقۆڵ و کراسێکی سپی تازە شۆراوەوە لەسەر کلیمێکی رەنگاوڕەنگ دانیشتووە،کچۆڵەیەکی پێنج شەش ساڵانی لە سەر باوەشی داناوە گەمەی لەگەڵدا دەکات.مناڵەکە دەست دەبا بۆ زنجیری سەعاتە بەرباخەڵییەکەی باپیرە و هەیتا هەیتا دەڵێ:دەی باپیرە دەی بمدەێی!دەی ئەو شتە جوانە چییە کە بۆت کڕیوم؟ دە

بمدەێی، دەی توخوا.

پیرەپیاوەکە بە نەرمە پێکەنینێکەوە دەست دەکات بە گیرفانیدا و شووشەیەک بۆیەی نینۆک دەردەهێنێ پیشانی کچۆڵەکەی دەدات.کچۆڵەکەش لە خۆشیدا دەم دەکاتەوە،باپیرە توند دەیگوشێ و هەندێ قدیلانەی دەدات.هەردووکیان قاقا پێدەکەنن.ئینجا باپیرە دەڵێ:ئەمجارەیان خۆم نینۆکت بۆ بۆیە دەکەم، بزانە چەند جوانی بکەم، کچۆڵەکە بێدەنگ لە باوەشی دێتە خوارێ و رووبەڕووی دادەنیشێ، دەستی بۆ درێژ دەکات و دەڵێ:باشە،خۆت بۆم بۆیە بکە.

دڵنیام ئێستاش لەززەتی جوانیی ئەو بۆیەی نینۆکە ئێستاش لە رۆحی کچۆڵەکەدا ماوە و دەژی،منیش بە ئەندازەی ئەوان پەلکێشی ناو ئەو جوانیی و لەززەتە دەبم،ئیتر تا قەدەرێکی باش پەنجەرەکانی ئەو لاتر لە بیر دەکەم و قاچەهەڵبڕاوەکەم دادەنێمەوە.دەستێک بە پەردەکەدا دەهێنم و سەیری نینۆکەکانی خۆم دەکەم و چەند جارێکیش پەنجەیان پێدا دەهێنم.

نرکەیەک دەگاتە گوێم،بەرەنیسکی ئەوە لە پەنجەرەکەوە دەمگاتێ.دووبارە سەر هەڵدەبڕم،گڵێنەکەی خستووەتە قەراغ پەنجەرەکە و خەریکە هەڵیداتە ئەمدیوەوە.دەمەوێ دەستەکەنم بخەمە بەر گڵێنەکە و لەبەری بپاڕێمەوە و بڵێم:تکایە ئەو گڵێنەیە بەرمەدەرەوە،کچۆڵە قژخورماییەکە دیسانەوە دێتەوە بەر پەنجەرەکە و سەیرێکی من و سەیرێکی ئەو دەکات و گوڵدانێکی تر لەو دیو پەنجەرەکەوە دادەنێ و ئاوی دەدات.من دیسان پێ هەڵدەبڕمەوە. کچەکەی بەر بەلووعەکە لە جل شتن ببووەوە و لە ژوورێکدا راکشابوو.جلەکان قەد کرابوون و لەسەر کورسییە دارینەکە دانرابوون.راخەرەکەش لوول کرابوو بە دیوارەکەوە هەڵپەسێردرابوو.

لەوسەرەوە و لای راستی حەوشەکەوە سێ چوار منداڵ قریوە قریویانە و خەریکی چاوشارکێن، خەریکم بچم لەگەڵیاندا چاوبشارمەوە کە زرمەی داکەوتنی گڵێنەکە و داخستنی پەنجەرەکە دام دەچڵەکێنێ و هەناسەم لە سینەدا کپ دەکات و تەنیا وشەیەکم بۆ دێت وای...

چیرۆک



بەکر دەروێش

# گۆرانییە خنکاوەکانم




ئەوەی رۆژێک لەرۆژان، لەماڵەکەی خۆیدا هونەری گۆرانی چڕینی تاقی نەکردبێتەوە، رەنگە دودڵ و دڕدۆنگ بێت لەوەی کەئێستا دەیگێڕمەوە، هەفتەیەک پێش لەئێستا، بەیانی هێشتا ژن و منداڵەکانم لەخەودا بوون، دیسان مەیلی گۆرانی چڕینم کرایەوە، لەنێو باخچەکەدا، لەسەر هەرێزەکە دانیشتم و دەستم خستە بناگوێچکەم، سەری مقامی قەتاروئەڵاوەیسیم دامەزراند، هەردەنگم هەڵبڕی و نەبڕی ژنەکەم بەراکردن هات، توند دەستی

خسته سەردەمم و گۆرانییەکەی لەگەرومدا خنکان، چاوە خەواڵووەکانی جنجن کردبووەوە، وا تۆقی و پەرێشـان ببوو دەتگوت ئێـستـا من بەم گـۆرانییەم نهێنییەکی گەورە ئاشکرا دەکەم و حەیامان دەچێت، وەها تەنگەنەفەسی کردم خەریک بوو بخنکێم، هەرچۆنێ بوو دەستیم لەسەر دەمم لاداو هەناسەیەکم دا، ئەرێ ئەوە چیتە خنکاندمت؟ کورە تۆ چیتە؟ بەم سبای ساڵحانە ئەڵێی شێت بووی! سەت جار پێم نەگوتی عەیبە گۆرانی مەڵێ، هاوسێکان گـوێیـان لەدەنگتـە، بۆ گـۆرانی ئەڵێی ها ..؟ وەک منـاڵێکی بێدەسـەڵات بـەکـزێکەوە گـوتم: چیبکەم حەزم لێیـەتی! ئەوەندەی تر تووڕە بوو ووتی: حەزومەز نییە، قابیلە بەشەر حەزی لەهەر شـتێک بێت بیکا ؟ دەباشە منیش حەزم لێیـەتی دەچم لەکۆڵان تاوێک سەمادەکەم! ئەبێ؟ گۆرانی وەک سەما نییە، فەرقی چییە ؟ فەرقی زۆرە ئەمەی من حەزێکی بێ وەیە، ئێ باشە حـەزت لێیەتی بڕۆ بۆخۆت لەو چۆڵەوانییە گۆرانی بڵێ ؟ قسەی ژنەکەمم ماقوڵ هاتە پێش چاو، کـەوتمـە سـەرزەنشـتکردنی خـۆم، ئەو ڕۆژە تـامـاڵـخـەوتنان کـزو بێـواز بووم، هەرخۆمم دەخـواردەوەو دەمگوت: شـەرتبێ ئیـتر قـەت گۆرانی نەڵێم، ژنەکەم ڕاسـتـەکات گۆرانی وتن شـورەییە، ئاخـر من ژن و مناڵم هەیە ! کەچی دوێنێ بەیانی کاتێک کەلەخەو هەستام دیسان هەر لەخۆمەوە نارە نار گۆرانییەک لەسەر زارم بوو، هێشتا ئەوان لەخەودا بوون، دووجار چوومە سەربان و هاتمە خوارەوە، گۆرانییەکی بەیانیانە ختوکەی هەناوی دەدام، وەلێ هەرچۆنێک بوو دانم بەخۆمدا گرت وگۆرانییەکەم نەوت، دیسان تا ئێوارەکەی غەمۆک وبێ خولق بووم، لەگەڵ کەسدا قسەم نەدەکردو مۆنەمۆنم بوو. ئێستا ئیتر بیری نایەت دواجار کەی گۆرانیی وتووە، من بیـستوومە ئەودەمانەی کـەنەتوانێ گـۆرانی بڵێ خولقی تەنگ دەبێت و تووشی بێ مەیلی دێت، تاقەتی قسەکردنی نامێنێ و حەز بەتەنیایی دەکات، کەتەواو توڕە و پەست دەبێت ژیانیشی لەبەرچاو بێتام دەبێت، لەترسی ئەوەی نەک شتێ لەخۆی بکات دەچێتە دەرەوەی شار ئەو ڕۆژە تائێوارە گۆرانی دەچڕێ. بەڵام خۆمن ناتوانم هەموو ڕۆژێک بچم بۆ ئەو کەژوکێوانە بۆ گـۆرانی وتن، من حـەزدەکـەم هەمـوو بەیانیـەک لەگەڵگەردوگـوڵی بەیاندا تاوێک گـۆرانی بچـڕم، دەرگـای ڕۆژێکی نوێی ژیانم بەگۆرانی بکەمەوە، کەچی هەمیشـە ڕێگای ئەمەت لێ دەگرن و نایەڵن بەئارەزووی خۆت تاوێک گـۆرانی بچڕی، من تێناگـەم باشـە خـۆ گـۆرانی وتن زیانی بۆ هیچ کـەس نییـە، بەپێچەوانەوە زۆرجار دڵی بنیادەم دەکاتەوە و خۆشی دەخاتە دڵ و دەروونییەوە، ئیتر نازانم بۆ هەموویان ڕقیان لەگۆرانییەو ناهێڵن من بەئارەزووی خۆم تاوێک گۆرانی بڵێم؟ ڕقیان لەگۆرانی وتنە، بەڵام حەزیان لەتەقەکردنە، توخوا گۆرانی باشە یان تەقە؟ ئەو ڕۆژە

ئەو پیاوە قەڵەوەی کەماڵی لەو سەری گەڕەکەکەمانەوەیە، بانگی کردم و دووسەعات قسەی بۆ کردم، پێی وتم: کاک بەکر تۆ پیاوێکی بەتەمەنی ژن ومناڵت هەیە، عەیب ناکەی لەخۆت هەمیشە خەریکی گۆرانی چڕینی؟ گۆرانی وتن کەی هی پیاوە، ئەوەی گۆرانی بڵێ لۆتییە بێئەخلاق و سەرسەرییە، تۆ قەبوڵەکەی پێت بڵێن سەرسەری ؟ ها .. قەبوڵەکەی؟ منیش بەڕوویەکی شەرمنەوە وتم: کاکەگیان بەخوا قەبوڵ بکەم نەیکەم من تۆ ناناسم، ئینجا من لە ماڵی خۆما گۆرانی ئەڵێم، خۆ لەبەر دەرگای کەس گۆرانیم نەوتووە! کەوام وت چاوی چووە تەوقی سەری، دەنگی گڕگڕ ببووەوە هاواری کرد: سەگباب ئەمجارە گوێم لەدەنگت بێت وەک سەت دەتۆپێنم! بێ قیمەت، لۆتی؟ بوو بەشەڕوقڕەمان، بەدەم قڕەوبڕەوە خەڵکی گەڕەکمان لێ کۆبووەوە و کەوتنە ناوبژی کردنمان، هەرچۆنێ بوو خەڵکەکە لێمیان دورخستەوە، قەسەم بەخوا ئەو خەڵکە نەبوایە ئەوفیلە ورگنە هانجن هانجنی دەکردم، ناچار ڕووی دەمم لە عالەمەکە کرد و وتم: ئەرێ کاکە گۆرانی وتنی من زیانی بە کەستان گەیاندووە؟ یەکێک بێ ئەوەی بمناسێ و بیناسم یان هەرخەڵکی گەڕەکەشمان بێت وابزانم بەدەم قڕەو بڕەوە هاتبوو لەخۆیەوە هەڵیدایەو وتی: کاکە چۆن زیانی نییە عەیبە ئەمە کەی بەزمە تۆ فێری بووی، حەزت لەگۆرانی وتنە بچۆ لەو دەشتودەرە گۆرانی بڵێ، کێ دیویەتی لەگەڕەکدا گۆرانی بوترێ؟ ئێستا من چی بەم کابرایە بڵێم؟ ئاخر من کەی لەگەڕەکدا گۆرانیم وتووە، من لەماڵی خۆمدا بۆ حەوسەڵەی خۆم گۆرانیم وتووە! دوای ئەو سەی هاشمم لێ هاتە جواب و وتی: ماڵی خۆت نییە، تۆ دەنگت تا ئەو پەڕی شار دەڕوات عالەمت بێزار کردووە، ئێستا دەنگیشت خۆش بوایە قەیدینەدەکرد، ئێمە جارێکی تر لێت قەبوڵ ناکەین گۆرانی بڵێی، یەکجاریتر گۆرانی بڵێی لەم گەڕەکە دەرتدەکەین، وەک بەرخۆڵەیەک کەوتبێتە نێو کۆمەڵێ گورگ هەرجارە یەکێ پەلاماری دەدام و گازێکی لێ دەگرتم، نەمدەزانی وەڵامی چەند کەس بدەمەوە، خۆشم نەمدەزان ئەڵێم چی، بەڵام دواجار هەر ئەوەندە لەخۆم حاڵی بووم، بە یکێکم وت: ئەگەر هاتمە بەر دەرگاکەی تۆ و گۆرانیم وت لێم قەبوڵمەکە! بەدەم ئەم بگرەو بەردەوە نازانم کێ بوو لەڕێی خوا قۆڵی گرتم و کردمی بەحەوشەی ماڵەوە، ئێستا وردە وردە گۆرانییەکانم خەریکە لەگەرومدا دەخنکێن، خەریکە یەک یەک هەرەس دەهێنن ولە دڵ ودەروونمدا دەپوکێنەوە، رۆژێک دوای ئەو گەلەکۆمەیەی لێیان کردم، واتە هەینی ڕابردوو، مەلا کەریمیش لەخوتبەی نوێژی هەینیدا، سەعاتێک زیاتر خەسوولەگەڵ تۆمەو بوکێ گوێت لێبێت لەسەر گۆرانی و گۆرانی چڕین قسەی کرد، دەیگوت گۆرانی وتن کارێکی نەکردەنییە، مایەی حەیاچوونە، هەرکەسێک گۆرانی بڵێ

هاوڕێی شەیتانەو هەفتا هەزار ساڵ لەئاگری جەهەنەمدا دەیسوتێنن، گۆرانی وتن لەکەبائیرەکانە دەبێ مرۆڤ خۆی لێ ببوێرێ، ئەو کەسەش دەنگی خۆشەو حەزی لەگۆرانی وتنە دەتوانێ لە باتی ئەوە قورئان بخوێنێ، خودا ئەو دەنگە خۆشەی بۆ ئەوە پێنەداوە تاوەکو گۆرانی پێ بچڕێ، بینای چاوان بەقوربانی بم، ئەو دەنگە جوانەی بۆ ئەوە پێی داوە تاکاری جوانی پێ بکات، نەک بێت و دوور لەڕوتان وەک گوێدرێژ لەنێو مالان و کۆلانەکاندا بزەڕێنێ، ئەمڕۆ خەڵکانێک هەن دوور نییە ئێستا گوێیان لەدەنگیشم بێت بەزەڕەزەڕ عالەمیان بێزار کردووە، وەلا چییە گۆرانی دەڵێن، ئەمانە وەلاهی حەقیان سەربڕینە، گوناحە خەڵکی لەم جۆرە ئاووهەوای خوای گەورە هەڵمژن، مەلا کەریم زۆری گوت من هەرئەوەندەم لەبیرە، بەینی خۆمان بێت قسەکانی زۆر کاریان تێکردم سوێندم خوارد تۆبە بکەم و ئیتر هەرگیز گۆرانی نەچڕم، دەنگی خۆم لەهەمانە نێم و گۆرانییەکانم یەک یەک هەڵپڕوکێنم، چەندان ڕۆژ بوو گۆرانیم نەگوتبوو غەمۆکی و پەژارە دایان گرتبووم، هەستم بەغەریبی خۆم دەکرد، لەڕولاواز ئیشتهای خواردنم نەمابوو، لەباخچەی ماڵەوەدا دانیشتبووم سەری خۆمم لەنێو دوکەڵی جگەرەدا نوقم کردبوو، مناڵەکانم لەماڵ نەبوون، ئەمە پتر بێ تاقەتی کردبووم، لەپڕ لە دەرگا درا چووم دەرگام کردەوە، بینیم ژنێکی عەبابەسەری پێچەدارە سینییەکی بەدەستەوەیە چەند بەشە شیرینییەکی لەسەرە فەرمووم لێ کرد ئەویش مەرحەبای کردم و وتی: ئەگەر زەحمەت نەبێت پێنج دەقیقە کارم پێتە ئەتوانم بێمە ژوورەوە؟ وتم: بەسەرچاو فەرموو، وەک ئەوەی بزانێ کەس دیارە دیار نییە سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی کردو ئینجا بەژوور کەوت، پێچەکەی هەڵدایەوە ژنێکی سوورو سپی جوانکیلە بوو، وتم: باجی فەرموو بابچینە ماڵ ەوەدانیشین، سینییە شیرینییەکەی بۆ درێژ کردم و وتی: من بۆلای تۆ هاتووم ئەم سینیە شیرینییەشم هەر بەدرۆ هێناوە گوایە شیرینی دابەش دەکەم، ئێستا کاتی دانیشتن نییە پەلەمە بەسەر پێوە دووقسەت لەگەڵ دەکەم و دەڕۆم، وتم: فەرموو، وتی: چەند ڕۆژە منەی هەڵێک دەکەم بتبینم، دوێنێ ژنی دراوسێکەتان پێی وتم ژن ومناڵەکەت لەماڵ نین، بۆیە ئەمەم بەفرسەت زانی و هاتم، تۆ من ناناسی من ژنی خولە کونجیم ئەوەی ئەو ڕۆژەی شەڕی پێت فرۆشت ونایەوێ گۆرانی بڵێی، ماڵمان لەوسەری کۆلانەکەیە، ماوەیەکە دەنگی گۆرانی چڕینت نایەت، دەزانم هەموو پیاوانی گەڕەک ڕقیان لێتەو حەزناکەن گۆرانی بڵێی، چونکە دەزانن دەنگت خۆشەو ژنەکانیان عاشقی دەنگی تۆن، تۆزێک داماوم وتم: باجی جا تۆ چوزانی من گۆرانی ئەڵێم؟ خۆ دەنگم ناگاتە ماڵی ئێوە، وتی: ئەوە تۆ ئەڵێی چی من ڕۆژێک گوێم لەدەنگت نەبێت

هەواڵنامەی کتێب

نەخۆشم، هەرکە گوێم لەدەنگت دەبێت دەڵێی وام دەمگرێت لەجێگای خۆم ڕێک دەوەستم گوێ لەتۆ دەگرم، لە پڕ لە پرمەی گریانی داو پەلاماری دەستی دام ماچی کردو وتی: بەکر گیان بەقوربانت بم گۆرانی بڵێ تادەتوانی گۆرانی بچڕە، من سەدای دەنگی تۆ نەبوایە ئێستا دەمێکە خۆمم سوتاندبوو، لەدەستی ئەو خولە گەماڵە خۆمم نەجات دابوو، ئەو پیاوە پیسکەیەی کە رۆحی منی سوتاندووە، ئەگەر دەنگی تۆ نەبێ ئەبێ منیش بمرم، ئەگەر گۆرانی نەڵێی ئەوە ئەتەوێ بمکوژی، ئەم شەو دوای نیوە شەو، ئەو دەمەی ئاسمان ساماڵە دەبێ گوێم لەدەنگت بێت، دیسان پەلاماری داو ویستی دەستم ماچ کات نەمهێلا، سینییەکەی لێ وەرگرتم و تا لە دەرگاوە دەرچوو هەر وتی: لەبیرت نەچێ ئەم شەو دوای سەعات دوازدە، ئەو دەمەی ئاسمان ساماڵە، بێ ئەوەی هیچ بڵێم بەهێواشێکەوە دەرگاکەم پێوەداو گەڕامەوە حەوشە، وەک کەسێک بیرو هۆشی خۆی لەدەست دابێت وڕوکاس سەیری دەوروبەری خۆمم دەکرد، هەستم دەکرد ئەڵێی شتێک لەئانوساتی ڕوداندایە، یان لەوانەیە ڕویدابێت، ئەو ڕۆژە تاعەسرێکی درەنگ هەروا وڕێنەم دەکردو بیرم دەکردەوە چۆن گۆرانی بڵێم؟ لەو دەمانەدا جارێکی تر لەدەرگا درا، دڵم داخورپاو بەترس و لەرزەوە چووم دەرگام کردەوە، دیتم دوو ئافرەتی عەبابەسەرن لەپێش دەرگا وەستاون، کە منیان بینی یەکێکیان پەچەکەی هەڵدایەوەو بەسۆزێکی دەگمەنەوە تەماشای کردم، بەشێوەیەک فرمێسکەکانی لەنێو چاوەڕەشەکانیدا زڵەزڵیان بوو، دەتگوت هەر ئێستا دەدا لەپرمەی گریان، کچێکی بالا بەرزی چاو ڕەشی چاو گەورە بوو، قەڵەمی دەموو چاوی جوان و ڕێک وپێک بوو، تۆزێ ڕەنگی زەرد دیار بوو لەنەخۆش دەچوو، ئەمیش وەک ژنەکەی تر سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد کەس دیار نەبوو، بێ ئەوەی هیچ بڵێت نامەیەکی بۆ درێژ کردم، منیش وەک ئەوان سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆمم کرد جگە لە دووسێ مناڵ کەخەریکی یاریکردن بوون کەسی تر دیار نەبوو، گورج لێم وەرگرت، بێ ورتە و بێ قسە ئەوان لێیاندا ڕۆیشتن، منیش هاتمە حەوشەوە، نامەکەم ئەم دیوو ئەودیو کرد، هیچی لەسەر نەنوسرابوو، کردمەوە، دیتم بە دەسخەتێکی عەرەبی جوان نووسرابوو، کە وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردی ئەمەی لێ دەرچوو ( سلاو، هەزار سلاو لەدەنگ و هەناوت، لە چریکەو سەدای گۆرانی دڵەی خرۆشاوت، من نووسەری ئەم نامەیە ناوم شلێرە کچی مەلا کەریمم، ئەو مەلا کەریمەی هەموو هەینییەک خوتبە لەدژی گۆرانیەکانی تۆ دەخوێنێ، ئەڵی لەم دنیایەدا هیچ نەما قسەی لەسەر بکات تەنیا گۆرانییەکانی تۆ نەبێت، گیانەکەم من بەقەد رقی باوکم لە تۆ خۆشم دەوێی، من هێندەی عیبادەتی باوکم بۆ خوا، عاشقی دەنگی تۆم،

هۆی مان و نەمانم تەنیا دەنگی تۆیە، چەند رۆژێکە بێ دەنگی، هەرگیز بێدەنگ مەبەو مەترسە، خودا ئەو دەنگە جوانەی بۆ ئەوە پێت داوە تا دڵی ئێمەمانانی پێ خۆش کەیت، مەترسەو گۆرانی بڵێ، دەیان ژنی ئەم شارە عاشقی دەنگی تۆن، دەنگی تۆ هیوای ژیانیانە، گۆرانی بڵێ، دەنگت هەڵبڕە شوشەی گشت پەنجەرە داخراوەکان بشکێنە، دڵە مەیوو بووەکان بکە جامێ خوێن، بیکە بن داری دەنگی خۆت، با هەمیشە سەوزو گەشاوە بێت، گۆرانی بڵێ با دڵیان بتەقێ، با هەناویان ببێتە زوخاڵ، گۆرانی بچڕە بشتکوژن شەهیدی، تۆ قیبلەی هەزاران دڵی، گۆرانی بڵێ، بەگۆرانی دڵمان بکە بە کۆترو بمانفڕێنە، با لەم زیندانانە رزگارمان بێت، گۆرانی بڵی و مەترسە، دوای بانگەوازی دڵت بکەوە، لە مەرگ مەترسەو بیبەزێنە، تۆ شێخی تەریقەتی دڵی هەزاران کچ و ژنی ئەم شارەی، چاوەکانت ماچ دەکەم ئێوارە و بەیانی، شەو ڕۆژ گۆرانی بڵێ، بێ دەنگی تۆ، دنیای ئێمە دنیای مردووانە، ئێمە مردووین دەنگی تۆ زیندوومان دەکاتەوە، باوکم دەزانێ من عاشقی دەنگی تۆم، چەند تۆ گۆرانی دەڵێی وەک یەکێک بەردێک بدەن بەناو زگیدا، کن دەبێتەوە، دەڵێت: نعلەتت لێ بێت شەیتان کچێ شلێر دەرگاو پەنجەرەکان داخە، ئەم گۆرانیانە دڵی منیان تەقاند. منیش لەجیاتی ئەوەی پەنجەرەکان بگرم دەرگاکانیش دەکەمەوە، گۆرانی بڵێ، دەنگت هەڵبڕە، دەنگت ژیانی ئێمەیە، هیوای بانەڕۆژمانە، ئەم شەو نیوەشەو، ئەو دەمەی ئاسمان ساماڵە چاوەڕوانت دەکەم گۆرانی بڵێی، ئاخر لەبیرت نەچێت، لەبیرت نەچێ، ئەم شەو ئەو دەمەی ئاسمان ساماڵە. کە لەخوێندنەوەی نامەکە بوومەوە، جگەرەیەکم داگیرسان وپشوویەکم دا، دوای ئەوەی کەمێک ماندووبونم حەسایەوە، کۆمەڵێک شتم بە مێشکدا هات ئەو کات زانیم بۆچی ژنەکەم و خولە کونجی و مەلاکەریم و هاوەڵەکانیان حەز ناکەن من گۆرانی بڵێم، نیوە شەو بیرم لە قسەکانی شلێر کردەوە، خودا کاتێک شتێکی جوان بە یەکێک دەدات، ئەوە بەتەنیا موڵکی ئەو نییە، بەڵکو مافی خەڵکی تریشی تێدایە، بۆیە نابێ منیش ئەوانەی حەزیان لە دەنگم و لەجوانی گۆرانیەکانمە لە گۆرانی چڕین بێبەشیانکەم.

**دووزخورماتوو**



عەزیز نەسین

# لەگەڵ خۆمدا

و: عەبدولستار جەباری

هەواڵنامەی کێپ

پێشان کە تووش یەکێکیان دەبووم لەسەر شەقام یان لە شەمەنەفەر، یاخود لەنێو بازاڕدا، کە لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد پێدەکەنیم، پێدەکەنیم وەلێ لە هەمان کاتدا بەزەییم پیا دەهاتەوە، وازم لە هەموو کار و کاسبییەک دەهێناو کە رێکەوتی یەکێکیانم دەکرد دەکەوتمە شوێنی چاودێری جووڵانەوەی دەستەکانیم دەکرد، کە بەدەم و بەچاو ئاماژەی بۆ شتێک دەکرد، وەک ئەوەی لەگەڵ کەسێکدا لە بەرامبەری دانیشتبێت بدوێ وابوو، ئەویش پتر سەرنجی رادەکێشام بزووتنی هەردوو لێوی بوو وەک ئەوەی پرتەوبۆڵە لە شتێک بکا. هەندێ جاریش پێدەکەنی. لەناکاو پێکەنین دەبوو بە توڕەییەکی توند و تیژ... هەنگاوی خێرای دەنایەوە بۆ دووبارە ئارام بوونەوە. بەڵێ بەو بەستەزمانانە پێدەکەنیم، وەلێ پێکەنینێکی تاڵ، کێ دەزانێ چی پاڵی پێوە ناون کە لەگەڵ خۆیاندا بدوێن و دەبێ چ تاڵییەک وای لێکردبێ ئەو جموجۆڵە کۆمیدیانە ئەنجام بدەن؟!..



دوێ ئێـواره... كه له بینای ڕۆژنامـهكـهوه هاتمه دەرێ تا بڵـێی شـەكـەت و مـاندوو بووم خەوه نووتكەم بوو، جەستەم خاوو هیلاك بوو، وەك فەرشێكم لێهاتبوو كه به كوتەك خاوێن كرا بێتەوه، بەڵام چۆن ئێوارەیەك؟

لەگەڵ خۆمدا وتم:

– با سواری "میكرۆ" بم. كەچی كەسێك به پێچەوانەی راو بۆچوونەكەم پێم دەڵێ:

– نا رۆحی من بەم ئێـواره بەهارییـه دڵڕفێنه كێ سـواری "مـیكرۆ" دەبێت! بۆچی دوو لیـرەش كـرێ دەدەی؟ زانیم چـی له ناخـمـدا دەخـولێـتـەوه و كێ بوو لـەگـەڵـمـدا دەدوا بۆیه ئاوڕێكم له دەورووبەری خـۆم دایـەوه تا بزانم كـەس چاوی لێم نییـه؟ سـوپاس بۆ خـوا كـەس نییه...

– ئاوها لەگەڵ خۆمدا وتم: چاكترین شت سواربوونی (پاس)ە.

– (پاس) ئێستا قەرەباڵغه، ئایا ئەوه نازانی؟ دەی به پێی خۆت بڕۆ.

– بەڵێ تۆ لەسـەر هەقی! ڕۆژەكەی خۆش و دڵڕفێنه..

– ئەدی چۆن.. ئەدی چۆن...

تەماشاكه خەڵكی چۆن پیاسه دەكەن و رادەبوێرن.

پێـدەكـەنن، ژنێك لەگـەڵ ئـەمـدا و ئافـرەتێك باوەشی لەو داوه، تۆش وەكـو كـەر هەر له بەیانییەوه تاكو ئێواره و له شەویشەوه تاكو سپێدە له بەرامبەر كۆمەڵێ كاغەزی سپی بیر دەكەیتەوه و تێدەفكری و دەنووسی و شەت و پەتی دەكەی و دەیشێوێنی و هەموو ئامانج و خەمت ئەوەیه خەنده بخەیته سەر لێوی خوێنەرانی بابەتەكانت... تەماشاكه چۆن پێدەكەنن و رادەبوێرن و دڵخۆشن.

– بەڵێ لەوەیان لەســەر هـەقی ئەوەی له دنیـادا ڕوودەدات، نه خـێـری هەیه بۆ من و نه سوود.

– لەم كاتەدا یەكێك له دوامەوه هاواری كرد:

– هێی!... گەلحۆ... كاتێك ڕێ دەكەیت تـەماشـای پاش و پێشی خۆت بكه، خـەریك بوو بتشێلم، دواییش لەسـەر من به مرۆڤ حیسـابت دەكەن و دواجـار لێپرسینەوەشم لەگەڵ دەكەن...

– ئاوڕم دایەوه بینیم ئەو كەسـەی قیڕاندی بەسـەرمـا له پشت سـوكـانی ئوتومـبێلێكی سووری كەشخه دانیشتووه و ئافرەتێك له تەنیشتییەوه خەریكه له پێكەنینا دەتەقێ.

– هەبێت و نەبێ ئەقڵی لەدەستداوە، نابینی چۆن پرتە و بۆڵەی دێ و هەردوو دەستی دەجووڵێنێ؟

ئۆتومبێلەکە بە خێرایی دای بە تەنیشتما و قسەی بۆ خۆشەویستەکەی دەکرد.

– ئەو کەرەت بینی کە جلکی مرۆڤی لەبەر کردبوو و چۆن لە پشتی سوکانەکەوە دانیشتبوو و مانگایەکی سک پڕی شەش مانگی لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو و چۆن جنێوی دەدا!؟ تۆش بەردەوام بە لەسەر دانیشتنەکانت لە پشت کۆمەڵێ کاغەزەوە بەبێ پشوودان و بێ جەژن، هەموو خەمت ئەم نووسینانە بێت؟؟

– نا نا، نا هێندە غەدرم لێ مەکە!.. هێندە خۆشباوەڕ و ساویلکە نیم... منیش هەروەها دەزانم.

– چی دەزانی؟ قسەی قۆڕ!.. کار دەکەی و ئیش دەکەی تا ڕۆژێک دێت پشوویەک دەدەی و دەڵێی: لە ڕاستیدا من لە گەمژە دەگمەنەکانم لەم دونیایەدا!

– هەی هوو، تۆ بەم شێوەیە لەگەڵما دەدوێی، بەڵام بەبێ ئیش و کار چیم لەدەست دێ بیکەم؟ خاوەن خانوو داوای کرێم لێ دەکات، ئەم ورگە زلەی منیش پێویستی بە خواردنە، هەروەها، لانی کەم دووساڵ جارێک پێویستیم بە جل و بەرگ کڕینە.

– هیچ ڕێگەچارەیەکی تر نییە بۆ ئەو شتە؟ تەماشای دەوروبەرت بکە؟ بەنێو حەشامەتێکی خەڵکدا گوزەرم دەکرد، یەکێک گوتی:

– هۆش کەرە.

کەچی ئافرەتەکەی تەنیشتی وتی: (لێی گەڕێ بەستەزمانە لەوانەیە شێتۆکە بێت، تەماشای کە چۆن لەگەڵ خۆیدا پرتەوبۆڵە دەکات).

– ئایا کرێی قسەکانت وەرگرت؟ ئەمە شیاوە... نەختێک داچەمەوە.. مەترسە ملت ناشکێت. هەموو ئەوانەی تۆ دەیکەی دانانی پلەو پایەیەکی ساختە بۆخۆی، کێ گرنگی بەتۆ دەدات هەی گەمژە؟ چەنی وەکو تۆ بەم دنیایەدا گوزەریان کرد.. دەی کەمێک ئاوڕ لە بەرژەوەندی خۆت بدەرەوە!..

– شورەیی نییە لەپاش ئەم تەمەنەت؟

– کێ عەیبت لێ دەگرێ؟ و لەچی؟ و کێ عەیب لەکێ دەگرێ؟ ئەم دنیایە گەیشتە پلەیەک ئەو کەسەی دەمرێ، تاقە کەسێکە دەتوانێ ئەوەی ماوە لە شەرەفەکەی ڕزگاری بکات.. بەڵام مەحاڵ و دوورە لەو کەسەی کە زیندوو بێت. تۆش ئەو پلەیەت بەخۆت نەداوە، پلەو

پایەی بەنامووس و داوێن پاک؟ و ئەم نواندنەت لە چی؟ وەک ئەوەی هەرگیز درۆت نەکردبێت.

– هەندێ جار درۆ لەگەڵ باوکم دەکەم (هەندێ جاریش لەگەڵ منداڵەکاندا). باوکم تەمەنی هەشتا ساڵە، هیچ ئامراز و ڕێگەچارەیەکم نەدۆزییەوە تاکو خەندە بخەمەسەر لێوانی لەدرۆ زیاتر... پارەم هەیە، ئیشەکەم باشە، هەندێ پارەم لە بانکە، بەم شێوەیە درۆ لەگەڵ باوکم دەکەم تاکو خۆشی بخەمە دڵییەوە.

– درۆ هەر درۆیە گەر یەکێ بێت یاخود هەزار، بۆیە لە سەرتە ئاراستەی مەسەلەکە بگۆڕی...

– یاڵڵا دوورکەوە لێرە!.. تووشی بەڵایەکم مەکە کە حەزم لێی نییە.

– تۆ لەو ئاژەڵانەی کە ئاسەوارتانیش نەماوە، لە پاشماوەکانی چەرخی بەردینن.

– تۆ ئاژەڵی، تۆ کەری هەی سووک و چرووک!..

باڵبەستیان کردم و کەوتنە پەلکێش کردنم بۆ بنکەی پۆلیس و لەوێش پیاوێک کە نایشی ناسم ئاماژەی بۆ من کرد و بە ئەفسەرەکەی وت:

– جنێوی پێدام و لەبەر چاوی هەموو خەڵک سووک و ریسوای کردم و شاهێدیشم هەیە لەسەر ئەوە.

– چ جنێوێکی پێت دا؟

– پێمی وت: تۆ سووک و هیچ و پووچی، بەدخوو نامەرد.

– بەم وشانە جنێوم پێت دا؟..

– نەخێر!.. جنێوی بەخۆم دا.. کە بەسەر شەقامەکەدا تێدەپەڕیم لەگەڵ خۆمدا قسەم دەکرد.

– تۆ شێتی؟

بە شەرمەزارییەوە سەرم داخست و وەڵامم نەدایەوە. لەو ڕۆژەوە ئەوەندە پەلکێشم دەکەن بۆ بنکەی پۆلیس (وای لێهاتووە پیاوانی پۆلیسیش دەمناسن).

– ئۆف ف ف هاوڕێکەمانیش هات.

– دایانە قاقای پێکەنین.

ئەمە چەند سەیرە!.. ماوەیەکە پێدەکەنم کە تووشی یەکێکیان بم لەگەڵ خۆیدا پێبکەنێ.

**سەرچاوە: – یسلم الوطن-قصص (عزیز نسین) ترجمە (جمال دورمش) دمشق ,۲۰۰۷**

شانۆ

# شکستی ئارتۆ لە شانۆدا

کۆسرەت عەبدولڕەحمان



ئارتۆ بە داستانی دراما و شانۆی هاوچەرخ دادەنرێت و سەرەتای ژیانی هونەری ئارتۆ بە دیوانێکی شیعری بچووک دەست پێدەکات ئەم دیوانەش کۆمەڵێ شیعری ڕەمزی (هێما و پڕ لە تەمومژی لە خۆگرتووە).

ئارتۆ لە سەرەتای ژیانی هونەریدا چەندین کورتە شانۆی دەرهێناوە و مەشقی لەسەر هونەری

نواندن کردووە، بەڵام لێهاتوویی ئارتۆ لە بوارەکانی ئەدەب و هونەردا و زۆرجاریش نیگارکێشان دا بە شـاعیـر و ئەکتـەر لە قـەڵەم دراوە، بەڵام لە سـاڵی ١٩٣٨ دا بە هۆی سـەرنەکـەوتنی لە شـانۆگەری (بنـەماڵەی تنشنی) تووشی شـێتی بـووە و بۆ مـاوەی (٩) سـاڵ لە نەخـۆشخـانەی مێشک بەندکراوە. ئەم شانۆنامەیەش باسی بەسەرهاتی (کونت شنشینبە) دەکات کە لە سەدەی ١٦ دا ژیاوە، باس دەکات کە چۆن خۆشـەویستـە سیکسیـە دیاری دەکات بۆ پیـاتریسی کچی دەردەخـات. مـەبەسـتی ئارتۆ دامـاڵینی ئەو دەمـامکە درۆیانەیە کە کـۆمـەڵگا پۆشـیـوویەتی هـەر هەمـوو ژیـان بە درۆ و دەلەسـە بـەسـەر دەچێت. بەڵام هـەر لە یەکـەم شـەوی نمایش شـانۆیەکـە نشـستی هێنا و بووە هۆی شـێت بوونی ئارتۆ. ئـەو کێشـەیەی کـە ئارتۆ تێدا ژیاوە پێویسـتی بە تێگەیشتنی گێتی بووە تێگەیشتنی سوریالیزمیانە تێگەیشتنێک کە بگەڕێتەوە بۆ جیهانە پڕ لە نهێنییەکەی پێش لەدایک بوون و دوای مردن کە واتە شێتی ئارتۆ لە ئاکامی بێ دەسەڵاتی و بێ توانایی بووە بەسـەر ئەو جیهانە فراوانە پڕ لە ئێش و ئازارانەدا. نەک ئارتۆ هـەموو مرۆڤێک وەکو ئارتۆی لێدێت گەر هاتوو مـەلکەچی ژیان نەبوو ئارتۆ نەک تەنـها لە ڕووی شـانۆ دەستـێکی باڵا و بەر چاوی هـەبووبێت و چاو نەترسـانە کـاری کـردبێت وەکـو ئـەکـتـەر ئەکـتـەرێکی سـینـەمـای سـەرکـەوتوو بووە لە ڕووی نووسـین کـە واتا ئارتۆ ئـەوەندەی نووسـینی هەبووە ژمـارەی شـانۆییـەکانی زۆر کـەمـتر بووە لـەدوای دەرچوونی لە زیندانی دەروونی مـاوە تەمـەنی کورت بووە هـەر چەند ساڵێک ژیاوە هەندێ سـەرچاوە ئاماژە بە دوو ساڵ دەکەن بەڵام گرنگی ئارتۆ لەوەدایە نەک تەنـها پتـر بروک بـەڵکو هـەر هـەمـوو شـانۆکـارەکـانی تر ئارتۆیان بە مـامـۆسـتـا و ڕابەری شـانۆیان داناوە.

ئارتۆ جگە لە ڕێبازی سـوریالی و دادایی و عـەسـبـەت لەگەڵ بـەردەوام بوونی ئارتۆ لە سـاڵی ١٩٢٦ بە هاوکاری روجیـە فیـدرال و روبیرارۆن شـانۆی ئەلفیـروجاری دامـەزراند و هـەر چەندە تەمـەنی ئەم جـۆرە شـانۆیە کورت و کـەم بووە بەڵام ئارتۆ لەو مـاوەیەدا ٤ نمـایشی شـانۆی کردو ئەویش دوانیان لـە نووسینی روجیـە فیدرال بوو (خـەونەباری) سـترنبیرگ و ئەوەکی تـر نووسینی خۆی بوو.

بەردەوام لەسـەر شێوازی شـانۆی ئەلفیرد جاری کارەکانی کرد کە چوار شانۆ بووە، بەڵام هـەر چوار شـانۆیەکە سـیناریۆی لە ڕوانگەی سـوریالییـەوە بۆ دائەنا و دامـەزراندنی شێوازی ئەلفیرد جاری خـەونی ئارتۆ لە سـاڵی ١٩٠٧ چونکی ئەلفرید جاری بەر لە مـەرگ سێ خـاڵی بۆ شـانۆدا

ئەویش پێک هاتبوو بوونی شانۆیەکی بچووک دوربێت لە مادەیەوە دوو بوونی دەرهێنەرێکی ئازا و سەربەست بە شێوازی نوێ و داهێنان دەرچێت لە سنوور و خاڵی سێیەم و کۆتایی بوونی بینەرێکی هۆشمەند و هەست ناسک. ئەمەش وایکرد جگە لە ئارتۆ لە هەموو ئەوروپا کەسێکی تر نەبێت کاری وا بکات لە قسەکانی ئارتۆدا وەکو لە کتێب و نووسینەکانیدا ئاماژەی پێ کراوە دەڵێت: شانۆ دەیەوێت هونەرەکەی لە ڕێگای دەقێکی نووسراوەوە نمایش بکات ئەو ئەمە شانۆیەکی پەل کراو و خاوەنەکەی شێتە و قەمبورە دژی شیعری شانۆیە و ئەم شانۆیەش تەنها گرنگی دەدات بە دیاردەکان و ڕاستییە بەڵگە نەویستەکان کە هەموو بیرکردنەوەیەکی ئەبستراکتی پشت گوێ خستووە کە هۆکاری ڕەهایی بوونی مرۆڤایەتییە، بەڵام پێویستە لەسەر شانۆ کەوا لە بینەر بکات خوێندنەوەیەکی ڕوونی بۆ گیان و خەونەکانی هەبێت هەموو ئەم بیر و باوەر و نووسینەی ئارتۆ بووە وای لە پتربرۆک کرد لە ساڵی ١٩٦٤ لەژێر دروشمی (شانۆی توندوتیژ) دا پرۆگرامێکی ئەزموونکارانەی لەگەڵ ئەکتەرەکانی ئەنجام دا لە سەرچاوە بۆچوونەکانی ئارتۆدا سەرچاوەی گرتبووە. شانۆ لە هزر و بۆچوونەکانی ئارتۆدا ئاوها پابەندە بە گەردوونەوە ئەمەش وای کرد ئارتۆ سوودێکی زۆری لە شانۆی خۆرهەڵات وەرگرت و نەک تەنها ئارتۆ بەڵکو زۆرێک لە فەیلەسوف و پسپۆرەکانی دونیا سوودیان لە ڕۆژهەڵات وەرگرتووە و ڕۆژهەڵات بە سەرچاوە و گەنجینەی دونیا ئەژمار دەکرێت. پەیوەندی نێوان سروشت و مرۆڤ سەرنجی زۆری ئارتۆی بۆ خۆی ڕاکێشاوە چۆن؟ وەکو بۆمان دەردەکەوێ زیاتر بە ئاشکرابوون بە جیهانەکەی ئارتۆ ئەوە کە زیاتر جەوهەری سەرەتای بۆن و دونیا و مرۆڤی کۆنە بەستووە چونکی مرۆڤ لەم کۆمەڵگایە گونجاوە لەگەڵ سروشت و دیاردەکانی بەڵام لە هەمان کاتدا پەیوەندی نێوان جیناتیەکان هێشتا دروست نەبووە ئەمەش تەواوی ئەو یاسا و ریسایە کەوا هونەری کۆن و سروتە ئاینەکانی لەسەر بنیادنراوە کەواتە ئەو پەیوەندییە نەپچڕاوە لە نێوان سروشت و مرۆڤ زیاتر هەر لەبەر ئەمەیە ئارتۆ بە پێویستی زانیووە بگەڕێت بە دوای ڕێباز و سەرچاوەیەکی نوێدا بۆ تەقینەوە و هەڵچوونی ئەو وزە گیانییەی مرۆڤی کۆمەڵگای هاوچەرخ.

ئارتۆ سەرچاوەکان دەردێنێ دەیانکاتە هاوکێشەیەکی سروشتی ئەفسووناوی. ئارتۆ مەبەستی خوڵقاندنی زمانێکی تایبەتمەندی لە هونەری شانۆدا ئەوەش زمانی وێنەی شعری بێت، مەبەستی ئارتۆ ئەوە نییە ڕۆڵی وشە لە شانۆ نەهێڵێت بەڵکو گرنگی وشە لەم شانۆ توندوتیژەی ئارتۆدا هەمان روکەشەکانی ون دەکات و لەو جیهانەی لێ پەیدا بووە جیا دەبێتەوە

هەمان ئەو سنوورانەش دەبڕێت کە بەرەو دواوەی دەگەڕێنێتەوە ئەمەش وێنەیەکی ئەفسوناوی دەوێت تاوەکو ئەو خەونانە بکات بەنمایشێکی شیعر ئامێز کەواتە لە شیعر ئامێزدا لای ئارتۆ واتە شاعیریەتی شوێن. گرنگی نەدان بە شاعیریەتی ڕووداوی زمانی ئەدەبی و دەقە شانۆییەکان بەردەوام بیر و بڕوای ئارتۆ بووە بە یارمەتی بەکارهێنانی مۆسیقا و سەما و جوولانەوە و پانتۆمایم و گۆرانی و سروود . هەموو سەرچاوەکانی و توخم و شێوازی سەرتایەکان بەخشیووە بەو پانتاییە بەرفراوانەی نمایشەکە لەسەر پێشکەشکراوەکە ئەمەش شانۆیەکی سەربەخۆ ئەخوڵقێنێ کە پێی دەوترێت شاعیریەتی شوێن. و بەکارهێنانی وشە لای ئارتۆ لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا بەرز ڕاگەتنی بەهای جەستە و دوور لە هەموو بنەما سەرەکییەکانی ئەدەبدا چونکی توندوتیژێکە لە سەرەتادا خەونەکانمانە ئامادە دەکرێت.

هەر بۆیە ئارتۆ دەڵێت دیمەن و چۆنێتی ئامادەکردنی دیکۆر وا لە بینەر دەکات هەست بە پاکژبوونەوە بکات دوور لە لاسایی کردنەوە. پاکژبوونەوە لای ئارتۆ بە پێچەوانەی ئەرستۆ و هەموو جۆرەکانی ترە پاکبوونەوە لای ئارتۆ تێڕوانینێکی جیاوازتر و ئەوەش (بینەر لە ڕوانگەی نمایشێکەوە هەوڵی خۆناسین ئەدا بە شێوەیەکی دی بێت لەو حاڵەتەشدا لەگەڵ ئەو ئەزموونە ئینسانییەدا ئەژی بە شێوەی ڕووت و ڕەها بەرزەکەی تا ئەو بینەرە ئەگاتە قۆناغی پاگژبوونەوە).

بەر لە کۆتایی ئەم بابەتە بچووکەم کەوا ئارتۆ زۆر میهرەبانە و هەرچەندی لەسەر بنووسی هێشتا کەمە کەچی ئارتۆ لە ژیانیدا هیچ کارێکی هونەری سەرکەوتووی ئەنجام نەدا جێگای باس بێت تەنها تیۆرەکانی نەبێت لە بوو بە بنچینەیەک بۆ دیاردەی نوێ. ڕێڕەوەکەی ئارتۆ ڕێرەوێکی سەیر بووە لە ڕووی ڕۆشنبیریی و شارستانییەت و چونکی ئارتۆ بڕوای وابوو لە جۆری شانۆیەکەی کە شانۆی توندوتیژ بووە واتە (دووپات بوونەوە + پێویستی + ڕاستییەکی سەرسووڕێنەر).

باس



**نیهاد جامی**

# نامەکانی عەشق

## یان ترپە عاشقانەکانی دڵی فروغی فەروخزاد

هەواڵنامەی کتێب



بۆ ناسین و خوێندنەوەی ڕوانینی شیعریی شاعیرێک پێویستمان بەوە دەبێت ئەو مەعریفەیە پێمان نامۆ نەبێت کە شاعیر بەر لە پرۆسەی نووسین چۆن سەیری دنیای کردووە، ئایا نووسین تاچەند لە دەرەوەی گریمانە سەپێنراوەکانی ژیانی بووە بەسەریدا؟ ئەو کاتانەی لەڕێگەی ئەو جۆرە پرسیارانەوە بمانەوێ شاعیرێک بناسین، ئەوا دەبێت پەنا بەرینە بەر ڕاستگۆترین ئەو چرکە ساتانەی کە شاعیرەکە تیایدا ژیاوە، بەڵام ئاخۆ ئێمە چ بەڵگەو دیکۆمێنتێکمان دەکەوێتە بەردەست کە حەقیقەتمان لێ نەشارێتەوە و دەسخەڕۆمان نەدات؟ بۆیە دەگمەن ڕێک دەکەوێت

بەڵگەیەکی ئەوتۆمان بکەوێتە بەردەست بۆئەوەی شاعیرەکە وەکو خۆی بناسین، بەڵام ئەو نامانەی خانمە شاعیری ئێرانی فروغی فەروخزاد یەکێکە لەو بەڵگە دەگمەنانەی کە هەرگیز رۆژێک لە رۆژان بەخەیاڵیدا نەهاتووە کە لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ بکرێت، کتێبەکە سێ قۆناغی جیاوازی شاعیر دەگرێتە خۆی، قۆناغی یەکەم تیایدا پەروێز و فروغ عاشقی یەکترین، شاعیرەکە وەک هەر کچێک خەون بەوە دەبینێت بە خۆشەویستەکەی بگات و لەماڵە باوان رزگاری بێت، ئەو هەست کردنە بە تەنیایی و چاوەڕوانیکردن لەناو ئەزموونی شیعرییدا تەواو رەنگی داوەتەوە، ئەوەش پەیوەندی بەو ئاستەوە هەیە فروغ تەنیا لە ناو پرۆسەی نووسین مومارەسەی ئەزموونی شیعریی ناکات، بەڵکو لای ئەو ئەزموونی خودێتی ژیانیش هەر مومارەسەکردنێکی شیعرییە، بۆیە نایەوێ وەک هەر کچێکی کۆمەڵگا بژییت و ئەو نەریتانەی کە خێزان لەکاتی بەشوودانی کچەکانیان دەیسەپێنن، فروغ لە نامەیەکدا بۆ پەروێز ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو شتانە هیچ سوودێکی ئەوی تیانییە، ئەوەش رەتکردنەوەیەک نییە لەبەر ئەوەی سەرنجی خۆشەویستەکەی رابکێشێت، بەڵکو گرفتی ئەو کێشەیەکی ئیرۆسییە کەلەیەکێک لە نامەکانیدا لە دێرێکدا بۆی دەنووسێت "حەز ئەکەم ئەوەندە بچووک ببمەوە، هێندەی باڵندەیەک ئەو کات بفرم و بێم بۆ لای تۆ"

**حەز ئەکەم ئەوەندە بچووک ببمەوە، هێندەی باڵندەیەک ئەو کات بفرم و بێم بۆ لای تۆ"**

ئەو دێرە نهێنییەکی گەورەی تیایە بۆ ناسینی فروغ لە ئەزمونی عەشقدا، بۆیە ناکرێ بەئاسانی بەسەریدا باز بدەین، بەڵکو پێویستمان بە تەئویل کردنەوەی ئەو دێرە دەبێت، بەوەی کاتێ هەست دەکات بەهای ئەو بە ئاوێنە و مۆمدانێکی گران زیاد ناکات، چونکە ئەوانەی ئەو مەرجە دەسەپێننە سەر ژیانی کچەکانیان لەڕاستیدا دەبێ دەسبەرداری کامەرانی کچەکانیان بن، ئەو نایەوێت کامەرانی لە ئاوێنە و مۆمدان

**ئێمە چەند بێچارەین کە تاکو ئێستا توانیومانە لەم لانەی گەندەڵیەدا ژیان بەرینە سەر**

بسەپێنێ بۆ ستایشکردنی لەناو کۆمەڵگا، چونکە ئەو ستایشکردنە سەرزەنشت کردنەوەی خۆیەتی، بەوەی دەسبەرداری ئارەزووە خودیەکانی خۆیەتی، بۆیە ئەو لەبڕی گەورەبوونی وێنەی خۆی لەناو خێزان و کۆمەڵگا، حەز بەوە دەکات بەشێوەیەک بچووک بێتەوە.. هێندەی باڵندەیەک، بوونە باڵندەیی بەمانای بەهەند وەرنەگرتنی تەواویی کۆمەڵگا و دەوروبەر، ئەوەی بەلایەوە گرنگ بێت تەنها دۆستەکەیەتی، بۆیە لە باڵندەیی بوونی دەتوانێ بفڕێت و بچێتە لای دۆست.

چوون بۆ لای دۆست بەمانای بنیاتنانی ژیانێکی نوێ  کە لەناو نامەکاندا ئەزموونی ماڵ ئاماژەیەکی زمانەوانی نەبینراوە، کە لەو قۆناغەدا زۆر بە بایەخەوە فروغ کاری بۆ دەکات، ئەوەش چەندە بێزاربوونە لەو ئاژاوەیەی نێو ماڵی باوان کە سیستمێکی نێر سالاریی لەسەر بنەمای سەرکوتکردنەوەی ئارەزوو درووست بووە، بە هەمان شێوە چوونە نێو ماڵێکی نوێ مانای وەدەست کەوتنی ئارامی و ژیانێک لە بڕی سەرکوتکردنی عەشق بنیاتی سیستمەکەی بێت، بەڵام تاچەند ئەو ماڵە نوێیە حەقیقەتێکی کۆمەڵایەتییە بە تایبەت بۆ شاعیرێک کە هەمیشە خەون بە ئایندەوە دەبینێ، دواجار وەهمێکی شیعرە لەناو یۆتۆپیای زماندا بنیات نراوە نەک حەقیقەتێک بێت، چونکە لەنێوان زمان و حەقیقەت ڕەهەندێکی کراوە هەیە کەنایەڵێ بەیەک بگەن، ئەوەش ڕەهەندی یۆتۆپییە، لەهەر شوێنێک ئەو دوانە تەسلیمی ئەویتر بوون، مانای دەسبەردار بوونی ئازادیەکانی خۆیەتی، تەسلیمی ئەویتر دەبێت، لەکۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی زۆربەی جار زمان خۆی تەسلیمی حەقیقەت دەکات بۆئەوەی شوناسی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئابوری لەدەست نەدات، چونکە تەسلیم بوونی حەقیقەت بە زمان بەمانای ئێمە ماڵێکمان هەیە تاکە بونیادێک تیایدا ئامادەیی هەبێت بەختەوەرییە، هەر ئەوەش دەبێ ببێتەوە بە شوناسی(ماڵی ئێمە) ئەوەش ماڵێکە هیچ نەریت و ئەخلاقێکی کۆمەڵایەتی  ناهێنێتە ناو خۆی، هەموو ئەوانەی شوناسی کۆمەڵایەتی و ئابوری دەبەخشنە خێزان بەناچاری دەبێ دەسبەرداریان بێت و سەرلەنوێ مانای تر بەو شوناسە ببەخشێت، بەڵام گەر فروغ بەو شێوەیە سەیری چەمکی شوناس بکاتەوە، ئەوا پەروێز بەو شێوە یۆتۆپییە ئامادە نییە دەسبەرداری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بێت، ئەو بەردەوام دەیەوێ لە دەرەوە کار بکات و ئابوری ماڵەکەی بەو شێوەیەی هەر پیاوێک دەیەوێ ڕێک بخاتەوە، بەڵام ئەوە لەسەر سەفەرکردن و دوورکەوتنەوەیە لە ماڵ، ئەو کاتانەی لێشی دوور دەبێت ئیدی حیکایەتی کەسە نزیکەکانی لەسەر فروغ دەست پێ دەکات، یەکەمین بەدحاڵی بوونی عەشق و ئینتیماکردن بۆ ناو کۆمەڵگا لێرەوە دەست پێ دەکات، مەبەست لەو ئینتیمایە شکاندنی ئەو وێنە فانتازیایەی زمانە کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، هەر لەو قۆناغەدا فروغی شاعیر دەناسین، باسی چاپکردنی کتێبەکەی دەکات، ئومێدی ئەوە بە

هاوسەرەکەی دەدات دەتوانن داهاتی کتێبەکەی سوودی لێ وەربگرن بۆ کاروباری ماڵەوە، چونکە ئەو ئامادەیە هەموو قوربانییەک بدات تەنها بۆ ئەوەی ئەو وێنەیەی بۆ بەختەوەری لەخەیاڵی خۆی وێنای کردووە بێتە دی، بۆیە لە نامەیەکدا دەنووسێت" پەروێزی ئازیزم، سوێندت دەدەم بەخواو بەو شتەی لات پیرۆزە وەرەوە، من بەڕادەی پێویست تەمێ بووم، جگە لە تۆ هیچی ترم ناوێ، پەروێز، پەروێزەکەم، ئێرە ماڵی منە، ئێمە چەند بێچارەین کە تاکو ئێستا توانیومانە لەم لانەی گەندەڵیەدا ژیان بەرینە سەر، دایک و باوکم لەبەر چاوی من دەمانچە بەڕووی یەکترییەوە دەنێن، من دەترسم، من شێت دەبم، من ناتوانم ئەو شتانە ببینم، پەروێز ئەم حاڵەی من بەهەند بگرە. من پێویستم بە تۆیە"

دواجار ئەو دوو عاشقە لە یەکتری جیادەبنەوە و ژیانی هاوسەرییان کۆتایی دێت، ئەوەش کۆتایی هاتنی ئەو ماڵەی ناو زمانە کە یۆتۆپیای عەشق بەرهەمهێنەری بوو، بەڵام ڕۆحی هاوکاری و پەیوەندییان بۆ یەکتری کۆتایی نەهاتووە، فروغ هەست بەو ڕاستییە دەکات کە پەروێز نزیکترین کەسی ژیانیەتی، مەرجیش نیە کەسە نزیکەکان تەنها لەماڵێکدا کۆببنەوە، لەگفتوگۆی نامەکانی فروغدا هەست بەوەش دەکەین کە پەروێز نەیویستووە پیاوێکی توڕەو شەڕانگێز بێت، بەڵام خێزان و کۆمەڵگا وازیان لێی نەهێناوە، دەنا ئەو دوای جیابوونەوەش هەموو جۆرە هاوکارییەک پێشکەشی فروغ دەکات، ئەگەر فروغ نەشیتوانی بێت چاکەی ئەو بداتەوە، بەڵام شیعرێکی بۆ نووسیوە و لەکۆتایی شیعرەکە دێڕێکی نووسیوە کە دیارە ئەوەشی وەک نامەیەک سەرەتا بۆ پەروێز ناردووە، کە نوسیویەتی" ئێستا دەزانیت چەندم خۆش دەوێیت و چەندە پەشیمانم"

شیعرەکەش بەناوی (گەڕانەوە) یەو نووسیویەتی "پێشکەشە بە هاوسەرەکەم" یانی ئەو دوای جیابوونەوەش تەنیا پەروێز بەهاوسەری خۆی دەزانێت، شتێک کە لە کۆتاییدا پێویستی بە ئاماژەکردن بێت ئەوەیە کە ئاخۆ فروغ لەڕێگەی ئەو شیعرەوە ویستوویەتی بۆ لای پەروێز بگەڕێتەوە یاخود  تەنیا وەک سوپاسێک بۆی نووسیوە؟ ئەوەشیان لە وەستان لەسەر ژیانی تایبەتی ئەو شاعیرە دەبێ بە جێگەی پرسیار و ڕەخنە، بۆ شیعرەکەی ناو دەنێ گەڕانەوە؟ ئەی بۆ دەنووسێت پێشکەشە بە هاوسەرەکەم؟

هەڵبەتە ئەو مەبەستی لەو کارە ئەوە نییە کە بگەڕێتەوە بۆ لای پەروێز ، بەڵکو مەبەستی لە پێشبینیەکە کە گەر شیعر و ڕۆحی یاخیبوون نەبوایە، ئەوا ئەو دەبووە ژنێکی بەختەوەر، چونکە بەهەموو بڕیارو فەرمانەکانی پەروێز ڕازی دەبوو، ئەوساکە نە ئێمە شاعیرێکی یاخی و تازەگەرمان بەناوی فروغی فەروخزاد دەناسی و وە نە ئەو نامانەش دەنووسران و خۆشمان بەکتێبێک سەرقاڵ دەکرد کەناوی بنێین" یەکەمین ترپە عاشقانەکانی دڵم".

محەمەد ئەمین ئەحمەد

# گوڵبژێرێک
# لە چیرۆکی محەمەد ئەمین ئەحمەد

تەقینەوەی گۆپکەکان و ئاوسبوونی خۆر

هەڕاجخانە و فاوڵکردن

هەواڵنامەی کتێب



## تەقینەوەی گۆپکەکان و ئاوسبوونی خۆر

دارستانێکی چڕ، لاپاڵ و دامێنی ئەو شاخە بەرزانەی پۆشیبوو. هێمایەک بوون بۆ نەمری. دار و دەوەن، دەشت و چیا، ڕەچە و شاڕێگاکان، لەگەڵ مرۆڤی کورددا لە مێژەوە هۆگری یەک بوون. لێژبوونەوەی ئەو ڕەچانە ئەوەی دەنواند، کە ئادەمیزادی گێتی دووەم لەوێوە، ئاوی زیندەگانی خواردوەتەوە. لە هەموو لایەک ڕووەکی خۆڕسک چنگیان لەبەک دابوو. ڕێی گوزەرێک لە ناوچەوانی ئەو دارستانەوە کێشرابووە ناو جەرگی ئەو دێهاتانەی کە لە دامێنی چیاکانەوە خۆیان دەنواند لە ژێر دەم ئەو شاخەدا شوێن هەوارێک دیاری کرابوو. لای خەڵکی دێکە شتێکی ئاسایی بوو. بۆیە بە شەو و بە ڕۆژ سڵی لێ نەئەکرایەوە. ئەم شوێن هەوارە بە تاق و تەنیا دوور لە دێکەوە وەکو بوونی کورد کپ و کڕ لە تاقێکەوە سەیری ئەو ناوچە شاخاوییەوە،

ئەو گێتییەی دەکرد. سارد و سڕی سەرنجی هەموو ڕێبوارێکی ڕادەکێشا.

بەبێ ئەوەی ئەونهێنییەیان بۆ ساغ بووبێتەوە، دەیان پەرست، سامێک دەچووە ناخی دەروونیانەوە و بۆ هەر مەرازێک قوربانییەکیان پێشکەش دەکرد، ئەو هەموو ڕەچانەش لەو شوێن هەوارەوە بڵاودەبوونەوە و لە چەقی ئەو ڕووبەرەدا، یەکیان دەگرتەوە، شاڕێگایەکیان پێک دەهێنا.

ئەو شتەم زۆر بەلاوە سەیر بوو. بە تایبەتی کە بینیم ئەو کابرا لادێییە چۆن چوو توێکڵە دار و تۆزی خۆڵی لەو شوێن هەوارەی هانی و خۆڵەکەی بە ئاوەوە دەرخواردی منداڵەکەی داو توێکڵەکەشی کردە ملی کوڕەکەی. کە لێم پرسی وەڵامی ئەوەبوو: ئەگەر هاتوو ئەو منداڵە بەو خۆڵە گۆش بکرێ قەد نەخۆش ناکەوێت و ئەو توێکڵە دارەش بۆ کۆکەڕەشە باشە.

ویستم لەو نهێنییە بگەم. کاتێ بیری ڕاو خزایە مێشکمەوە سەر لە بەیانییەک خۆمم ئامادە کردو تاپڕەکەم کردە شان.

– با ئەسپەکەی لالە حەمەلاوت بۆ بێنم؟

– دوور ناکەمەوە تا ئەو شوێن هەوارەو دەورو بەرە دەچم.

– توێشەبەرە لەگەڵ خۆت نایەیت؟

– مەتارە ئاوەکەشم بۆ ئامادە بکە. خوا یاربێ، بێ نێچیریش ناگەڕێمەوە.

بەو نیازەوە لە ماڵ چوومە دەرەوە. لە دەوروبەری شوێن هەوارەکە بزنەکێوییەکم بەدی کرد. کەوتمە پاڕێزی. لێرەو لەوێ بەدەم تەقەکردنەوە شوێن پێم هەڵگرت.

(تاکو ئێستا گوللەم بەفیڕۆ نەچووە. ئەی بۆ ئەو بزنە کێوییەم بۆ ناپێکرێت؟) دۆڵ بە دۆڵ، شیو بە شیو، هەر بە دوایەوە بووم. زۆر ماندووی کردم. پێچی خواردەوە. کە لەگەڵیدا وەرگەڕام، بەر چاوم نەکەوت لێم ون بوو. وردە وردە گەڕامەوە بۆ لای شوێن هەوارەکە. لە ژێر سێبەری کەلاوەکەدا خۆم گرتەوە. ماندوێتی هەموو وزەیەکی لێ سەندبووم. پشتمدا بە دیوارەکەوەدا، کەوتمەبیرکردنەوە: (ئەم کەلاوەیە کە ئێستا پاشماوەی ئەو شارستانییە کۆنانەیە تاکو ئێستا بێ باک، بێ ترس ماونەتەوە.

دەبێ دەستی چ ئەندازیارێک نەخشەی کێشابن؟ دەبێ بە چەندین هەزار کورد ئەو خشتانە سەرخرابن؟)

بە دەم ئەو وردە ئەندێشانەوە خەو بردمیەوە. واهەستم کرد تێوەژەنرام. ڕاچەنیم:

(تۆ بڵێی خەوم دیبێ.)

گـوێم نەدایـە. دووبارە سـەرم نایەوە. دیسـان تێـوەژەنرام، وتووێژێک خـزایە گـوێمـەوە . ڕاپەڕیم. سـەرنجی هـەموولایەکی خـۆمـدا. هیچم بەرچاو نەکـەوت . بۆ سێیـەم جار خـەوم لێکەوت.

(هەستە، من ناڵێم لێرە مەنوو)

(هیچ شەرم ناکەیت، لەسەر ئێسک و پرووسکی مرۆڤ دەنوویت؟)

ڕاپەڕیم. هـەستم بـەدانەجیرەی هەمـوو ئێسـقـانەکان دەکرد. دەنگی قـەڵغـان و قـرمـەی شـیرو هـاژەی تیرو تەپ و تۆزی ژێر پێی سوار و پیادەکان ئاسمـانێکی خۆڵاوییـان لە پێش چاوم دروست کردبوو.

کـە بەرچاوم ڕوون بـووەوە. مـەیانی قـرمـەی لێـدوور کـەوتەوە. هەمـوو شـتـێک هێـمن و ئاسایش بووەوە. هەستم بەزەردەی ئێوارە کرد.

شنەی باو تەقینەوەی گۆپکەکان و ئاوسبوونی خۆری چاوەڕوانکراو خورپەی گیاڕەش، ئاوازی مـانی ئەو نهێنییـانەی بە گـوێمدا دەچرپاند، کە ئەو دارسـتـانە چڕە سـپـاردەی ئەو چپانە بوو.

بۆ دوور خستنەوەی ئەو وێنانە، دەستم کرد بە گۆرانی (ئەژدەهاک) وتن. جـارجار گـوێم دەگرت، هـاژەو وژەی ئەو مـەیانە لە مێشکمدا جێی خۆی گرتبووەوە. تاپڕەکەم کردە مل. ویستم بڕۆم. قاچم بەرخشتێک کەوت.

(تۆ بڵێی ئەمە شوێن خەزنە نەبێ.)

پاشگەزبوومـەوە و کەوتمە ڕامـاڵینی خـۆڵ. بۆنی هـەناسـەی زەوی شـێدار فرە بـە گـیـانم خۆش بوو خشت بە دوای خشتم هەڵکەند. پەنجەکانم دەچەقینە کرمی زەوی.

(سەیرە نێچیری من ئەو کرمانە بن.)

خـشـتێکی ترم هـەڵدایەوە، دەڕوانم وێنەی کـەللـەیەک و دوو ئێسـقـانی لێکدراوی پێوەیە، زانیم کوشندەیە. هێزمدا بەخۆم.

(ڕۆڵە ئەو کـەلاوەیە زۆر کوشندەیە. چـەنـدین کـەس ویسـتـوویەتی خـۆی پێ تاقی بکاتەوە تێدا چووە. گاڵتەی پێ ناکرێت. شوێن هـەوارێکی دێرینە. بە بیرەوەری من و باوکیشم کەس لەو نهێنییە نەگەیشتووە. دەبێ شـەخس بێ. شوێنێکی پیرۆزە.)

ئەو پیاوە ڕیش سپییە کە لە دیوەخاندا دانیشتبوو باسی ئەو شوێن هەوارەی دەکرد. پیاوێکی لێ هاتوو لەسەرخۆ بوو. خەڵکی دێکەش زۆر ڕێزیان دەگرت. بەدەم سیغار پێچانەوەوە باسی ڕاو و شکاری کردو وتی:

– ڕاوەشکاریش سەودایە کوڕی خاڵی.

بە چمکی فەقیانەکەی دەستێکی بەدەم و چاویدا هێناو ئینجا وتی:

– دەمەو بەیانییەک وەکو ئەمڕۆ بوو، بەنیازی ڕاوەوە خۆم ئامادە کرد و چوومە دەرەوە. وردە وردە گەیشتمە دەورو بەری ئەو کەلاوەیە. زۆر کەس لەوێدا بزنە کێوییەکیان بەدی کردبوو. لێم ببووە مەراق. موشووریم خوارد. کاتێ گەیشتمە ئەوێ بە چاوی خۆم بینیم. دوو سێ تەقەم لێکرد، کەچی نەمپێکا، شتێکی زۆر سەیر بوو، ڕاوچیم نەک گاڵتە.

مژێکی لە سیغارەکەی داو دانیشتوانی دیوەخانەکەش، قڕوکپ گوێیان بۆ ڕایاڵ کردبوو.

– نەم پێکا. لە مەراقاندا سێ مانگ نەخۆش کەوتم. هەریەکە قسەیەکی کرد. کەچی واش نەبوو. ئەم ناوچە کوردەوارییەی ئێمە بە ڕاستی پیرۆزە. بەڵام چی بڵێم لەگەڵ کوێرەوری و دوا کەوتووی ئەم ناوچەیەدا.

ویستی شتێکی تر بڵێت زنجیرەی قسەکەیان پێچڕاند. ڕووی دەمی تێکردم وتی:

– مامۆستا، جەنابتان شارەزا ترن، لەبەرە بەیانی مێژووەوە ئەم ناوچەیە هەر هەبووە، تەنانەت چەند سەحابەیەکیش لەم خاکەدا نێژراون ئیتر چۆن پیرۆز نابێت.

– پێش ئەو سەحابانەش هەر پیرۆز بووە

پەیتا پەیتا خۆڵم ڕادەماڵی هەستم بە تەنیایی کرد. ویستم دەستی لێ هەڵگرم، بەڵام هەناسەی شێ تا دەهات زیاد دەبوو. (کێ دەڵێ ئەمە کۆنترین ئەشکەوت نییە)

(ئەم گێتییە بە چەند چەرخێکدا تێپەڕیوە. لە هەر چەرخێکدا بنەماڵەیەک فەرمان ڕەوایی کردووە، هەریەکە بۆ خۆی، شارستانیەتییەکی دروست کردووە. کۆنترین و ڕەسەن ترین شارستانی، شارستانیەتی دۆڵی ڕافیدەینە.)

– ئەی مامۆستا ئەم ناوچەیەی ئێمە؟

قوتابییەک ئەم پرسیارەی لێکردم.

– بەڵێ شارستانیەتی باکوور لەگەڵ هی باشووردا تێکلاوییان هەبووە. بۆ نموونەش ئەشکەوتەکانی زەرزی و هەزار مێرد و شانەدەر و هی تریش، تاکو ئێستا دەستی زانستی

و پشکنینیان پێنەگەیشتووە. نموونەیەکی تریش تاکو ئێستاش وێنەی سەرجۆنی ئەکەدی لە شاخەکانی قەرەداخدا هەڵکەندراوە. ئەی شاخی بیستوون؟

ئەمەیان چی دەگەیێنێ؟ واتە سەرجۆن بۆ داگیرکردن هاتبوو ئەم شارستانیەتییە بخاتە ژێرڕکێفی خۆیەوە، بەڵام سەریدا لەبەرد.

لە گەرمەی خۆڵ ڕاماڵیندا، تاقێکم بۆ کرایەوە خۆزگەم بۆ چرایەک خواست. ئەو تاقەم پەیتا پەیتا، گەورە کردەوە. لە پڕێکدا دەستم بەرچەرخەکەم کەوت. گەشامەوە. دام گیرساند سەرنجێکی ناوەوەمدا. پێپلیکانەکان کشابوونەوە سەرەوە. چوومە ژوورەوە. دەسرەکەم بەستە لوولەی تاپڕە کەمەوەو ئاگرم تێبەردا. بوو بەمەشخەڵ. هەموو شتێک لەو شوێنە پیرۆزەدا سرەوتی نەبوو. نەخش و نیگاری جوان و نایاب لە نیگارەکانی وێنەگری کورد«مانی» دەچوو. خۆم خزانە ناوی ناوەوە. لە ناوەڕاستی هەیوانەکەیدا ڕاوەستام.

ژوور لەناو ژووردا بوو. چوومە پێشەوە. بە تەنیشت دەرگایەکەوە ڕاوەستام. شانم لێ توند کرد. کرایەوە. تەزوویەک بە لەشمدا هات. دووبارە لە ناخی ناخمەوە، یەکێک پێی دەوتم: بگەڕێرەوە، بەڵام ئەو ژوورەشم بەجێهێشت. بە ڕاست و چەپدا ڕووانیم. کیسەنانەکەم کرد بە مەشخەڵ. خۆم لەناو ژوورێکی پان و بەریندا ناسییەوە. ئەستوون بە تەنیشت ئەستوونەوە. سەکۆیەکی بەرز چەند پەیکەریکی ورد و درشت لەبەردی ئەو چیا بەرزانە تاشرا بوون. قوڕی سوورەوکراو و بەرد و چەرم بە مۆری لوولەیی مۆرکرا بوون. جووتێ چاویش لەولاوە چاوی بڕیبووە چاومەوە. پەراسووە چەماوەکان لە ژێر لیزمەی بەرد هەڵگرتندا وزەیان لێ بڕابوو.

کەوتمە پشکنین. لە ئەنجامدا دەستم بەر سندووقێکی مۆمیا کراو کەوت. لەولاشەوە وێنەی دایکێک دانرابوو کە مەمکە قیتەکانی مایەی ژیان بوون. سندووقەکەم هەڵگرت و بەپژەکاندا سەرکەوتمەوە.

خۆر ڕمێ بەرز ببووەوە. هەستم بەنەرم و نۆڵی دار و بەردی زەوی دەکرد. هەستم بەبوونی خۆم و گۆپکەکان کرد. سندووقەکەم کردەوە چیرۆکی بوونی گێتی دووەمی تێدا تۆمار کرابوو. لەگەڵ ئەوشدا، قەلە ڕەشێکی پێشێل کراوە و کۆترێکی مۆمیا کراو گەڵایەک بە دەنووکییەوە بوو. ئەم چەند وشانەی لەسەر تۆمار کرابوو:

پاپۆڕەکەی (نووح) لە شاخی (جوودی) دوای لافاوە هەرەگەورە کە گیرساوەتەوە.

# هەڕاجخانە و فاوڵکردن

(١)

لە کونجی بازاڕی هەڕاج خانەکە، لەسەر لێواری ئەو شەقامە تەزیوەدا، دەست بە ئەژنۆ دانیشتبوو. چاوی لەو مزرەمەنیانە بڕی بوو کە لە بازاڕی هەڕاج خانەکەدا هەڵڕژابوونە سەر حەسیرەکان.

(خۆزگە دەمزانی بۆچی لێی ناخۆن؟)

گرەبای هاوین نوقرچی لە ڕوومەتی دەگرت. کەوتە چاوهڵگلۆفتن لەبەرخۆیەوە وتی:

– گوایە چۆن لێی ناخۆن؟

چاوی گێڕا.

– خۆ بە هەوڵدان نییە.

دەروونی تا دەهات هەڵ دەقووڵا. هەستایە سەرپێ.

بە دەنگێکی بەرزەوە وتی:

– هێڵی یەکسان درۆیە.

– بە چەند بارێکدا گۆڕان و دەگۆڕێن.

کابرای کرێکار گوێی لە قسەکەی بوو، لەبەرخۆیەوە وەڵامیدایەوە

– بۆ ئێمەمانان دروست کراوە.

هەراو هۆریای هەڕاجخانەکە تا دەهات بەرز دەبووەوە.

– تەنیا ئەو هەڕاجخانەیە ڕاستە.

– ژیان خۆی هەڕاجخانەیە.

پیاوێکی مەست لەولاوە ئەوەی وت.

– ژیان هەر بۆ تۆ باشە. خەم. خەفەت کێشەی چیت هەیە؟

– زۆر جار کەمەست دەبم وا هەست دەکەم ئەم گەردوونە خۆم دروستم کردووە. جاری واش هەیە خۆم لەناو قاپێکی ئارەقی سەر مۆردا دەبینم.

گەرمای نیوەڕۆ و تیشکی ڕاستەوخۆی خۆر کە دەیدا لە ڕوومەتی ئەوەندەی تر بیری دەشلەقاند.

– من دەزانم بۆچی پەستن.

– چونکە مەستن. دەبا بەیەک دەنگ بڵێین بژی مەستی.

**(٢)**

– نازانم بۆچی ئەوەندە بێزاری؟

– ژیان شووشەیەکی پڕ لە ئاڵەتە.

کاتێ هەردووکیان بەلایدا تێپەڕین، ئەو قسانەیان دەکرد.

– ئەوە چیتە؟

– هێڵنجم دێ.

ویستی بڕشێتەوە.

– کێبێ لە سەرگوزەشتەی من بگات؟

هەستی بە ئاوارەیی و تەنیایی دەکرد.

– چاکی شکور؟

دەستی خستەوە سەرشانی و لێی پرسی. بێ ئەوەی لای لێ بکاتەوە وەڵامی دایەوە.

– ئێستا چۆنی؟

– نەچاکەتی کەسم سڕیوەو نەلێفەم لەسەر هەتیو هەڵداوەتەوە.

– ترۆمبێلێکی جوانە.

– بۆ من دەزانم دەرگاکەی چۆن دەکرێتەوە؟

– دەرگا کردنەوەت بۆچییە. سەیرکە. زانینی پێ ناوێت؟

– دەرگا لە خەڵک داخستن زۆر ستەمە.

**(٣)**

ئۆتۆمبێلێکی سووری فیات لەولاوە ڕاوەستا. سێ ئافرەتی لێ دابەزییە خوارەوە.

– نیو سەعاتێکی کە وەرە بە دوامانداا.

شوفێرەکە وەکو شێت پێی پێداناو لێی خوڕی.

ئەو خەڵکەش شۆستەکەیان بەجێهێشتبوو بەناو شەقامەکەدا دەڕۆیشتن.

– مەگەر ئێمە خۆمان لە خەڵکی لادەین. وا دەزانن لۆکەیە.

شوفێرەکە ئەمەی لەبەر خۆیەوە وت.

ئافرەتە خنجیلانەکەش سەرنجێکی ئەو بازاڕەی داو بە پەیژەکاندا سەرکەوت.

– ئەوەیان جوان بوو.

– بزانە ئەم شەو قسمەتی کێیە؟

– ئێ دەزانم مەسەلە سێکسەکەیە.
– تۆ بڵێی بۆ پارە بێ؟
– نەخێر هەوەسی توخمە.
– ئاواتی هەموو لاوێکە.
تەمەنی درێژ بۆ منداڵەکانت.
– جا بۆ ئەم گومان کردنە؟
– لە منداڵییەوە وا فێرکراوین.
– ئەی چار؟
مژی لە جگەرەکەی داو ئینجا وتی:
خانووەکان، تەلارەکان، باخچەکان، دڵداری، خۆشەویستی، شەڕوشۆڕ، ئاشتی، هەموو بۆ یەک مەبەست، لە بازنەی خۆیدا دەخولێتەوە.
– لەم تەمەنەدا؟
– هیچ پەیوەندییەکی بەکات و شوێنەوە نییە.
– ئەی چییە؟
– ژیانە، خەڵەتاندنە.
– تێ ناگەم؟
– دەم خەڵەتێنی. ئینجا لە پاشاندا پێم پێدەکەنی.
پێچیان خواردەوە، لەبەر دەرگای دووەمی هەڕاجخانەکەدا، لەگەڵ ئەو خەڵکەدا وەستان.
ڕووی دەمی لە هاوڕێکەی کرد و وتی:
– ئەی وانییە؟
– ئێستا باوەڕم کرد کە زەوی خڕە.
خۆیان کرد بە چایخانەی هەڕاجخانەکەدا.

**(٤)**

ئەو کابرا دەست بە ئەژنۆیە هەموو ڕۆژێک وەکو فەرز سەری لەو چاخانەیەدەدا. هەموو جارێکیش چایەکی روون روونی بێتامی بۆ تێدەکرا.
– بە یارمەتیت.
– فەرموو.

جارێک و دووجار نەبوو داوای ئاگری لێکردەوە.
(بەڕاستی ئەمەیان پیاو بێزار کردنە. بڵێ بۆ چەرخێک لەگەڵ خۆت هەڵناگری.)
– زۆر داواکردن لەخوا باشە.
کابرای تەنیشتی بۆڵەیەکی لێوە هات.
– ئەگەر نەمبێ بڵێم چی.
– بکرە.
وردەم پێنییە. پارەکەشم لە ماڵەوە بەجێهێشتووە.
درۆی لەگەڵدا کرد. درۆکەی بە نرخێکی هەرزان فرۆشت.
ویستی بیخەڵەتێنێ. خەڵەتاندن و تەفرەدانی یەکتر دروشمی ئەم سەردەمەیە.
(ئەگەر لەناو قاپی توخمدا مەلەوانیم بکردایە، وەک ئەم و ئەو هەی هوو کاکە ئێستا لە کوێ بووم درۆکە باشترە)
– تاکەی ئێمە وابین.
کابرای دەست بە ئەژنۆ نەیهێشت هاوڕێکەی وەڵامی بدانەوە وتی:
– تەنیا درۆیە مرۆڤ سەردەخان. ئەگەر باسی سەرگوزشتەی خۆمتان بۆ بکەم. هێڵی یەکسان درۆیە.
ئەگەر چەوساندنەوە نەبێت تەلار دروست دەکرێت؟
بێ دەنگ بوون.
پشتی تێکردن. (ویستی لەو جیهانە نالەبارە دوور کەوێتەوە. کۆن لە ژێر تەرزی تازەدا بنێژێت)
لەگەڵ تەلەفزیۆنەکەدا ئولفەتی گرت. چاوی لە فیلمی تۆپ تۆپێن بوو.
کاتێ لە شاوور درا، دانیشتوانی چاخەنەکە هاواریان لێ هەستا، ئەم وریا بووەوە.
– چی بوو؟
– لە فاوڵ زیاتر دەبێ چی بێ.
– ئێمە ڕۆژی پەنجا فاوڵ دەکەین کەچی باس باسی دایکی عەباسە.
– بەخوا قاچی بە ئاستەم لە هێڵەکە کەوت.
یاریکەرەکە لە حەکەم مۆڕ بووەوە.
– من لە هێڵی سزا دوور بووم، بەرگری یەکەم بە ئەنقەست خۆی خست، هاتە پێشەوە.

هەواڵنامەی کتێب

دووباره له شاوور درایەوه. دەست بەیاری کرایەوه. یاریکەرانی وەرزش هەموو به جارێک به دوای تۆپەکەوه بوون.

تەماشاکەرانیش.زۆر به گەرمییەوه چەپڵەیان لێدەدا.

– حەکەم لایەنی ئەو لایەیان زۆرتر دەگرێت.

دانیشتوانی چاخانەکه به تەواوی لەناو یارییەکەدا ون ببوون خێرا خێرا هاواریان دەکرد و چەپڵەیان لێدەدا. یەکێکیان هاواری لێ هەستا.

– گۆڵ.. گۆڵ.. بەخوا گۆڵ.

– نەء بابه گۆڵی چی؟

– گرەو ئەکەم.

له شاوور درا یارییەکەیان ڕاگرت. حەکەم بەو گۆڵە قایل نەبوو. ڕووی دەمی لەیاریکەرەکه کرد:

– ئەم جاره پاشقوڵ له یاری کەرەکه بدەی دەرت دەکەم.

– نەموت گۆڵ نییە.

– تیپێکی سەر پله.

– نای باتەوه.

– هەڵەیان زۆره.

– کوڕه چۆن سەردەکەون. کوا یارمەتی یەکتر دەدەن؟

خۆی پێڕانەگیرا ویستی بڕشێتەوه.

– ئێوه دروشمی وەرزش دەزانن چییە؟

– سەیری ئەم کابرایه کەن باسی ساڵی کوللەکەم بۆ دەکات.

– یاری دەبێ دروشمی چیبێ.

– ده وس به مەگەر له مەکتەب نەمان خوێند.

– دروشمی وەرزش ئەوەیە: خۆشەویستی، یاسا، ڕەوشت.

– ده بهێڵن با چاومان لێی بێ.

یەکێکی که لەولاوه خۆی هەڵقورتاند.

ئەو وێنانەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی چاخانەکه بەدی کردبوو.

(گێتییەکی گەوره لەناو گێتییەکی بچووکدا، ڕووبەرێکی گەوره لەناو ڕووبەرێکی تەسکدا. گێتی گەوره به چەند هێڵێکی ئەندازەیی کێشراوه. هێڵ لەناو هێڵدا، سنوور لەناو

هەواڵنامەی کتێب

سنووردا. کێ دەتوانێ لەناو پێستێ خۆی بجووڵێتەوە.)

یاریکەران جارێک بەلای راستدا بە دوای تۆپەکەوە بوون جارێک بەلای چەپدا.

(ڕاست، چەپ. چەپ، ڕاست هەردووکیان تێهەڵکێشن بە ئارەزووی خۆتە. هەبوو چەپی بەردا چووە لای راست، هەش بوو ڕاستی بەردا چووە لای چەپ، هەشە تاکو ئێستا لەناو هیچ کامیاندا خۆی نەدۆزیوەتەوە.)

دانیشتوانی ناو تەلەفزیۆنەکە فیکەیان کێشا.

حەکەم ناچار بوو یاریەکە بووەستێنێ. دەستی پێ کردەوە. لە شاوور درا.

– خێر هەمیسان چی ڕوویدا؟

– لە فاوڵ زیاتر دەبێ چی بێ.

– پەنەرتییە، پەنەرتییە؟.

## (٥)

یارییەکە کۆتایی نەهاتبوو، بەجێیان هێشت. کەوتنە پیاسە کردن.

– بەکام لادا برۆین؟

– نازانم.

– چی نازانی؟

– ئەی هەموویان تاقی نەکردەوە؟

– بەرەڵاییە.

– هەموو شتێ لەدەورو بەری خۆیدا دەخولێتەوە.

– یاسا نەبێ فاوڵ زۆر دەکرێ.

– ئەنجامی فاوڵکردن دۆڕاندنە.

– ژیانمان هەموو فاوڵە.

– ئەگەر بێت و – مەریخ –.

– دەبڵێ ئەستێرەی سیوەیل.

نەکەی پێ بری.

– ئەگەر بێت و ئەستێرەی سیوەیل لە جێگای خۆی بترازێ.

– واتە لە یاسای خۆی دەردەچێ.

– چی هەیە لەم گێتییەدا بێ یاسا بێ.



هەواڵنامەی کتێب

– مەگەر مرۆڤ و فاوڵکردن.

لەسەرخۆ هەنگاویان دەنا.

– تۆ نەخۆشیت.

– چیرۆکی – مرۆڤی قالۆچە – ت خوێندۆتەوە. هەست کردن زیاد لە ڕادەی خۆی نەخۆشییە.

– ئەی وانییە.

– بەچیدا زانیت؟

– کەی مرۆڤ سەرکەوتوو دەبێت؟

کاتێ خۆی بناسێتەوە.

– گوایە شتی واش هەیە؟

– ئەگەر کوێر نەبێ، کوێری دەروون.

**(٦)**

کوێرێک بەسەر شۆستەکەدا دەرۆیشت. دار دەستەکەی ڕێ پیشاندەری بوو. هەرزکارو منداڵە وردەکان، فیکەیان بۆ دەکێشا.

پیاویش هەبوو توانجی تێدەگرت.

جار جاریش هانی منداڵەکانیان دەدا بەردی تێبگرن.

کوێرێکی لەسەرخۆ بوو. جوێنی بەکەس نەدەدا. ناچاریان کرد. داچەمێتەوە بۆ زەوی و بەردێکی بەرچنگ کەوێ. چونکە لە سنووری دار دەستەکەی بەدوور بوون. کاتێ ساتمەی کرد؛ پیاوێکی قۆشمە وتی:

– بەڕاستی دەڵێی کوێرە. بەر پێی خۆی نابینی.

یەکێک لەولاوە بەو قسەیە پێکەنی.

(پێکەنین باجی لەسەر نییە.)

کابرای کوێر لە تەنیشت دار تەلەکەوە ڕاوەستا. هەستی گرت. وتی:

– خۆزگە ئێوەش وەکو من کوێر بوونایە.

– کاکە تۆ کوێر نیت. ئەوان کوێرن.

– گوێ بگرن حکایەتێکتان بۆ بگێڕمەوە (دەورو بەریاندا) ڕۆژێکیان سەگێکی پیر لە قەراغ ئەو شەقامەدا کەوتبوو لێیان پرسی:

ڕۆژی چەند بەردت تێدەگرن. دەزان وەڵامی چیبوو؟

– وەڵامی چیبوو؟

هەموو بەیەک دەنگ ئەوەیان وت.

بەقەد ژمارەی زۆڵی ئەم سەردەمە.

کوێر کەوتەڕێ. توێکڵە شووتییان تێدەگرت. گوێی نەدایە.

ئەو شوێنەی بەجێهێشت. سەیرێکی هاوڕێکەی کرد و بزەی ڕق لەسەر لێوەی تۆمار کرا.

(هەموو شتێک کورت دینێ تەنها ڕەوەشت نەبێ.)

– لە کوێوە بڕۆین؟

– بۆ کام لا بڕۆین؟

– لێرەوە باش نییە.

**(٧)**

– بڕۆ بۆ کوێ دەڕۆی بڕۆ؟

– قریشکانی بەسەر مێردەکەیدا.

– کچێ ئابڕووت هەبێ بۆ کوێ بڕۆم؟

– ماڵ ماڵی خۆمە، بێوەژن کۆشی دەکەم. خۆم و منداڵەکان دەژێنم. خۆ خوا هەیە. من بەجێیان ناهێڵم. بڕۆ نابێ لەم ماڵە بمێنێتەوە.

– بشمری دەستت لێ هەڵناگرم.

بەرەو بەلووعەکە دەڕۆیشت. کۆمەڵێک کەلوپەل لە باوەشیدا بوو مێردەکەشی ناچار ملی خۆی کەچ کرد.

سەرکەوت بەژووری سەرەوەدا. لە دڵی خۆیدا چەندەین بڕیاری هەمە جۆری دەرکرد. لە بۆشاییەکدا دەخولایەوە.

(بێ ئیشی سەر لە مرۆڤ دەشێوێنێ.)

ویستی بنوێت، بەڵام نەنووست. هەستایە سەر پێ. لەو پەنجەرەیەی سەرەوە سەرنجێکی دەرەوەیدا ئارامی نەگرت. دانیشتەوە دەستی برد ڕادیۆکەی کردەوە:

– (ئافرەت هەوێنی ژیانە. ئافرەت نەبێ خێزان دروست نابێ. بەڵکو بەختەوەر نابێ. پێویستە لە هەموو کون و قوژبنێکدا. پەیکەری بۆ دروست بکرێ. لە پەرستگاکانی ژیاندا بپەرسترێ. دوا کەوتنی ئافرەت دواکەوتنی کۆمەڵە. دواکەوتنی کۆمەڵ، دواکەوتنی پێشکەوتنە.)

– (هەموومان وا دەڵێن. ئافرەت و ماف. ئافرەت و کۆمەڵ. ئافرەت و پێشکەوتن. کام

پێشکەوتنە. ئەی ئەو گورگانە کە بە دوای نێچیردا دەگەڕێن.) ئەم چەرخە بۆتە قاپێ توخم گەورە و بچووک مەلەی تێدا دەکات. ئەی ڕەوشت. ئەی نەریت، لە کوێ ما.

بۆڵە بۆڵی ئایشێی ژنی ئەو بیرکردنەوەی لێ پچڕاند.

ڕادیۆکەی داخستەوە.

– چیم لە ئافرەتەکانی تر کەمترە.. تەلاقمدە. دەستم لێهەڵبگرە.. نەبۆ ماڵ. نەبۆ منداڵ. نەبۆ من نیت هەرخۆتت خۆش دەوێ.. بۆ هیچ شتێ ناشێیت.

– کچێ لەسەرخۆ ئابڕوومان چوو؟

(لە چەقی کۆڵانەکەدا ڕاوەستا بوو. وەرەقەی تەبلیغی بەدەستەوە بوو.)

جگەرەیەکی داگیرساند و گەڕایەوە، لەسەر نوێنەکەی، ڕاکشا گوێی بۆ ڕادیۆکە شل کرد.

(بەڵام کێ بێ ئەو سنوورە بشکێنێ. من.. تۆ.. کچی من.. کچی تۆ.. خوشکی من.. خوشکی تۆ.. چ سنوورێک. بەڕەڵایی.

نەخێر. ئەی کێ بێ لەم کۆمەڵە دواکەوتووە. بتوانێ خۆی بکات بە قۆچی قوربانی.)

لێی ورد بووەوە گوێی گرت.

(کێ بێ ئەو سنوورە بشکێنێ؟ با لە خۆمانەوە دەست پێبکەین.)

– هەموو درۆ دەکەین.

هەراجکردن و هایکردن و چەپڵە لێدانی دانیشتوانی چاخانەکەو وتووێژی بێ سوودیان و تاوڵە و دۆمینەکردنی لاوەکان گەشتێکی ناسازی بۆ خوڵقاندبوو. ویستی بگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵەی کە بەجێی هێشت بوو.

– (هەموو شتێک لە بازنەی خۆیدا دەخولێتەوە. تەنانەت دەست بەتاڵیش.)

ئەمەی وت ڕاچەنی.

– وەڕس بووی؟

هاوڕێکەی پێی وت.

– بابڕۆین.

– بۆ کام لا؟

وەرچەرخان. خۆیان لەناو زەخمی هەراجخانەکە گرتەوە. (کابرای دەست بە ئەژنۆ)و هەزارەهای وەکو ئەو چاو و نەفسییان لەو مزرەمەنیانەبوو.

کابرای داماو بەسەرە لەرزێ، هەستایە سەرپێ. توانی ئەویش وەکو ئەمان جێگای خۆی

لەو قـەڵەباڵغـەدا بكاتەوە. هـەمـوو بە زمـانی پان و درێژ خـۆیان شـەتـەک دابوو، لەغـاوەی دەمیـان لیكی پێدادەهاتە خوارەوە، بەو نیـازە هاتبـوون هـەڕاجـخـانەكـە بەدار و بەردییـەوە بگوێزنەوە بۆ خۆیان.

كابرای دەست بە ئەژنۆ، لێوی خۆی گەست. لە پاشان قیژاندی بە سەریاندا.

– دزن. هەرچی خاسە بۆ مام هەیاسە.

كـەس نەبوو گـوێ بۆ قـسـەكـانی بگرێت. بە هەڕاج و هایكردن مـێشكی شـڵـە قـاویان تەریبدا.

– هـەڕاج.. هـەڕاج.. هـەرزان و تـاڵان.. بە ئێـوەوە هـەڕاج خـانـەكـەمـان گـەرم دەبێ.. هەڕ ڕاج.

چووە پێشەوە. دەستی خستە سەرشانی ئەو بە دڵی وریاو سەركزە وتی:

– ڕاستە. ئەمەیان ڕاستە.

– چی ڕاستە؟

هاوڕێكەی لێی پرسییەوە.

– ژیان خۆی هەڕاجخانەیە.

كابرای مەست وەڵامیدایەوە.

– هەڕاج. هەڕاج.. سـەیركـەن.. وەرن.. تەمـاشـاكـەن ئـەو بووكەشـووشـەیە.. ئەو سـەعاتە گەورەیە.. ئەو قـەرەوێڵـەیە.. ئەو ژووری نووسـتنە.. ئەو بارۆكەیە.. ئەو سـوراو و سپـیاوە.. ئەو قەوانانە.. ئەو داو دەرمانە.. ئەو..

دەست نیشـانی هەموو پێویستییەكانی ژیانی كرد. ئەو خەڵكە بێدەنگ سەیری یەكتریان كردووە لچیان لێ هەڵقورتاند بازاڕیان چۆڵ كرد. هەر یەكە بەپێی بۆ چوونی خۆی، بیری دەكردەوە.

– بۆیان بكرێ مرۆڤیش هەڕاج دەكەن.

(كابرای دەست بە ئەژنۆ ئەوەی وت)

– نەخێر ئافرەت، چۆن تەڵاقت دەدەم. نەوەك تۆش هەڕاج بكێیت.

(لایەنگیری مافی ئافرەتەكە ئەوەی وت)

– بە دەسـتی مـن بێ هـەمـوو سنوورەكـان تێكدەشكێنم، بەری خـواردن و خـواردنەوەو سێكس بەرەڵا دەكەم.

(كابرای مەست ئەوەی وت.)

هەواڵنامەی كتێب

- یاخی بوون له هەموو کۆتێک دروست کردنی بەرەڵاییە. ڕووخاندنی کۆمەڵە.
(ئەوەی کەیان ئەوەی وت)
- ژیان، بەبێ یاسا واتە مردنە. چاوخێلێ لە شاری کوێراندا پاشایە.
- وەرزش بەبێ دروشم دۆڕاندنە. دانیشتوان هەموو چەپڵە لێ دەدەن.
- بەر بەرەڵڵا کردنی ئافرەت نەهێشتنی توخمی ئینسانە. ژنەی بۆڵە بۆڵ کەرە، ئەوەی وت.
- نەبوونی حەکەمی بێلایەن، نەدۆزینەوەی ڕێگای ڕاستە. بایەخنەدان بە هۆش و بیر سەرگەردانی دەخوڵقێنێ.
کابرای ڕۆشنبیر ئەوەی وت.
- زۆر جوان هەیە مێش و مشکی کۆڵانان بۆنی پێوە دەکات.
ئەو ئافرەتە مەزەدارە ئەوەی وت.
- ژیان وەکو ئەم ئۆتۆموبێلە وایە ئەگەر سەرنەکەوی و جێی پێی خۆتی تێدا نەکەیتەوە بەجێت دەهێڵێ و دوا دەکەوی.
کاکەی شووفێر ئەوەی وت.
- بەهەر لایەکدا دەڕۆن و دەڕوانن ئاگاتان لە تیشکی خۆربێت.
با ڕۆژ ببیتە پەرستگاتان.
کاکەی کرێکار ئەوەی وت.
- تف و لەعنەت لە هەڕاج و هەڕاجخانە بێت، تف و لەعنەتی ئۆدیبم بەرکەوێ کە جارێکی کە، بە دڵسۆزانە هەڕاج و مەزاد بکەم چیم دەست کەوت.
شاگردی هەڕاجخانەکە ئەوەی وت.
کاتێ ئاوڕیان دایەوە. هەڕاجخانە چۆڵ ببوو، کەسیان لە دەورو پشت نەمابووەوە. لەڕۆشنبیرەکە و کرێکار و دەست بە ئەژنۆ و کاکەی شووفێر و کوێرەکە زیاتر.

**سەرچاوە: محەمەد ئەمین ئەحمەد، ئەبێ و نابێ ڕایەکی زمانەوانییە. کۆمەڵە چیرۆک، چاپخانەی کامەران، سلێمانی ١٩٧٧.**

**١- تەقینەوەی گۆیکەکان و ئاوسبوونی خۆر، ل: ٧٠ تا ٧٧.**
**٢- هەڕاجخانە و فاوڵکردن، ل: ٧٨ تا ٩٥.**

هەوالنامەی کتێب